
# ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی


ئەلبورز ڕۆئین‌تەن



# ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی

## ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

کوردستان ٢٠٢٢




# ئایدۆلۆژی کوردایەتی

نووسین: **ئەلبورز ڕۆئین تەن**

پێداچوونەوەی زمانەوانی: **بێهزاد قادری**

دیزاین: **هۆزان**

ساڵی چاپ: **٢٠٢٢**

پێشکەشە بە

ڕووحی پاکی شەهید لوقمان مێهفەر

مامۆستای کوردایەتی

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا | ١١ |
| سوسیالیزم | ٣١ |
| لیبراڵیزم | ٥٧ |
| ناسیۆنالیزم | ٧٥ |
| ناسیۆنالیزمی ئێرانی/ فارسی | ٩٥ |
| ناسیۆنالیزمی کوردی | ١٠٥ |
| ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی | ١١٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٣٣ |

# پێشەکی

ئایدیۆلۆژیـــاکان بـــە واتـــای چوارچێوەیەکـــی تیـــۆری، وێـــڕای دیاریکردنـــی ئـــەو دونیابینییـــەی کـــە مرۆڤـــەکان هەیانـــە، شـــوێندانەری لەســـەر ڕێکخســـتنی هێـــزی مرۆیـــی هەیـــە، هەروەهـــا ئـــەو هێـــزە بـــەرەو ئامانجەکانـــی ئایدیۆلۆژیـــا ئاراســـتە دەکات، بەشـــێک لـــەو ئایدیۆلۆژیانـــەی کـــە دونیـــای سیاســـی و هزریـــی ئەمڕۆیـــان بـــەدی هێنـــاوە، توانیویانـــە ئـــەو ڕۆڵـــە بگێـــڕن. لێوردبوونـــەوە لـــە چۆنیەتیـــی داڕشـــتن و بەکارهێنانـــی ئـــەو ئایدیایانـــە، وا دەکات لەلایـــەک باشـــتر لـــە سیســـتەمە سیاســـییەکان و هـــزری سیاســـیی بیرمەندانـــی جیـــاواز تێبگەیـــن، لەلایەکـــی دیکـــەوە چوارچێـــوەی ڕامانمـــان بەرامبـــەر بـــە تیۆرییـــە جیـــاوازەکان بەرفـــراوان دەکات و بـــە دیدێکـــی کراوەتـــر دەتوانیـــن هزرێکـــی سیاســـی یـــان

بەشێک لە هزرێکی سیاسی تاوتوێ، پەسەند یان ڕەت بکەینەوە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر بۆ تاکێک کە لە خەباتێکی سیاسیی زۆر گرینگ بەشدارە کە ئازادیی نەتەوەیەکی پێوە بەستراوەتەوە، پێویستە ئەو چوارچێوەی کە بۆ خەبات دیاری کراوە باشتر بناسێت، تەنانەت ئەگەر لە توانایدا بوو هەوڵ بدات هێڵەکانی ئەو چوارچێوەیە بە شێوەیەکی دروست لەسەر بنەمایەکی زانستی، سەردەمیانەتر، ڕەواتر و ڕوونتر شرۆڤە بکات کە بە تەواوی ڕەنگدانەوەی پرسەکانی کۆمەڵگە یان پرسی سەرەکیی نەتەوەکەی بێت، هەتا بنەمای تیۆریی خەباتەکەی بەهێز بکات، تەنانەت گرینگتر لەو بابەتە، چۆنیەتیی بەجەماوەریکردنی تاوتوێ بکات. بۆ هەر کوردێک کە بیری کوردایەتی لەسەریدا بێت، خولیای ئازادیی نەتەوەکەی بێت، ئەو چوارچێوەیە یان بنەمای تیۆرییەکەی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتییە، هەر بۆیەش نووسین لەو بوارە بۆ ئەوەی ئەو هزرە لەنێو کۆمەڵگە زیاتر پەرە بستێنێت گرینگە، بەڵام بۆ شرۆڤەکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە، پێویستی بە ناسینی ئایدیۆلۆژیاکان و دواتر ناسینی پرسی نەتەوەکەمان کە ئازادیی گەل و نیشتمانە، هەیە. لەو نووسینەدا وێڕای ئەوەی کە بە شێوەیەکی کورت لەسەر چەند ئایدیۆلۆژیا کە لە ژیانی مرۆڤایەتی شوێندانەربوون نووسراوە، لە بەشی کۆتاییدا بۆچوونەکانم لەسەر ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی خراونەتە بەر دیدی خوێنەر؛ بێگومان ئامانجی ئەو نووسینە زۆر لە قەڵەمی کرچ و کاڵی نووسەر گەورەترە، بەڵام پێویستی و گرینگیدان بەو بابەتە

بــە تایبەتــی لــە ســەردەمی شــەڕی نەرمــی بەردەوامــی دوژمــن بــۆ دژایەتــی و چەواشــەکردن و بەلاڕێدابردنــی کوردایەتــی وا دەکات، بــە ڕێــژەی توانــا لــەو بــوارەدا بنووســین، بــە هیــوای ئــەوەی کــە بەســوود بێــت.

ئەلبورز ڕۆئین تەن
٨.٠٥.٢٠٢٢ دانمارک

# سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا

*سەرەتاییترین پێناسەی ئایدیۆلۆژیا لەوانەیە ئەو وتەیەی «مارکس» بێت کە لە کتێبی سەرمایە هاتووە: نازانن چییە بەڵام ئەنجامی دەدەن.*

*سلاڤۆ ژیژەک*

یەکێــک لــەو چەمکانــەی کــە ڕۆژانــە لــە وتــاری سیاســی و خوێندنــەوەی زانســتە مرۆییــەکان بــاس و گفتگــۆی لەســەر دەکرێــت، ئایدیۆلۆژیــا یــان ئایدیۆلۆژیــا جیاوازەکانــن کــە بــە جۆرێــک لــە شرۆڤــەی سیســتەمێکی سیاســی یــان چۆنیەتیــی بەڕێوەچوونــی وڵاتێــک هاوکاریــمان دەکــەن. زیاتــر لــەوەش ئایدیۆلۆژیــا جیــاوازەکان کــە پەیوەندیــی ڕاســتەوخۆی بــە کــرداری سیاســییەوە هەیــە وێــڕای خوێندنــەوەی ورد بــۆ ئێســتا و دوورەدیمەنــی داهاتــوو، ئاخێزگــە یــان گەوهــەری چۆنیەتیــی بیرکردنــەوەی سیاســی یــان کــرداری سیاســیی تــاک و کۆمەڵگەکانمــان نیشــان دەدات و پێــمان دەڵێــت کــە بڕیارەکانــی حکوومــەت یــان حکومــڕان یــان بیــردۆزی سیاســی و فەلســەفی لەســەر

چ بنەمایـەک یـان لەسـەر چ چوارچێوەیەکـی هـزری داڕێـژراون. ئەگـەر لـە وڵاتێکـی وەک کۆمـاری چیـن دەسـت بـۆ هەمـوو بوارەکانـی ژیانـی دانیشـتووانی چیـن درێـژ دەکرێـت، بـۆ ئـەو بنەمایـەی ئایدیۆلۆژیـای سوسـیالیزم دەگەڕێتـەوە کـە پێـی وایـە دەبـێ حکوومـەت دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا هەبێـت، یـان ئەگـەر ئازادییەکانـی تـاک لـە وڵاتێکـی وەک ئەمریـکا بـۆ بنەماکانـی ئایدیۆلۆژیـای لیبراڵیـزم دەگەڕێتـەوە کـە بـاوەڕی بـە ئازادیـی تاکەکەسـی هەیـە و پێـی وایـە نابـێ دەوڵـەت دەسـتێوەردان لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـی تاکەکەسـی بـکات.

خوێندنـەوەی ئایدیۆلۆژیـاکان سـەرەتای تێگەیشـتن لـە کـرداری سیاسـی لـە وڵاتانـی جیـاواز دێتـە ئەژمـار، لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر مەبەسـتی ئێمـە کۆمەڵگـەی خۆمـان بێـت، هاوکاریـمان دەکات بـۆ ئـەوەی لـە پێداویسـتییەکانی دۆخـی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگەکەمـان تێبگەیـن، بـۆ ئـەوەی باشـتر بزانیـن ڕاسـتییەکانی کۆمەڵگـەی ئێمـە لەگـەڵ کام چوارچێـوەی ئایدیۆلۆژیـا دەگونجێـت یـان پێویسـتی بـە داڕشـتنی ئایدیۆلۆژیایەکـی تایبـەت بـە دۆخـی کۆمەڵگـەی خۆمـان بـۆ ئـەوەی وڵامـدەری پێداویسـتییەکانی کۆمەڵگەمـان بێـت هەیـە، یـان لـە هـەر ئایدیۆلۆژیایـەک چـی بـۆ بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگەمـان بەکەڵـک دێـت. هـەر بۆیـەش لێکۆڵینـەوە و لێوردبوونـەوە لـە چەمکـی ئایدیۆلۆژیـا کـە چییـە و لـە کوێـوە هاتـووە، وێـڕای ئـەوەی یارمەتیـمان دەدات باشـتر لـەو چەمکـە تێبگەیـن، دوورەدیمەنـی ئایدیۆلۆژیـا و ئایدیۆلۆژیـا سیاسـییەکانیش بـۆ ئێمـە ڕوونـتر دەکاتـەوە.

«وشــەی ئایدیۆلۆژیـا وشـەیەکی نوێیـە کـە لـە دو وشـەی یۆنانیـی eidos و logos پێـک دێـت کـە دەتوانرێـت بـە واتـای زانسـتی ئایدیـاکان پێناســە بکرێــت.»[١] بــەڵام بــۆ تێگەیشــتن لــە چەمکــی ئایدیۆلۆژیــا وەک هــەر چەمکێکــی دیکــە زانســتە مرۆیــی و کۆمەڵایەتییــەکان، بــە ســەدان پێناســەی جیـاواز و شرۆڤـەی جیـاواز هەیـە کـە ئەگـەر لەگـەڵ یــەک پێکناکۆکیــش بــن لــە هەمــان کاتــدا هەڵگــری خاڵــی هاوبەشــی زۆریشــن. لەوانەیـە ئـەو ڕستەیەی «سـلاڤۆ ژیـژەک» زیاتـر لـە ڕوانگـەی کۆمەڵگـەی خۆمـان بـۆ پێناسـەی ئایدیۆلۆژیـا نزیـک بێـت کـە دەڵێـت: «ســەرەتاییترین پێناســەی ئایدیۆلۆژیـا لەوانەیــە ئــەو وتەیــەی مارکــس بێــت کــە لــە کتێبــی ســەرمایەدا هاتــووە، نازانــن چییــە، بــەڵام ئەنجامــی دەدەن».[٢]

چەمکــی ئایدیۆلۆژیــا وێــڕای هەبوونــی پاشــگری «لــۆژی» وەک ئــەوەی لــە بایۆلــۆژی یــان ســایکۆلۆژی هەیــە، وەک ئــەو لقانــەی زانســت تەنیــا بوارێکــی تایبــەت ناگرێتــەوە و تەنیــا پەیوەندیــی بــە لقێکــی دیاریکــراوەوە نییــە، «بــە گوێــرەی ئــەوەی کــە ئایدیۆلۆژیــا هــاوکات پرســی زانایانــی زانســتی سیاســی، کۆمەڵناســان، سایکۆلۆژیســتەکان و فەیلەســوفەکانە پێویســتە لــە ڕێگــەی لێکۆڵینەوەکانــی نێــوان ئــەو لقــە جیاوازانــە ڕوون بکرێتــەوە».[٣] ئــەو بابەتــە لــە باســە کۆمەڵایەتــی،

١ وینسنت، اندرو ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

٢ ژیژک اسلاوی، عینیت ایدئولوژی، مترجم علی بهروزی تهران طرح نو، ١٣٨٩

٣ دانشور فائزه، بازخوانی رابطه حقوق ایدئولوژی در پرتو مطالعات میان رشتهای، فصلنامه مطالعات میان رشتهای در علوم انسانی، دوره هشتم، شماره ٤، پاییز ١٣٩٥

سیاسی یان زانستە مرۆییەکان زیاتر بەرچاو دەکەوێت.

لــە ڕووی مێژووییــەوە «دســتوت دوتراســی» (Destutt de Tracy) (١٧٥٤-١٨٣٦)، فەیلەســوفی فەڕانســەوی لــە ســاڵی ١٧٩٦ وشــەی ئایدیۆلۆژیــای داهێنــا، «دســتوت» ئــەو وشــەیەی بــۆ ئاماژەپێــدان بــە زانســتی هــزرە نوێیــەکان (لــە مانــای وشــەی ئایدیۆلۆژیــا واتــە هزرناســی) بــە کار دەهێنــا، دەیهەویســت ئاخێزگــەی بیــر و هــزری وشــیارانە ڕاڤــە بــکات».[٤]

چاخــی ڕۆشــنبیری کــە شــوێندانەرییەکی زۆری لەســەر فەڕانســە و جیهــان دانــا، وێــڕای گەشــەی بیــری ئــازادی هەوڵێــک بــوو بــۆ ڕزگاری تــاک و کۆمەڵگــە لەژێــر هێژموونیــی پاشــا و کلیســا. «تراسی»ــش کــە لــە ڕۆشــنبیرە دژە کلیســاکان دێتــە ئەژمــار، هەوڵــی دەدا کــە خوێندنــەوەی زانســتی بــۆ بابەتــەکان بکرێــت و لێکدانــەوەی باباتــەکان لەژێــر هێژموونیــی کلیســا ڕزگاری بێــت، «تراســی» وەکــوو زۆربــەی فەیلەسـوفانی فەڕانسـەویی چاخـی ڕۆشـنگەری و یارانـی ئینسـکلوپێدیا لــەو بــاوەڕەدا بــوو کــە هەمــوو بوارەکانــی ئەزموونــی مرۆیــی کــە بەشــی زۆریــان لــە چوارچێــوەی زانســتی ئیلاهیــات لێکۆڵینەوەیــان بــۆ دەکــرا، دەبــێ بــە شــێوەیەکی ئاوەزگەرایانــە هەڵســوکەوتی لەگــەڵ بکرێــت. زانســتی ئایدیــاکان (ئایدیۆلۆژیــا) دەبــا لــە ســەرچاوەی سروشــتیی ئایدیــاکان بکۆڵێتــەوە».[٥]

بــەڵام ئــەو چەمکــە بــە گوێــرەی خواســتەکانی «تراســی» وەک

---

٤ ١٣٨٩ چاپ دوم هیود اندرو، ، سیاست، ، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران نشر نی

٥ وینسنت اندرو، ایدۆلۆژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

زانسـتێکی دیاریکـراو پـەرەی نەسـەند، هـەر چەنـد دوای شۆڕشـی گـەورەی فەڕانسـە گۆڕانکارییەکـی زۆر لـە دۆخـی فەڕانسـە هاتـە ئـاراوە، مانـا و لێکدانـەوەی ئـەو وشـەش گۆڕانکاریـی بەسـەردا هـات، ئیـتر وەک لقێکـی زانسـتی چـاوی لـێ نەکـرا، بەڵکـوو کەوتـە بـەر هێرشـی حوکمڕانـان و تەنانـەت فەیلەسـوفانیش.

«ناپلیـۆن» کـە بـۆ بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی خـۆی لەگـەڵ کلیسـا ڕێککەوتبـوو، هـەر زوو کەوتـە دژایەتیکردنـی ئایدیۆلۆژیسـتەکان و ئەوانـی بـە «زۆربلێیـە بـێ کـردارەکان وەسـف کـرد».[٦] ئـەو بابەتـەش دەسـتپێکی چاخـی نەرێنیبوونـی مانـای ئایدیۆلۆژیـا بـوو کـە کەوتـە بـەر ڕەخنـەوە. بـەڵام ئـەوەی زیاتـر لەسـەر مانـای نەرێنیـی ئایدیۆلۆژیـا کاریگەریـی دانـا، «مارکـس و ئێنگێلـس» بـوون. لـە کتێبـی ئایدیۆلۆژیـای ئاڵمانـی ئـەو ڕەخنەیـە زۆر بـە ڕوونـی دیـارە، بەتایبەتـی کـە باسـی «هگێلییـە گەنجـەکان» دەکات، ئـەوان بـەوەی تۆمەتبـار دەکات کـە بـە سـەراوبن ڕاسـتییەکانی کۆمەڵگـە دەبینـن، هەروەهـا زۆر بـە ڕوونـی لەسـەر ئـەوان دەڵێـت: «بـە مێشـکی هیـچ یـەک لـەو فەیلەسـوفانە نەهاتـووە کـە لەبـارەی پەیوەندیـی نێـوان فەلسـەفەی ئاڵـمان و ڕاسـتییەکانی ئاڵـمان، پەیوەندیـی نێـوان ڕەخنـەی ئـەوان و دەوروبـەری مادییـەکان لێکۆڵینـەوە بکـەن».[٧] مارکـس بەوەنـدەش ڕازی نابێـت و لـە شـاکارە بەناوبانگەکـەی واتـە سـەرمایە دەڵێـت: «ئایدیۆلۆژیـا هەرچـی

---

٦ وینسنت، اندرو ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

٧ مارکس کارل و انگلس فردریک، ایدئولوژیهای المانی، ترجمه زوبین قهرمان

بێــت تیۆریــی زانســتی نییــە».[٨]

هــەر چەنــد مارکــس نەیتوانــی داهاتــووی سوســیالیزم و جێبەجێکردنــی بــە تایبەتــی لــە ڕووســیە ببینێــت، هەمــوو ئــەو ڕەخنانــەی کــە ئــەو لەســەر کاری فەیلەســوفانی دیکــە و بــە تایبــەت چەمکــی ئایدیۆلۆژیــا دەگــرت، دواتــر ڕووبــەڕووی مارکسیســتەکان بوونــەوە؛ ئــەوەی کــە ئــەو دەیــوت ئایدولــۆژی زانســت نییــە، لەگــەڵ ڕاســتییەکانی کۆمەڵگــە ناگونجێــت، دواتــر لەلایــەن ڕەخنەگرانــی سوســیالیزم و مارکسیســتەکانەوە بــەردەوام دەوتــرا کــە سوســیالیزم چونکــە وەک ئایدیۆلۆژیایــەک کــە ڕەخنــە وەرناگرێــت یــان چونکــە سوســیالیزم ئایدیۆلۆژیایــە، تیۆرییەکــی زانســتی نییــە و ناتوانێــت ســەربکەوێت. دوای زیاتــر لــە دوو ســەدە لــە دەرکەوتنــی ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە ئەمــڕۆ زیاتــر لــە هەمــوو کات باشــتر دەتوانیــن ئــەوە ببینیــن کــە سوســیالیزمێک کــە «مارکــس و ئێنگێلــس» دایانهێنــا ڕێگــە بــۆ دیکتاتــۆری و توتالیتــەری خــۆش دەکات و تەنانــەت بنەمــا باشــەکانی ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە، تەنیــا کاتێــک دەتوانــن خزمەتــی کۆمەڵگــە بکــەن کــە لــە دێمۆکراســی و ئازادیــی لیبراڵیــزم کەڵــک وەرگرێــت. بــەڵام ئــەوەی کــە مارکــس بــە بیردۆزەکانــی دیکــە و ئایدیۆلۆژیــای دەوت لەســەر مارکــس و ئایدیۆلۆژیــای سوســیالیزم (بــە تایبەتــی لــە کۆمەڵگــەی ئێمــەدا) بــە مارکــس دەوترێتــەوە، هــەر ئــەوەش بنەمــای گەشــەی مانــای نەرێنیــی ئایدیۆلۆژیــا بــوون. بــەڵام ئــەو قســەیەی مارکــس کــە دەیــوت: «مێــژوو دوبــارە دەبێتــەوە بــەڵام

---

٨ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

جـاری یەکـەم بـە شـێوەی تراژێـدی و جـاری دووەم بـە شـێوەی کۆمێـدی»، لەمـەڕ ئایدیۆلۆژیایـەک کـە خـۆی داهێنـەری بـوو دروسـت دەردەخاتـەوە. چونکـە ئـەوەی کـە بـۆ خـۆی لەسـەر ئایدیۆلۆژیـای ئاڵمانـی دەیـوت لەسـەر ئایدیۆلۆژیـا کـە خـۆی داهێنـەری بـوو وتـراوە، ئـەوەش دەکرێـت بـە جیلـوەی مێـژوو و ژیانـی مرۆڤایەتـی بزانیـن.

«لێنیـن» لـە ڕووسـیە بـە مەبەسـتی لابردنـی سـتەمی چینایەتـی و دامەزراندنـی ئایدیۆلۆژیـای سوسـیالیزم شۆڕشـێکی گـەورەی وەڕێ خسـت. ئامانجـی لێنیـن دابینکردنـی دادپـەروەری و یەکسـانی لـە ڕووسـیە و تەنانـەت هەمـوو دونیـا بـوو، بـەڵام ئـەو شۆڕشـە وەک یەکێـک لـە گەورەتریـن بەڵگەکانـی شکسـتی ئایدیۆلۆژیـای سوسـیالیزم دێتـە ئەژمـار، چونکـە نـەک نەبـووە هـۆی لابردنـی سـتەمی چینایەتـی و دابینکردنـی یەکسـانی، بەڵکـوو وەک یەکێـک لـە سیسـتەمە دیکتاتـۆر و سـتەمکارەکانی مێـژووی مرۆڤایەتـی نـاسرا. لێنیـن بەدڵنیاییـەوە دەڵێـت: سوسـیالیزم جۆرێـک ئایدیۆلۆژیـا دێتـە ئەژمـار کـە لـە خەباتـی گشـتیی چینـەکان لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیـای بورژوایـی لـە شـەڕدایە. لێنیـن ئایدیۆلۆژیـای سوسیالیسـتیی وەک چـەک لـە خەباتـی چینایەتـی دەزانـی.[9]

چەمکـی ئایدیۆلۆژیـا بـە درێژایـی دوو سـەدەی ڕابـردوو تـا بـە ئێسـتاش نەیتوانـی بـە تـەواوی خـۆی لـە مانـا نەرێنییەکـەی کـە لـە ئاکامـی ئایدیۆلۆژیـای سوسـیالیزم و تەنانـەت دواتـر فاشـیزم وەریگرتبـوو، ڕزگار بێـت؛ لـە هـەر شـوێنێک کـە باسـی ئایدیۆلۆژیـا دەکـرا، بـە نەرێنـی لـە قەڵـەم دەدرا و بـە پێچەوانـەی ئـەوەی لـە

دونیـای لیبراڵیزمـدا لـە چوارچێـوەی ئازادیـی بیرکردنـەوە و ڕاگەیانـدن دەبـووە هـۆی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە، لـە کۆمەڵگـە سوسیالیسـتەکان دەبـووە هـۆی دواکەوتوویـی و سـەرئەنجام ڕووخـان. تـا بـە ئێسـتاش کـە باسـی ئایدیۆلۆژیـا دەکرێـت یەکسـەر کۆمەڵێـک دوگـم وەبیـر دەهێنێتـەوە کـە دیکتاتـۆرەکان بـۆ بەردەوامیـی دەسـەڵات کەڵکـی لـێ وەردەگـرن. هـەر وەکـوو «ئەنـدرۆ وینسـێنت» زیاتـر لـە دووسـەد سـاڵ دوای داهێنانـی چەمکـی ئایدیۆلۆژیـا بـە نیەتێکـی باشـەوە دەڵێـت: «ئێسـتاش ئایدیۆلۆژیـا بـە مانایەکـی سـووک بـەکار دەهێنرێـت و بـە مانـای ڕوانگەیەکـی کورتبینانـە یـان دەمارگـرژ و بـە شـێوەیەکی گشـتیتر بـە مانـای گریمانـە و وەهـم دێـت».[٩]

بـە درێژایـی ئـەو دووسـەد سـاڵە کـە لەنێـوان دەسـەڵاتە جیاوازەکانـی دونیـا کـە لـە ڕێگـەی ئایدیۆلۆژیاکانیانـەوە لەگـەڵ یـەک لـە ململانێیەکـی بـەردەوام بـوون، ئـەو ململانێیانەیـان بـۆ ئـەو ئایدیۆلۆژیانـە دەگەڕانـدەوە. ئـەو بابەتـە ڕاسـتیی خـۆی تێـدا هەیـە. عەلـی شریعەتـی نووسـەری بەناوبانگـی ئێرانـی کـە هەوڵـی زۆری دەدا تاکـوو ئاییـن بـە ئایدیۆلۆژیـک بکرێـت، لەسـەر ئایدیۆلۆژیـا و ململانێـکان دەڵێـت: «سـەرەڕای جیـاوازی و ناکۆکیـی زۆر کـە لـە زانسـت و فەلسـەفەدا هەبـووە و هەیـە، لـە مێـژوودا زانسـت هیـچ کات بەربەرەکانێـی لـێ نکەوتووەتـەوە، فەلسـەفە هیـچ کات بەربەرەکانێـی دروسـت نەکـردووە؛ بـەڵام تەنیـا ئایدیۆلۆژیـاکان بـوون کـە شـەڕەکان،

٩ وینسنت، اندرو ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

فیداکارییـەکان و هەروەهـا جیهـادی بـە شـکۆی لـە مێـژووی مرۆڤایەتـی دروسـت کـردووە. سروشـت و مەرجەکانـی ئایدیۆلۆژیـا ئەوانـەن: بـاوەڕ، بەرپرسـیاریەتی، پێکـدادان و فیـداکاری».[۱۰]

بێگومـان هـەر ئـەو ڕاسـتییەش وای کـرد کـە ئایدیۆلۆژیـا مانایەکـی نەرێنـی لـە مێشـکی زۆر کەسـدا دروسـت بـکات، بـەڵام هەمـوو ئـەو ململانێیانـە بـۆ ئایدیۆلۆژیـاکان ناگەڕێنـەوە، چونکـە لـە دونیـای ئەمـڕۆدا ململانێـکان بـە هەمـان ڕێـژەی پێشـووتر بەبـێ هەبوونـی بەشـێک لـەو ئایدیۆلۆژیانـە هـەر بەردەوامـن. بـۆ نموونـە لـە ڕووسـیەی «پوتیـن» کـە سوسیالیسـم نەمـاوە و بـە تەواوەتـی دەسـەڵاتێکی ڕاسـت و ئۆلیگاریشـە، بـەڵام ململانێکـە لەگـەڵ ئەمریـکای زلهێـز بـە شـێوەیەکی دیکـە بەردەوامـە و لـە ئاکامـی ئـەو ململانێیـەدا شـەڕ لـە وڵاتێکـی وەک «ئۆکرایـن» دروسـت دەبێـت و تەنانـەت وێرانییەکـی زۆریـش بـەدی دەهێنێـت.

بـەڵام لێکۆڵەرانێـک کـە ئـەو بەریەککەوتنانـە بـۆ هەبوونـی ئایدیۆلۆژیـای جیـاواز دەگەڕێنـەوە، لـە هـەر دەرفەتێکـدا هـەوڵ دەدەن بـە بیـردۆزی کۆتایـی ئایدیۆلۆژیـا و تەنانـەت کۆتایـی مێـژووش، مزگێنیـی سـەرکەوتن بـدەن. «مەکتەبـی کۆتایـی ئایدیۆلۆژیـا، کۆتاییەکانـی قوناغـی دەیـەی ۱۹۵۰ی زایینـی و لـە سـەردەمی شـەڕی سارددا بـوو، سـەرەڕای ئـەوەی گریمانـە بنەڕەتییەکانـی ئـەو جووڵانەوەیـە پێشـتر لەلایـەن زۆر کەسـەوە کـە خۆیـان بـە زانایانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی

---

۱۰ شریعتی ،علی، جهانبینی و ایدئولوژی، مجموعه آثار ۳۲ ،چاپ آذر،۱۳۶۱

دەزانــی جەختــی لەســەر کرابــووەوە، لەگــەڵ ڕووداوەکانــی کۆتایــی دەیــەی ١٩٨٠ و هەڵوەشــانەوەی کۆمۆنیــزم لــە ئورووپــای ڕۆژهــەڵات و گەڕانــەوە بــۆ بــازاڕی ئــازاد، خێــرا دەســتیان بــە پێشــبینیکردنی ســەرکەوتنی ئــەو تیۆرییانــە کــرد».[١١]

ئــەو مزگێنییــە هــەر زوو لەلایــەن هەندێــک بیــردۆزی دیکــەوە ڕەت کرایــەوە؛ ڕاســتە سوســیالیزم شکســتی خواردبــوو، ئــەوەش بــە مانــای شکســتی یەکێــک لــە ئایدیۆلۆژیــاکان دەهــات نــەک کۆتایــی ئایدیۆلۆژیــا، بــە تایبەتــی دوای ڕووخانــی ســۆڤییەتیش کــە «فۆکۆیامــا» بــە کۆتایــی مێــژوو وەســفی کردبــوو، ئایدیۆلۆژیــا و ململانێــی فیکریــی ئایدیۆلۆژیــاکان هــەر بــەردەوام بــووە. بــۆ نموونــەی هــەرە بەرچــاوی ئــەوە دەتوانیــن ئامــاژە بــە پێگــەی سیاســەتوانانی وەک «برنــی ســندرز» ســێناتۆری دێموکراتــی ئەمریــکا لەنێــو کۆمەڵگــەی خۆیــان بکەیــن کــە بەرگریــی لــە هەندێــک لــە بنەمــا سوسیالیســتییەکان دەکات.

نووســەرانی کتێبــی «ایدولوژی‌هــای سیاســی و آرمــان دمکراتیــک» لــە وڵامــی ئایــا ئایدیۆلۆژیــا کۆتایــی پــێ هاتــووە بــە هێنانــەوەی چەنــد نموونــەی گرینــگ دەڵێــتن: «بــە هێنانــەوەی ئــەو هۆکارانــە پێشــبینی ناکەیــن کــە شــایەدی کۆتاییهاتنــی ئایدیۆلۆژیــا بیــن؛ زیاتــر لــەوەی ســوود و گرینگیــی ئایدیۆلۆژیــا پەراوێــز بخرێــت، پێویســتیمان بەوەیــە کــە ئایدیۆلۆژیــا و هــزر بــە کــردار ببەســتینەوە هەتــا تێڕوانینێــک لەبــارەی تواناکانــی مــرۆڤ پێشــکەش بــکات، هەتــا خەڵــک ناچــار بــە کــردار

١١ وینسنت، اندرو ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران قفنوس، ١٣٧٨

بــکات... واتــە هــەوڵ بــدات بــۆ فامکردنــی چییەتــی و نوێکردنــەوەی دونیــا بــەو شــێوەیەی کــە دەبــێ هەبێــت».[١٢]

لەلایەکــی دیکــەوە ئەمــڕۆ هەوڵێــک لــە ئارادایــە بــۆ ئــەوەی کــە جارێکــی دیکــە لایەنــی ئەرێنــی بــە مانــای ئایدیۆلۆژیــا بدرێــت، بــە جۆرێــک ڕەخنــە لــە دۆخــی هەنووکــە بگیردرێــت بــۆ ئــەوەی داهاتوویەکــی باشــتر وێنــا بــکات. یــان تەنانــەت بوارێــک بــۆ خوێندنــەوەی ئایدیۆلۆژیــاکان وەک پێداویســتییەک بــۆ تێگەیشــتن لــە ئێســتا و داهاتــوو بــکات چونکــە لــەو باوەڕەدایــە کــە شــوێنداریی ئایدیــا سیاســییەکان لەســەر ژیانــی مــرۆڤ یەکجــار زۆرە؛ «لــە ڕاســتیدا ئایدیۆلۆژیــا سیاســییەکانن کــە ئێســتا جیهانێــک دروســت دەکــەن کــە ئێمــە و منداڵەکمــان لــە ســەدەی بیســت و یــەک تێیــدا ژیــان دەکەیــن- وەکــوو دیــارە ئــەو ســەدەیە لــە ڕووی سیاســییەوە تەنانــەت ئاڵۆزتــر لــە ســەدەی بیســتەم بێــت».[١٣]

کاتێــک دەبینیــن حیزبــە ســەوزەکان، ئەوانــەی گرینگــی بــە ژینگــە و ژیانــی هەســارەی زەوی دەدەن، لــە دونیــای سیاســەتی ڕۆژاوادا لــە پەرەســەندندان و تەنانــەت وەک ئایدلۆژییــەک بــاس لــە تێڕوانینەکانیــان دەکرێــت، یــان کاتێــک ئایدیۆلۆژیــاکان گۆڕانکارییــان بەســەر دێــت و خۆیــان ئاپدەیــت دەکــەن و زیاتــر دەبنــە ڕۆژەڤــی سیاســی، ئــەو

---

١٢ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

١٣ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

وتـارەی کـە دەڵێـت ئایدیۆلۆژیـا کۆتایـی پـێ نایـەت و تەنانـەت زیاتـر پێویسـتە، لـە ژیانـی مرۆڤـدا ڕاسـتی دەنوێنێـت. «بـە تێپەڕبوونـی دوو سـەدە واتـای چەمکـی ئایدیۆلۆژیـا زۆر گـۆڕاوە، ئایدیۆلۆژیـا لێکۆڵینـەوە لـە زانسـتی هـزرەکان نییـە، بەڵکـوو نیشـانەی کۆمەڵـە هزرێکـە کـە دەیهەوێـت هـزر بـە کـردار ببەسـتێتەوە، واتـە ئایدیۆلۆژیـا شـێوازی بیرکردنـەوەی خەڵـک و چۆنیەتیـی کـرداری ئـەوان ڕێـک دەخـات».[١٤]

پێویسـتیی هەبـوون و شرۆڤـەی ئایدیـا جیـاوازەکان، بـە مەبەسـتی دیتنـەوەی ڕێگاچـارە نوێیـەکان یـان باشـترکردنی ئـەو ئایدیۆلۆژیانـەی کـە هەیـە، دەتوانێـت لـە بووژانـەوەی چەمکـی ئایدیۆلۆژیـا کەڵکـی لـێ وەربگیرێـت، بـەڵام بـەو مەرجـەی کـە ئایدیۆلۆژیـا بگەڕێتـەوە سـەر ئـەو بنەمایـەی کـە بـۆی داهێـنرا واتـە زانسـتی ئایدیـاکان، نـەک چەکـی چینێـک بـە دژی چینێکـی دیکـە. لـەو بارەیـەوە «ژان بشـلر» لـە کتێبـی ئایدیۆلۆژیـا چییـە؟ دەڵێـت: «ئایدیۆلۆژیـا یەکێـک لـە توخمـە سـەرەکی و حاشـاهەڵنەگرەکانی کـرداری سیاسـییە، لێرەدایـە کـە سیاسـەتی بـێ ئایدیۆلۆژیـا یـان بیـردۆزی کۆتایـی ئایدیۆلۆژیـا ناڕاسـتە».[١٥]

سـەرەڕای شـوێندانەریی سوسـیالیزم لەسـەر بەشـێک لـە چالاکانـی سیاسـی لـە ئێـران لـە سـەدەی ڕابـردوو، بـەڵام هیـچ کات کەشـێکی ئـازاد بـۆ شرۆڤـەی ئایدیـا جیـاوازەکان لـە سـەردەمی پەهلەوییـەکان

---

١٤ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

١٥ بشلر ژان، ایدئولوژی چیست؟ نقدی بر ایدئولوژیهای غربی، مترجم علی اسدی، شرکت سهامی انتشار، بهار ١٣٧٠

بــە شــێوەیەکی درێژمـــاوە نەهاتــە ئــاراوە، لــە دوای ســەرکەوتنی شۆڕشــی گەلانــی ئێــران بــۆ ماوەیەکــی زۆر کــەم دەرفەتێــک هاتــە ئــاراوە بــۆ ئــەوەی نوێنــەری ئایدیۆلۆژیــا جیــا جیــاکان بــە ئاشــکرا لەســەر تیڤییــەکان بەرگــری لــە بۆچوونــی خۆیــان بکــەن، ســەرەڕای ئــەوەی نوێنەرانــی ئاخوندەکانیــش لــەو بەرنامانــە کەڵکیــان وەرگــرت بــۆ ئــەوەی پێگــەی چەپــەکان لاواز بکــەن، بــەڵام لەنێــو لایەنــی لایەنگــری ئاخوندەکانیــش مشــتومڕێک هەبــووە، لەوانــە «عەلــی شــەریعەتی» کــە لایەنگــری بەئیدۆلۆژیککردنــی ئیســلام بــوو بــۆ ئــەوەی تاکــی موســڵمان تەنیــا پێــڕەوی لــە کۆمەڵێــک کــرداری وەک داب و نەریــت نــەکات، بەڵکــوو بــە شــێوەیەکی وشــیارانە و بــە ئاگاییــەوە ئەرکەکانــی جێبەجــێ بــکات. «عەبدولکەریــم سروش» یەکێکــی دیکــە لــەو کەســانەی کــە ئــەو کات بەرگریــی لــە حکوومــەت دەکــرد، بەئیدئۆلۆژیککردنــی ئیســلام ڕەت دەکاتــەوە، تەنانــەت لــە ١٥ ســاڵەی کۆچــی دوایــی عەلــی شــەریعەتی لــە وتارێکــدا لەژێــر نــاوی «بەرفراوانــتر لــە ئایدیۆلۆژیــا» لــە دژایەتــی لەگــەڵ ئــەو بابەتــە لەســەر ئایدیۆلۆژیــا دەڵێــت: «ئایدیۆلۆژیــا بــە مانــای کۆمەڵــە هزرێکــە کــە گرینگتریــن تایبەتمەندییەکانــی بریتیــن لــە: یەکــەم ململانــێ لەخــۆ دەگــرن (ئــەو ململانێگەلــە زیاتــر سیاســی و ئامانجگەرایانەیــە. مانـــای سیاســـیبوونی ئایدیۆلۆژیـــاش بـــۆ ئـــەم تایبەتمەندییـــە دەگەڕێتـــەوە) هـــەر بۆیـــەش دوژمـــن دروســـتکەر و دوژمــن ســەرکوتکەرن؛ دووەم لەمــەڕ بابەتــە گرینگــە مرۆییــەکان ڕوون و ئاشــکران (وەکــوو دێترمینیســـم، هەڵبـــژاردن، کۆتایـــی و ســـەرەتای جیهــان و مــرۆڤ، خــودا، نرخــەکان) کــە دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی

توێـژی جیـا؛ سـێیەم پێویسـتی بـە توێـژی فەرمیـی شـیکەرەوانی هەیـە؛ چـوارەم یـەک شـێوە بیرکردنەوەیـان دەوێـت و بەرگـەی بیـری جیـاواز ناگـرن؛ پێنجـەم زیاتـر لـەوەی بـە دوای حەقیقەتـدا بگـەڕن لەگـەڵ جووڵـەدان؛ شەشـەم بەهـۆی ئـەو تایبەتمەندییانـە بانگەشـەی ئیدەئـاڵ و گشـتگیربوون و سـەرووتر لـە ئەوانـی دیکـە دەکـەن؛ گرینگـی نـادەن بـە ئـاوەز و موریدپـەروەر و خوازیـاری ڕێـزن، هەندێـک جـار خۆسـەپێنن و ڕق فرۆشـن. بـەو تایبەتمەندییانـە ئایدیۆلۆژیایەکـی تـەواوە، وەک فاشـیزم».[١٦]

سـەرەڕای ئـەوەی کـە «سروش» پێـی وایـە ئاییـن زۆر گەورەتـر یـان بەرفراوانـتر لـە ئایدیۆلۆژیاکانـە، دەکرێـت خاڵـی هاوبەشـی نێـوان ئایدیۆلۆژیـا و ئایینـەکان ببینرێتـەوە، بەهـۆی ئـەو خاڵـە هاوبەشـانە تەنانـەت ئایینـەکان لـە کاتاگـوری ئایدیۆلۆژیـاکان دابنرێـت. بـەڵام لەسـەر ئـەو بۆچوونـە کۆدەنگییەکـی ڕەهـا نییـە، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو لێکچوونانـە کـە لەنێـوان ئاییـن و ئایدیۆلۆژیـا هەیـە، نووسـەرانی کتێبـی «ایدوئولوژیهـای سیاسـی و آرمانـی دمکراتیـک» جیاوازیـی نێـوان ئاییـن و ئایدیۆلۆژیـا بـەو شـێوەیە شـی دەکەنـەوە کـە «ئایینـەکان زیاتـر لەگـەڵ مێتافیزیـک و پیـرۆزی پەیوەندیـدارن- خـودا (یـان خـوداکان) و ژیانـی دوای مـردن- بـەڵام ئایدیۆلۆژیـا زیاتـر بـاس لـە ئێسـتا و ژیـان لەسـەر گـۆی زەوی دەکـەن».[١٧]

---

١٦ سروش، عبدالکریم. ١٣٧٢ ،فربه تر از ایدئولوژی، مجله کیان، شامره ١۴

١٧ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

«ئانــدرو هیــود» ئایدیۆلۆژیــا بــە کورتــی بــەو شــێوەیە پێناســە دەکات: «کۆمەڵــە هزرێــک کــە پێکــەوە بەســتراون و بــە شــێوەیەک کــرداری سیاســی ڕێنوێنــی دەکات یــان ئیلهامــی پــێ دەبەخشــێت».[18] ئــەو پێناســەیە دەتوانێــت بــە شــێوەیەکی گشــتی لەســەر زۆربــەی ئــەو ئایدیۆلۆژیانــە کــە لــە دوو ســەدەی ڕابــردوو کــە لــە ژیانــی مرۆڤــدا بەرجەســتە بــوون، ڕاســت هەڵوەگەڕێــت. ڕۆڵــی ئــەو ئایدیۆلۆژیانــەش بەشــێکی دیکــەی لایەنــی باســی چەمکــی ئایدیۆلۆژیایــە بــە گوێــرەی نووســەرانی «ایدئولوژی‌هــای سیاســی و آرمــان دمکراتیــک» هــەر ئایدیۆلۆژیایــەک کــە ئــەو چــوار ڕۆڵــە نەگێڕێــت ئایدیۆلۆژیــا هەژمــار ناکرێــت، «هــەر ئایدیۆلۆژیایــەک بــۆ پێڕەوانــی خــۆی چــوار ڕۆڵ دەگێڕێــت: ١) شــیکردنەوە ٢) هەڵســەنگاندن ٣) ئاراســتەکردن ٤) بەرنامــەی سیاســی».[19]

ژیانــی مرۆڤێــک یــان جــۆری بیرکردنــەوەی مرۆڤــەکان لەســەر بنەمــای دونیابینیــی ئــەوان و بەتایبەتــی ڕێبــازی سیاســی کــە هەڵیدەبژێــرن، لەســەر پەســەند یــان ڕەتکردنــەوەی هەندێــک ئایدیۆلۆژیــای سیاســی بونیــاد دەکرێــت، هــەر بۆیــەش ئایدیۆلۆژیــا یــان هەمــان زانســتی ئایدیاکانــی تراســی دەتوانێــت یارمەتییەکــی زۆر بــدات بــۆ ئــەوەی باشــترین ڕێبــازی مومکیــن هەڵبژێردرێــت، ئەگــەر ئــەو بابەتــە لەلایــەن زۆرینــەی کۆمەڵگــەوە ڕەچــاو بکرێــت پێشــکەوتنی

---

١٨ ١٣٨٩ چاپ دوم هیود، اندرو، ، سیاست، ، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران نشر نی

١٩ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

وڵات مسۆگەرترە. ئەو پێناسەی «ئاندرو وینسێنت» کە دەڵێت: «ئایدیۆلۆژیا بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لەبارەی گەوهەری کرداری مرۆڤ، ئەو نرخانەی کە دەبێ مرۆڤ ڕەت بکاتەوە یان ئارەزووی گەیشتن بە ئەوانی هەبێت و ئامادەکردنی بەستەری تەکنیکیی دروست بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە پەیوەندیی بە پێداویستییەکان و مەیل و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤەوە هەیە»،[٢٠] بە باشی ئەو خاڵە دەردەخات کە ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت.

ئێستا بە لێکدانەوەی مێژووی داهێنانی وشەی ئایدیۆلۆژیا و هەروەها ئەو مانایانەی کە لە مێژوودا، چ ئەرێنی چ نەرێنی وەریگرتووە، هەر وەکوو «ژان بشلر» دەڵێت: «لە ئاکامدا ئایدیۆلۆژیا نە دروستە نە هەڵەیە، بەڵکوو تەنیا دەتوانێت سەرکەوتوو یان شکستخواردوو، هاوڕێک یان تێکەڵ بێت»[٢١]؛ بەڵام کام ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت زیاتر سەرکەوتوو بێت دەبێ جێگەی باس بێت. لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئایدیۆلۆژیاکان لە سەرەتادا شیکردنەوەیەک لە دۆخی ئێستا، بە مەبەستی دیتنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیە و هەروەها ڕەخنەکردنیان، دەتوانن دەست لەسەر پرسەکان دابنێن، دواتر چۆنیەتیی نەهێشتنی ئەو کەموکوڕییانە لە چوارچێوەی

٢٠ وینسنت، اندرو ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

٢١ بشلر ژان، ایدئولوژی چیست؟ نقدی بر ایدئولوژیهای غربی، مترجم علی اسدی، شرکت سهامی انتشار، بهار ١٣٧٠

بەرنامەیەک دیاری دەکرێت و لە کۆتاییدا چۆن ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکرێت، دەخرێتە بەر باس و هەندێک جار ئایدیۆلۆژیستەکان خۆشیان دەبنە پیشڕەوی جێبەجێکردن. ئەگەر بە هەمان شێوەی کە ئایدیۆلۆژیا بە ڕەخنە و پێشنیار بۆ چارەسەری و بەرنامەدا تێپەڕ دەبێت، ئایدیۆلۆژیایەکە خۆشی ڕەخنە لەخۆگرتنی بۆ باشتربوون قەدەغە نەکات، واتە نەبێ بە دوگم، ئایدیۆلۆژیا وەک تیۆریی زانستی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەریی پرسەکانی کۆمەڵگە یارمەتیدەر دەبن. ئەوەی بۆ ئێمە وەکوو کورد گرینگە و پێویستە ڕەچاوی بکەین، تێپەڕبوونی بەو قوناغانە بۆ هەبوونی ئایدیۆلۆژیایەک کە گرینگترین پرسی ئێمە کە نەبوونی ئازادییە، بکاتە چەقی بیرکردنەوەمان لە ژیان و بە تایبەتی لە خەباتمان ڕەنگ بداتەوە بۆ ئەوەی خاوەن چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ پرسەکەمان بین.

# سوسیالیزم

*ئەگەر لە بەرانبەر مارکس بە جۆرێک ڕێزێکی ئایینیمان هەبێت، لەوانەیە ئاکامێکی زۆر خراپ بەدەست بێت، بەڵام ئەگەر ئەویش وەک هەر مرۆڤێکی دیکە کە دەتوانێت هەڵە بکات ببینین، ئێستاش بەشێک لە گرینگترین ڕاستییەکان لای ئەون.*[١]

*بێرتراند ڕاسڵ*

١ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمه علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

کە باس لە ئایدیۆلۆژیا لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم دەکرێت، یەک ئایدیۆلۆژیا زیاتر لە هەموو ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانی دیکە دەردەکەوێت، ئەویش سوسیالیزمە. هیچ کۆمەڵگەیەکی دونیا نییە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، چ ئەرێنی و چ نەرێنی لەژێر شوێندانەریی ئەو ئایدیۆلۆژیایە نەبووبێت، سوسیالیزم باسی ڕۆژی هەموو ئەوانە بوو کە هەوڵی بە کردەییکردنیان دەدا، یان ئەوانەی هەوڵی دژایەتییان دەدا. لەلایەک زیاتر لە ئایدیۆلۆژیا وەکوو ئایینێکی ڕزگاری دەیاندیت و پەیڕەوییان لەو کەسانە کە خۆیان بە نوێنەرانی ئەو بیرە سیاسییە دەزانی کە زۆر و جۆراوجۆر بوون، دەکرد، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئایدیا سیاسییە بە بنج و

بنەوانـە دەکەوتـە بـەر ڕەخنـەی لێکۆڵینـەوە و لێوردبوونـەوە و بـاس لـە هەڵەکانـی ئـەو هـزرە و بەلاڕێداچوونـی دامەزرێنەرانـی سوسـیالیزم وەک بیـری سیاسـی یـان ڕزگاریـی جیهانـی دەکـرد، کـە کارەسـاتی گـەورەی بـۆ مرۆڤایەتـی دروسـت کـرد. ئـەوەی کـە بـە درێژایـی مێـژووی نزیـک دوو سـەدەی ڕابـردوو بەشـێکی بەرچـاوی وزەی شرۆڤـەی مرۆڤایەتـی بـۆ ڕەتکردنـەوە یـان پەسـندکردنی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە بـەکار هێـنراوە بـە ڕێکـەوت نەبـووە. بەڵکـوو سـەرچاوەی لـە گەڵێـک پرسـی داهیـنراو یـان چارەسـەرنەبوو لەنێـو ئایدیۆلۆژیـا سیاسـییەکانی دیکـەدا هەبـوو، بـەڵام چارەسـەرییەکان لـە چوارچێـوەی سوسـیالیزم، تـا چەنـد توانییـان ببنـە دەرمانـی پرسـەکان، زۆر بـاس هەڵدەگیرێـت.

«وشـەی سوسـیالیزم ڕەگـی لـە وشـەی لاتینـی sociar هەیـە کـە مانـای پێکـەوە یەکگرتـن و پێکـەوە بـوون یـان پێکـەوە بەشـدار یـان هاوبەشـبوون دێـت».[1] ئەگـەر گرینگتریـن بنەمـای سوسـیالیزم یـان ویسـتی ئـەو ئایدیـا بـۆ یەکسـانی و خاوەندارییەتیـی هاوبـەش بگەڕێینـەوە، دەبینیـن هـەر لـە کۆنـەوە ئـەو بابەتـە وەک ئارەزوویـەک کـە هیچـکات بـەدی نەهاتـووە، ئەگـەر لـە خەیاڵیشـدا بێـت هەوڵـی بـۆ دراوە کـە مـرۆڤ پێـی بـگات. یەکێـک لـە سـەرەتاییترینی ئـەو خەیاڵـە کـە بـە شـێوەیەکی نـووسراو کەوتـە بـەر شرۆڤـەی بیرمەنـدان، شـاری «یوتۆپیـا»ی ئەفلاتوونـە کـە لـەو شـارەدا خاوەندارییەتـی و زۆر بابەتـی دیکـە بـە هاوبـەش هەژمـار دەکرێـتن و هیـچ کـەس خاوەنـی

---

١ وینسنت اندرو، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

هیــچ نییــە و هەمــوو شــتێک هــی هەمووانــە، ئــەوەی کــە ئەفلاتــوون بیرمەنــدی گــەورەی یۆنانــی کەونــار بەشــێک لــە بیرکردنــەوەی بــۆ هەبوونــی شــارێک کــە تێیــدا یەکســانی بەرجەســتە ببێــت، بــە هەڵکــەوت نەبــووە، بەڵکــوو ســەرچاوەی ئــەو خەیاڵــە یــان ویســتە، نەبوونــی یەکســانی لــە جیهاندایــە کــە لــە ســەردەمی جیــاواز بــە شــێوەی جیــاواز هەبــووە، بــەڵام ئایــا دروســتکردنی یوتۆپیایــەک لــە مێشــک و دواتــر هەوڵــی جێبەجێکردنــی دەتوانێــت یەکســانی بــەدی بهێنێــت و نادادییــەکان بســڕێتەوە؟ ئایــا ڕەچاوکردنــی کۆمەڵگــە وەک پێکهاتەیەکــی یەکگرتــوو و یەکپارچــە کــە بــەرەو یــەک ئاراســتە دەڕوات، تــا چەنــد لــە ڕاســتیی مرۆڤایەتــی نزیکــە؟

نموونەیەکــی دیکــەی یوتۆپیــا کتێبەکــەی «تامــس مــۆر» (١٤٧٤-١٥٣٥) بــوو کــە هــەر بــەو نــاوە واتــە یوتۆپیــا بــڵاو بووەتــەوە، لەوێشــدا وڵاتێکــی جووتیــاری کــە لــە بنەڕەتــدا لەســەر پلانــی داڕێــژراو دروســت کــراوە کــە لــەو وڵاتــە خەیاڵییەشــدا یەکســانیی مــرۆڤ بــە تــەواوی هاتووەتــە دی. لــە بەشــێک لــەو کتێبــەی «مــۆر»دا هاتــووە: «لــە یوتۆپیــا هەمــوو شــتێک هــی هەمووانــە، هەمــوو دەزانــن کــە ئەنبــار و سیلۆکانی دەوڵــەت پــڕە و هیــچ کــەس بــۆ هــەر شــتێک کــە پێوســیتی بێــت بێبــەش نابێــت».[٢] ئــەوەی لەســەر ئــەو شــارە دەتوانرێــت بوترێــت زۆر باشــە، بــەڵام بەداخــەوە کــە خەیاڵــە، بــەڵام خەیاڵێکــی جــوان و خــۆش.

---

٢ مور تامس، ارمانشهر (یوتوپیا)، ترجمه داریوش اشوری نادر افشاری، تهران خوارزمی ١٣٧٣

«بەشـێک لـە بیرمەندانـی مێـژوو، مێـژووی وردی سوسـیالیزم بـۆ لایەنگریـی سیاسـی و کۆمەڵێـک بۆچـوون دەگەڕێننـەوە، ئـەو وشـەیەش وەک پارێـزگاری و لیبراڵیـزم منداڵـی چاخـی دوای شۆڕشـی فەڕانسـە هەژمـار دەکرێـتن».[٣] بێگومـان ناکرێـت کاریگەریـی شۆڕشـی فەڕانسـە و چاخـی ڕۆشـنگەری لەسـەر هەمـوو ئـەو ڕوداوانـەی کـە دواتـر ڕووی داون فەرامـۆش بکەیـن، بـەڵام سـەرەتای هاتنـە ئـارای سوسـیالیزم وەک خەباتێـک بـۆ گەیشـتن بـە یەکسـانی و دادپـەروەری ڕاسـتەوخۆ گرێـدراوە بـە سـەردەمی شۆڕشـی پیشەسـازی و دوای دروسـتبوونی ماشـێنی هەڵـم لـە ئورووپـا. شۆڕشـی پیشەسـازی گەلێـک گۆڕانکاریـی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا دروسـت کـرد، ژیانـی مرۆڤەکانـی لـە لادێـەوە بـەرەو شـارەکان و دواتریـش لەوێشـدا بـەرەو کارکـردن لـە کارگـەکان کـە لـە دەسـتی چینێکـی سـەرمایەدار بـوو، ڕاکێشـا و بـووە هـۆی دروسـتبوونی چینێکـی زۆرینـەی کرێـکار. لـە سـەردەمی شۆڕشـی پیشەسـازیدا زیاتـر لـە بەرهەمهێنـان ڕێـژەی بەرهەمهێنـان بـۆ بەدەستخسـتنی سـوودێکی زیاتـر ئەوەنـدە گرینگیـی پەیـدا کـرد کـە سـەرمایەداران بـۆ وەدەستخسـتنی ئـەو سـوودە بەشـێک لـە مرۆڤایەتییـان وا چەوسـاندەوە کـە بـە یەکێـک لـە تابلـۆ هەرەبەئازارەکانـی مرۆڤایەتـی دەزانرێـت. پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بـەوەش بکەیـن، دەرکەوتنـی سـەرمایەداری هـاوکات یـان بەرهەمـی ئـەو بنەمایانـەی ئایدیۆلۆژیـای لیبراڵیـزم یـان لیبراڵیزمـی سـەرمایەداری بـوو کـە ئازادیـی بـە تـاک دەدا بـۆ ئـەوەی

---

٣ وینسنت اندرو، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

لـە کێبەڕکێـدا بێـت بـۆ ئـەوەی زیاتریـن سـوود بـۆ خـۆی کـۆ بکاتـەوە. دەکرێـت ئـەو سـەردەمە بـە یەکێـک لـە خراپتریـن دۆخـی ژیانـی مرۆڤایەتـی بـە تایبەتـی بـۆ چینـی زۆرینـە واتـە کرێـکاران بزانیـن؛ «فرێدریـک ئێنگێلـس» لـە کتێبـی چینـی کرێـکار لـە بریتانیـا زۆر بـە باشـی ئـەو دۆخـەی بـاس کـردووە و دەڵێـت: «بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی ناوەنـدی، ئـەو کارگەگەلـەی کـە منداڵەکانیـان دادەمەزرانـد، بـە کەمـی ٥ سـاڵان و زۆرجاریـش ٦ و ٧ سـاڵان و زۆرتـر ٨-٩ سـاڵان بـوون. ڕۆژانـە کاری منـداڵان بـێ هەژمارکردنـی کاتـی نانخـواردن و پشـوودانەکان، زۆربـەی ١٤ بـۆ ١٨ کاتژمێـری دەخایانـد. خاوەنـی کارگـەکان دەسـتی چاوەدێرانیـان بـۆ لێـدان و سـزادان و جنێـودان بـە کرێـکاران ئـاوەڵا بەجـێ هێشـتبوو، خۆشـیان ڕۆڵێکـی چالاکیـان لـە تەمێکردنیـان هەبـوو».[٤]

ئـەوە تەنیـا نموونەیەکـی زۆر بچـووک لـەو دۆخـە بـووە کـە چینـی کرێـکار تێیـدا ژیـاون. بێگومـان ئـەوە ژیانـی زۆرینـەی کۆمەڵگـە و هەمـوو چینـی کرێـکار و هـەژار بـوون. ئـەو نووسراوانـەی کـە بـاس لـە شـوێنی مانـەوە و خـواردن و تەندروسـتیی ملیۆنـان کرێـکار دەکـەن، دەکرێـت بـە پەڵـەی ڕەشـی مێـژووی مرۆڤایەتـی دابنێیـن، ئایدیایـەک بتوانێـت بەرگـری لـە مافـی ئـەو چینـە سـتەملێکراوە بـکات، خـۆی لـە خۆیـدا مـرۆڤ تـەوەر هەژمـار دەکرێـت. هـەر بۆیـەش کەسانی وەکـوو «ڕابێـرت ئوێـن» (١٧٧١-١٨٥٨) کـە خۆشـی خاوەنـی کارگـە بـووە،

٤ انگلس فردریک، وضع طبقه کارگر در انگلستان- بر اساس مشاهدات شخشی و منابع معتبر، مترجم نوید قیداری

هەوڵیـان داوە کـە ئـەو بابەتـە بخەنـە بـەر بـاس و لەگـەڵ کرێـکاران هەوڵـی چارەسـەرکردنی دۆخـی کرێـکاران بـدەن. هەوڵەکانـی ڕابێـرت بـە یەکەمیـن هەوڵەکانـی خەبـات بـۆ یەکسـانی و مافـی یەکسـانی و خاوەنداریەتیـی هاوبـەش لـە سـەدەی نـۆزدە دەزانرێـت کـە بـە خەبـات لـە چوارچێـوەی سوسـیالیزم دەناسرێـت.

«وشـەی سوسـیالیزم و سوسیالیسـت کۆتاییەکانـی دەیـەی ١٨٢٠ یـان سـەرەتای ١٨٣٠ لـە بریتانیـا و فەڕانسـە پەیـدا بـوو، کۆنتریـن بەکارهێنانـی ئـەو وشـەیە بـۆ یەکێـک لـە ژمارەکانـی گۆڤـاری هـەرەوەز (Co-ope-rative Magazine) دەگەڕێتـەوە کـە ناوەکـەی وەبیرهێنـەرەوەی کەسـێکە کـە زۆر کـەس پێیـان وایـە دامەزرێنـەری سوسـیالیزمە واتـە ڕابـرت ئۆێـن».[٥] وێـڕای هەوڵـە بـێ وێنەکانـی ئۆێـن کـە لەسـەر بنەمـای چاکەخوازیـی سروشـتی مـرۆڤ داڕێژرابـوون، بـەڵام نەیتوانیـوە بـە تـەواوی بـە ئـاکام بـگات، سـەرەڕای ئـەوە شـوێندانەرییەکەی لـە پێنـاو باشـترکردنی دۆخەکـەش نابـێ بـە کـەم بزانرێـت، هـەر وەک بـۆ خۆشـی هەوڵـی داوە ژیانـی کرێـکاران کـە لـە کارگەکانـی ئـەو کاریـان کـردووە بـەرەو باشـی ببـات، بـۆ نموونـە دوای هەوڵێکـی زۆر قەدەغـە دەکات کـە منداڵـی خـوار تەمـەن ١٠ سـاڵ لـە کارگەکانـی ئـەو کار بـکات، «ئۆیـن ئـەو پێداویسـتییانەی هێنایـە بـەر بـاس کـە لـە دونیـای تاکگەرایـی و کێبەرکێکـەر سـەرنجیان نەدابوویـێ».[٦]

ئەگـەر چالاکیـی باشـترکردنی دۆخـی کرێـکاران، بـە قەدەغەکردنـی

٥ گیگن وینسنت ، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

٦ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمە علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

کارکردنــی منداڵانــی ژێــر ١٠ ســاڵ وەک هەنگاوێکــی شــایانی بــاس و گرینــگ بــۆ باشــترکردنی دۆخــی کرێــکاران بــاس بکرێــت، نیشــان دەدات کــە دۆخــی ئــەو چینــە زۆرینەیــە چەنــد خــراپ بــووە. «ئۆێــن» پێــی وابــوو «سیســتەمی نــوێ لەســەر بنەمــای نــوێ دامــەزراوە کــە جــۆری مــرۆڤ بــە توانــا دەکات لــە نەوەکانــی داهاتــوو. نزیکــەی هەمــوو ئــەو خراپــەکاری و هەژارییــە کــە ئێمــە و باپیرانمــان ئەزموونمــان کــردووە، پێشــگیری دەکات».[٧]

«ســەن سیمۆن»ــی (١٧٦٠-١٨٢٥) فەڕانســەویش یەکێکــی دیکــە لــەو کەســانە بــوو کــە ویســتی گۆڕانــکاری لــە یاســاکان و دۆخــی کریــکاران دروســت بــکات، بــەڵام ئــەو ســەرکەوتنانەیان هاتنــە بــەر باســی دۆخــی کرێــکاران و نەیتوانــی گۆڕانکارییەکــی ڕیشــەیی دروســت بــکات، بەڵکــوو وەک بەشــێک لــە هەوڵــی سوسیالیســتەکان مایــەوە. «»بنەماکانــی سوســیالیزمی ســەن ســیمۆن پێویســتی بــە تێگەیشــتنێکی ئاڵــۆز و بەرانبــەری کۆمەڵایەتــی هەیــە، واتــە بەکارهێنانــی ئەرێنیــی زانســتی بەرنامەڕێژیــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی لەلایــەن کارناســەکانەوە».[٨]

فەیلەســوفێکی بــە ڕەچەڵــەک جوولەکــەی ئاڵمانــی کــە لــە وڵاتــی خــۆی دوور خرابــووەوە، ســەرەتا لــە وڵاتــی فەڕانســە و دواتــر لــە بریتانیــا نیشــتەجێ بــوو، خۆیشــی بــە دەســت گرفتــی هەژارییــەوە دەناڵــی و لەگــەڵ کەســێک ببــووە دۆســت کــە هــەژار نەبــوو بــەڵام لــە

٧ ویراستاران، بال ترنس، دگر ریچارد، ارمانها و ایدئولوژیها، مترجم احمد صبوری کاشانی، تهران ١٣٩٠

٨ بـال ترنس-دگـر ریچـارد، ایدئدولوژیهـای سیاسـی و ارمـان دمکراتیـک، مترجـم احمـد صبـوری، کتابخانـه تخصصـی وزارت امـور خارجـه تهران-زمسـتان ١٣٨٦

دۆخـی کرێـکاران ئـاگادار بـوو، هـاوکات هاوخـەم بـوو بـۆ باشـترکردنی ئــەو دۆخــە؛ سوســیالیزمیان لــە چالاکییەکــی چاکەخوازانــەوە بــۆ ئایدیۆلۆژیایەکـی سیاسـی- فەلسـەفی گـۆڕی و تەنانـەت بـە داهێنانـی سوسـیالیزمێکی نـوێ شـوێندانەرییەکی زۆریـان لەسـەر پەرەسـەندنی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە لـە ژیانـی هەمـوو مرۆڤایەتـی دانـا، بـە جۆرێـک کـە دوای پەنجـا سـاڵ لـە مردنـی ئـەو فەیلەسـوفە نزیکـەی یـەک لەسـەر سـێی وڵاتەکانـی دونیـا، ئـەو وڵاتانـە بـوون کـە خۆیـان بـە شـوێنکەوتووی ئـەو فەیلەسـوفە دەزانـی. ئـەو فەیلەسـوفە کەسـێک نییـە جیـا لـە کارێـل هاینریـش مارکـس (١٨١٨-١٨٨٣) و هەروەهـا دۆسـتەکەی فرێدریـک ئێنگێلـس (١٨٢٠-١٨٩٥).

هەروەکــوو بێرترانــد ڕاســڵ فەیلەســوفی بریتانیایــی دەڵێــت: «سوسـیالیزم تەنیـا هـاوکات لەگـەڵ مارکـس و ئێنگێلـس بـوو کـە باڵـغ بـوو، توانـی ببێتـە سـەرچاوەی ئیلهامـی حیزبێکـی سیاسـی».[٩]

کارێــل مارکــس لــە کتێبــی هەژاریــی فەلســەفەدا دەڵێت:«بــە درێژایـی مێـژوو فەلسـەفە شرۆڤـەی دۆخەکـەی کـردووە، ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە ئیـتر گۆڕانـکاری بـکات». ئـەو وتەیـەی دەردەخـات کـە کارێـل مارکـس زیاتـر لـە داهێنانـی هزرێکـی فەلسـەفەیی و سیاسـی، دەیهەوێـت ئـەو هـزرە بـکات بـە ئایدیۆلۆژیـای چینـی کرێـکار، بـۆ ئـەوەی نـەک دۆخـی چینـی کرێـکار بـاش بـکات، بەڵکـوو مرۆڤایەتـی لــە سیســتەمی ســەرمایەداری ڕزگار بــکات. هــەر بۆیــەش بناغــەی

٩ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمه علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

ئـەو فەلسـەفەیە لەسـەر ڕەتکردنـەوەی سـەرمایەداری و بەرهەمهێنـان بـۆ بـە دەستخسـتنی سـوودی زیاتـر دانـا، ئـەو فەلسـەفەیەی بـە ماتریالیزمـی دیالێکتیـک و ماتریالیزمـی مێژوویـی کـە سـەرچاوەی بـۆ «هگێـل» دەگەڕێتـەوە، دەوڵەمەنـد کـرد، بـۆ ئـەوەی ئایدیۆلۆژیایـی سوسـیالیزم زیاتـر لـە چالاکییەکـی سیاسـی یـان سـێنفیی کرێـکاران، بکاتـە دونیابینییەکـی بەربـڵاو هەتـا ژیانـی مرۆڤـەکان و مرۆڤایەتـی بـەرەو ڕزگاری بـە واتـە مارکسـییەکەی ببـات.

لـە هەمـوو ئـەو قوناغانـەی دامەزرانـدن و پەرەسـەندی ئایدیۆلۆژیـای سوسـیالیزم، ئێنگێلـس لەگەڵیـدا بـوو، زۆری نەکێشـا کـە مارکـس، پەیڕەوانـی زۆری بـۆ ئـەو بیرۆکـەی خـۆی بەدەسـت هێنـا، تەنانـەت زیاتـر لـە سوسـیالیزم، مارکسـیزم باسـی لێـوە دەکـرا. «مارکسـیزم بەهێزتریـن و لێزانانەتریـن تیۆریـی سوسـیالیزمی داهێنـا کـە لەسـەر بنەمـای تێکەڵکردنـی ڕەخنەگەرانـەی ماتریالیسـتی سـەردەمی ڕۆشـنگەری، ئیدەئالیزمـی هگێلـی، ئابووریـی سیاسـیی لیـبراڵ و سوسـیالیزمی خەیاڵـی دامەزرانـد، لایەنـی دەگمـەن و سـەرەکیی مارکسـیزم شرۆڤـەی مێـژووی بەهێـزە کـە بـۆ کۆمەڵگـەکان کـردی».[١٠]

سوسـیالیزم کـە لەسـەر بنەمـای ڕەتکردنـەوەی سـەرمایەداریی ئابـووری، داوای خاوەنداریەتیـی هاوبـەش دەکات، بـەڵام ئـەوەی وەک لـە زۆربـەی ئایدیۆلۆژیاکانـی دیکـەش هەیـە لـە سوسـیالیزمیش زیاتـر دەبیندرێـت تەنیـا یـەک شـێوەی سوسـیالیزم نییـە، بەڵکـوو

---

١٠ وینسنت اندرو، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

بیرمەنـــدان لـــە ســـەردەم و قوناغـــی جیـــاواز بـــاس لـــە سوســـیالیزمی جیاوازیـان کـردووە، لەوانـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە سوسـیالیزمی خەیاڵـی، سوسـیالیزمی شۆڕشـی (مارکسـیزم)، سوسـیالیزمی ڕێفۆرمیسـت لەبـارەی دەوڵـەت، سوسـیالیزمی ئەخلاقـی، سوسـیالیزمی گرووپـی پلورالیسـت و سوسـیالیزمی بـازاڕ بکەیـن، بـەڵام مارکسـیزم کـە ئەویـش دوایـی دەبێـت بـە چەنـد لـق لـە هەمـوو ئەوانـی دیکـە زیاتـر لـە ڕۆژەڤـدا بـووە.

مارکـس ڕەتکردنـەوەی سـەرمایەداری لـە ڕێگـەی چەنـد بەرگـی کتێبـی سـەرمایە و هەروەهـا داڕشـتنی مانیفێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـت و بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە بەرنامەیەکـی سیاسـی بـۆ هەمـوو ئـەو حیزبانـەی کـە دەیانهەویسـت سوسـیالیزم بـە ئامانـج بگەیەنـن و کۆمەڵگەیەکـی بـێ چینایەتـی بەرهـەم بهێنـن، بناغـەی هزریـی ئایدیاکـەی دامەزرانـد، لـە مانیفێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـت ئـەو ڕاسـتییە بـەو شـێوەیە باسـی لـێ دەکات: «کۆمۆنیسـتەکان شـاردنەوەی بۆچـوون و ویسـتەکانی خۆیـان بـە عەیبـە دەزانـن، بـە ئاشـکرا ڕادەگەیەنـن کـە گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی ئـەوان تەنیـا لـە ڕێگـەی ڕووخاندنـی بـە زۆری هەمـوو سیسـتەمی کۆمەڵایەتیـی ئێسـتا، مسـۆگەرە».[١١]

«بێرترانـد ڕاسـڵ» لەسـەر مانیفێسـتی کۆمۆنیسـت دەڵێـت: «ئەمـن هیـچ نووسـینێکی دیکـەم پـێ شـک نایـەت کـە هێـزی پڕوپاگەنـدای وەک مانیفێسـتی کۆمۆنیسـت بێـت».[١٢] هـەر ئـەو هێـزەش بـوو کـە

---

١١ مارکس کارل انگلس فردریش، مانیفست حزب کمونیست، مترجم محمد پورهرمزان، ١٣٨٥

١٢ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمه علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

توانــی زیاتــر ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە کــە لەســەر بناغــەی هەلومەرجــی بریتانیــا و وڵاتــە پیشەســازییەکان داڕێــژرا، ببێتــەوە ســەرچاوەی شــۆڕش لــە زۆر شــوێنی دونیــا.

جیاوازیــی مارکــس لــە زۆربــەی فەیلەســوفەکانی دیکــە ئەوەیــە کــە زیاتــر لــە بەرهەمهێنانــی هــزری، چۆنیەتیــی جێبەجێکردنــی ئــەو هزرەشــی کــردە کاری ســەرەکیی خــۆی، هــەر ئــەوەش بــوو کــە بەڕێوەبردنــی کۆبوونــەوەی ئینتێرناســیۆناڵی یەکەمــی گرتــە ئەســتۆ، وێــڕای شرۆڤــەی ئایدیۆلۆژیــای سوســیالیزم کــە ئــەو زیاتــر بــە زانســتیی دەزانــی، وڵامــی ڕەخنەکانــی لەســەر ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە دەیدایــەوە، لــە ڕێگــەی ئینتێرناسیۆناڵیشــەوە بیرۆکــەی خــۆی بــۆ زۆربــەی وڵاتانــی ئورووپایــی پیشەســازی بــڵاو کــردەوە، تەنانــەت حیزبــە سوسیالیســتەکانی کــە لــە وڵاتــەکان دادەمــەزران وەک لقێکــی سوسیالیســتیی ئینتێرناسیۆنالیســت کاری دەکــرد، ئــەو بابەتــەش بــۆ بیرۆکــەی مارکــس دەگــەڕاوە کــە ئــەو ســنوورێکی بــۆ ئایدیۆلۆژیــای خــۆی نەدەناســی و بــاوەڕی بــە دابەشــکاریی نەتــەوەکان نەبــوو بەڵکــوو دەیــوت: «مێــژووی هەمــوو کۆمەڵگــەکان تــا ئێســتا مێــژووی بەربەرەکانێــی چینایەتییــە».[13]

بنەمــا فەلســەفەییەکانی ئایدیۆلۆژیــای سوســیالیزمی مارکــس بــە تەنیــا نەبــوون لــە ڕاکێشــانی خەڵــک بــە دوای ئایدیاکــەی. بەڵکــوو وتــارە سیاســییەکانی دەبــووە هاندانێکــی بــاش بــۆ ئــەوەی چینــی کرێــکار زیاتــر بــەرەو بەتەشــکیلاتیکردنی خــۆی بــڕوات، بــۆ ئــەوەی بتوانێــت

١٣ مارکس کارل انگلس فردریش، مانیفست حزب کمونیست، مترجم محمد پورهرمزان، ١٣٨٥

ئامانجەکانــی خۆیــان بپێکــن. شــوێندانەریی مارکــس بــە ڕادەیــەک بــوو کــە ئیــتر سوســیالیزم و مارکســیزم یــەک مانــای لــەلای زۆربــەی خەڵــک هەبــوو بــەڵام لــە ڕاســتیدا «مارکســیزم سوســیالیزمی ڕاســتەقینە نییــە، مارکســیزم یەکێــک لــە شــێوەکانی سوســیالیزمە».[١٤]

ئیــتر چارەکــی کۆتایــی ســەدەی نۆزدەهــەم بــە پێچەوانــەی چارەکــی یەکــەم ئــەوە تەنیــا ئایدیۆلۆژیــای ناســیۆنالیزم، پارێــزگاری یــان لیبراڵیزمــی ســەرمایەداری نەبــوو کــە کۆنترۆڵــی تــەواوی بەســەر دۆخەکــەدا هەبێــت، بەڵکــوو هــزری سوسیالیســتی و هەوڵــی باشــترکردنی دۆخــی چینــی کرێــکار و تەنانــەت تەشــکیلات و ســەندیکا و حیزبەکانــی کرێــکاران ئەوەنــدە بەهێــز بــوون کــە دەبــوون بــە بەشــێک لــە پرۆســەی سیاســی لــە زۆربــەی وڵاتــەکان.

هەوڵەکانــی ڕابێــرت ئوێــن  و ئەوانــی دیکــە لــە پێنــاو دامەزراندنــی سوســیالیزم لەلایــەن مارکــس و ئێنگلێــس بــە هەنــد وەرنەگیــران و بــە هەوڵێکــی بچــووک دەزانــرا، تەنانــەت ئــەو سوســیالیزمەیان بــە سوســیالیزمی خەیاڵــی دەناســی و تەنیــا ڕێگــەی جێبەجێکردنــی سوســیالیزمی داهێــنراوی خۆیــان لــە گــرەوی شۆڕشــێکی توندوتیــژ کــە بــە تــەواوی ئــەو سیســتەمەی مەوجــوود بڕووخێنێــت دەزانــی. ئــەو بیرۆکەیــەش شــوێنکەوتووی زۆری بــۆ خــۆی پەیــدا کــرد، تەنانــەت بەشــی زۆریــان کــە خۆیــان بــە مارکســیزم دەزانــی. شــایانی باســە دەگێڕنــەوە مارکــس بــە دیتنــی هەندێکیــان وتوویەتــی کــە ئەگــەر

١٤  وینسنت اندرو، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

ئەوانــە مارکسیســت بــن بەدڵنیاییــەوە مــن مارکسیســت نیــم».[١٥]

«لەگــەڵ تەواوبوونــی ئینتێرناســیۆناڵی یەکــەم لــە ســاڵی ١٨٧٣ ڕۆڵــی مارکــس لــە کاروبــاری گشــتی تــەواو بــوو».[١٦] دوای مردنــی مارکــس لــە ســاڵی ١٨٨٣ ئێنگێلــس وێــڕای ئــەوەی لەســەر خەباتەکــەی بــەردەوام بــوو، بــەردەوام هەوڵــی شــیکردنەوەی زیاتــری ئــەو ئایدیۆلۆژیایــەی دەدا، لــە ئینتێرناســیۆناڵی دووەم کــە بــە سەرپەرســتیی ئێنگێلــس بەڕێــوە چــوو، هــەوڵ درا چوارچێــوەی تــەواوی مارکســیزم و لایەنگریکردنــی ئــەو بنەمایــەی کــە دەبــێ شــۆڕش لــە وڵاتانــی ســەرمایەداری دروســت بێــت بــۆ ئــەوەی پرۆلێتاریــا ســەر بکەوێــت و هەنگاوەکانــی بــەرەو کۆمۆنیــزم واتــە کۆمەڵگــەی بــێ چینایەتــی بێتــە دی. ئێنگێلــس لــە نووســینێکی لەژێــر نــاوی «سوســیالیزمی زانســتیدا» کرۆکیــی بیرۆکــەی مارکسیزمیشــی زیاتــر بــۆ پەیڕەوانــی ڕوون کــردەوە.

ئــەوەی جێــگای ســەرنجە هــاوکات لەگــەڵ پەرەســەندنی سوســیالیزم، سیســتەمە لیبراڵیســتە ســەرمایەدارەکانیش بــەردەوام لــە چوارچێــوەی باشــترکردنی دۆخــی کرێــکاران یاســای نوێیــان دادەنــا، کــە توانیبــووی بەنیســبەت پەنجــا ســاڵ پێــش زۆر گۆڕانــکاری دروســت بکــەن. هــەر بۆیــەش بەشــێکی زۆری ئــەو تەشــکیلاتە و سوسیالیســتەکانی وڵاتانــی ئورووپــا بــە دیتنــی ئــەو پێشــکەوتنانە، زیاتــر بــەرەو گۆڕانــکاری لــە شــێوازی گەیشــتن بــە سوســیالیزم دەڕۆیشــتن و دەکەوتنــە بــەر ڕەخنــەی

١٥ بال ترنس-دگر ریچارد، ایدئدولوژیهای سیاسی و ارمان دمکراتیک، مترجم احمد صبوری، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران-زمستان ١٣٨٦

١٦ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمه علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

ئەوانــەی کــە مارکســیزمیان وەک ئاییــن دەپەرســت.

یەکێــک لــە شــوێندانەرترینی ئــەو بیرمەندانــە ئێــدوارد برنشــتاینی (١٨٥٠-١٩٣٢) ئاڵمانــی بــوو کــە کاتێــک لــە حیزبــی سوســیال دێموکراتەکانــی ئاڵمانیــش ئەنــدام بــوو، برنشــتاین لەســەر بنەمــای ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە ڕوویــان دابــوو، هەروەهــا هەندێــک لــە بیرۆکەکانــی مارکــس خــۆی بــەو ئاکامــە دەگەیشــت ئیــتر پێویســت بــە شۆڕشــێکی توندوتیــژی پرۆلێتاریــا نــاکات و نەدەکــرد، چونکــە ئــەو دەســتکەوتانەی بــە دیهاتــوون، دەکرێــت زیاتریــش بــن، بەبــێ شــۆڕش و ڕووخانــدن بــەدی هاتــوون، برنشــتاین لــە کتێبــی سوســیالیزمی گــۆڕدراودا دەڵێــت: «ئەمــڕۆ هیــچ سوسیالیســتێک کــە توانــای بیرکردنــەوەی هەبێــت، خەونــی ســەرکەوتنی هەرچــی زووتــری سوســیالیزم لــە ڕێگــەی شۆڕشــێکی توندوتیــژ نابینێــت».[١٧] بــەو شــێوەیە بیرۆکەیــەک لەنێــو سوســیالیزم هاتــە ئــاراوە کــە بــە سوســیال دێموکراســی نــاسرا و لــە جیاتــی ڕووخاندنــی سیســتەماکان لایەنگریــی لــە خەباتــی پارلمانــی کــرد.

لــە بریتانیــا «لــە ســاڵی ١٨٨٤دا ئەنجومەنــی فابیــان پەیــدا بــوو کــە بــاوەڕی بــە کاری لەســەرخۆ هەبــوو کــە شــۆڕش و ڕووخاندنــی وەلا دەنــا».[١٨] ئــەو شــێوازە خەباتــە کــە لــە درێــژەی هەوڵەکانــی ئوێــن و هەمــوو ئــەو هەوڵانــەی جووڵانــەوەی کرێــکاری بــە جیــا لــە خەباتــی مارکسیســتی لــە چوارچێــوەی خەباتــی ســەندیکایی توانیبــووی

١٧ ویراستاران، بال ترنس، دگر ریچارد، ارمانها و ایدئولوژیها، مترجم احمد صبوری کاشانی، تهران ١٣٩٠

١٨ گیگن وینسنت ، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

سـەرکەوتنی بـاش بەدەسـت بێنێـت، هـەر بۆیـەش لـە بریتانیـا «نـە مارکسـیزمی ڕیڤیۆنیسـتی ئاڵمانـی، بەڵکـوو ئـەوە ئـەو ڕەوتـە ڕێفۆرمیسـتانەی ڕۆشـنفکری لـە بریتانیـا لەوانـە فابیانـەکان بـوون کـە گریمانـە سـەرەکییەکانی ڕۆشـنبیرییان بـۆ سۆسـیال دێمۆکراسـیی بریتانیـا دروسـت کـرد».[١٩]

ئـەو بیرۆکەیـە وێـڕای ئاڵـمان هـەر زوو لـە زۆربـەی وڵاتانـی ئورووپـا شـوێنی خـۆی گـرت و سوسیالیسـتەکانی دوێنـێ کـە دەیانـوت دەبـێ بیرووخێنیـن، بـوون بـە بەشـێک لـە سیسـتەمی پارلمـان و هەڵبـژاردن و سیاسـەتی وڵاتـەکان کـە پێشـکەوتنی ئەمـڕۆی دونیـای ڕۆژاوا کـە وێـڕای ئـازادی، یەکسـانییەکی سیاسـی و ئابووریـی زیاتـری بـەدی هێنـاوە؛ «پێـش شـەڕی جیهانیـی یەکـەم، ناهاوئاهەنگـی و دووانەیەتـی زیاتـر دەبـوو، سوسـیال دێمۆکراسـی بـۆ بەشـێک لـە ڕیڤیۆزونیسـت، سوسیالیسـتە ئەخلاقـی و لیبراڵـە نوێیـەکان بـە لیبراڵـی کۆمەڵایەتـی بـە کار هـات، دوای سـاڵی ١٩٢٠ هەتـا ئـەوڕۆ وشـەی سوسـیال دێمۆکراسـی پەیوەندییەکـی تونـدی لەگـەڵ سوسیالیسـتی ڕێفۆرمیسـت و نەریتـی لیبراڵـی کۆمەڵایەتـی هەیـە».[٢٠]

بـە دیتنـی ئەزموونـی کـردەوەی سوسـیالیزم لەگـەڵ ئـەوەی لـە سـەدەی نۆزدەیـەم هەبـوو، زۆر جیـاواز بـوو، «سوسـیالیزم لـە شـێوەی سـەرەتایی خۆیـدا خسـڵەتێکی فاندێمێنتالیسـت، یوتۆپیایـی و شۆڕشـیی هەبـوو. ئامانجـی سوسـیالیزم نەهێشـتنی ئابووریـی

١٩ گیگن وینسنت ، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

٢٠ وینسنت اندرو، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

سەرمایەداری لەسەر بنەمای ئاڵۆگۆڕی بازاڕ و گۆڕینەوەی بە کۆمەڵگەی سوسیالیستی بوو کە بواری چۆنیەتیی جیاواز بێت، لەسەر بنەمای ئەسڵی خاوەنداریەتیی هاوبەش دروست ببێت، نوێنەری ئەو لقە لە سوسیالیزم کارێل مارکس بوو کە بیری بنەڕەتیی کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەمی داهینا».[٢١] بەڵام ئەو بابەتە بە درێژەی کات گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات، ئەوەی هەر ڕۆژ سوسیالیزم و مارکسیزمی بەرەو لاوازی دەبرد ئیتر دژایەتیکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لەلایەن ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەوە نەبوو، بەڵکوو لە نێوخۆی خۆیدا ئەو ئایدیۆلۆژیایە خاوەنی سەدان گرفت بوو، لە ئاکامی ئەو گرفت و شرۆڤە جیاوازانەی کە هەبوو بە دەیان جۆر لە لقی سوسیالیزم کە دژایەتیی یەکتریشیان دەکرد هەبوون، «دوای ساڵی ١٩٤٥ درزی قووڵتر لە نێوان مارکسیستەکان دروست بوو، تروتسکیزم، ستالینیزم، لێنینیزم، مارکسیزمی نوێخواز، مارکسیزمی مرۆڤدۆست، مائۆئیزم، مارکسیزمی ئەفریقایی، مارکسیزمی ئێگزێستانسیالیزم، کۆمۆنیزمی ئوروپایی، مارکسیزمی ستراکتورگەرا، مارکسیزمی فەمێنیست، زۆر لقی دیکەی مارکسیستی دروست بوون کە مارکسیزمیان لە کۆتایی خۆی نزیک کرد».[٢٢]

بەڵام ئەوە کۆتایی چیرۆکی سوسیالیزم بە تایبەتی مارکسیزم نەبوو، بەڵکوو هێز و کەسانێک هەبوون کە پێویستیان بە ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەبوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست بکەن، ئەو

---

21 ١٣٨٩ چاپ دوم هیود، اندرو، ، سیاست، ، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران نشر نی

٢٢ وینسنت اندرو، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ناقبفر، تهران ققنوس، ١٣٧٨

گوڕانکارییانـە چەنـد نەرێنـی بـوون یـان تەنانـەت دۆخێکـی زۆر خراپیـان دروسـت کـرد، مێـژوو شـایەدییان بـۆ دەدات، یەکێـک لەوانـەی کـە بـە تونـدی بــە دژی برنشــتاین و بەتایبەتــی بیرۆکــەی خەباتــی پارلمانــی و وەلانانــی شۆڕشــی توندوتیژانــەی برنشــتاین دەوەســتاوە، ڤلادیمیــر ئیلیــچ ئولیانوفــی (١٨٧٠-١٩٢٤) ڕووس یــان بــە نــاوە ناسراوەکــەی بڵێیــن، «لێنیــن» بــوو.

لێنیــن کــە بــە دژایەتــی لــە برنشــتاین و هەمــوو ئەوانــەی کــە لایەنگرییــان لــە سوســیال دێمۆکراســی دەکــرد و ئیــتر ڕەزامەندییــان لەســەر گۆڕانــکاری لــە ڕێگــەی شۆڕشــی ڕیشــەیی بــە تایبەتــی لــە سیســتەمی سیاســییان نەبــوو، دەڵێــت: «بــە کورتــی ئاڵمانییــەکان لــە بەرانبــەر ئــەوەی کــە بەجــێ مــاوە (مەبەســت سیســتەمی سیاســییە) گۆڕانــکاری ڕەت دەکەنــەوە، بــەڵام ئێمــە دەڵێیــن ئــەوەی کــە هەیــە دەبــێ بگۆڕدرێــت، خۆچەمانــدن لــە بەرانبــەری یــان ســازان لەگەڵــی، ڕەت دەکەینــەوە».[٢٣]

لێنیــن لەســەر بنەمــای مارکسیســت بنەمــای شۆڕشــێکی لــە ڕووســیە دانــا کــە چینــی کرێــکاری زۆر کــەم بــوو، تەنانــەت زۆریــش دواکەوتووتــر لــە وڵاتانــی ئورووپایــی بــوو، بــەڵام چینــی جووتیــاری زۆر بــوو، لێنیــن بــە گۆڕینــەوەی کرێــکار بــە جووتیــار وێــڕای ئــەوەی هەوڵــی ڕووخاندنــی پاشــایەتیی ڕووســیەی دا، لــە هەمــان کاتــدا بــە داهێنانــی حیزبــی پێشــڕەو بــۆ ئــەوەی کــە شــۆڕش ســەرکەوت وێــڕای پاراســتنی

---

٢٣ لنین چه باید کرد؟ منتخب اثار لنین، بازنویسس یاشار اذری، نشر سوسیالیستی کارگر ١٣٨٤

ئـەو شۆڕشـە قوناغەکانـی دواتـری سوسـیالیزم جیبەجـێ بکـەن تـا دەگاتـە قوناغـی بـێ چنیایەتیـی کۆمۆنیـزم، بـەو شـێوەیە بناغـەی ڕێژیمێکـی دیکتاتـۆر و توتالیتـەری دانـا کـە تەنانـەت جیاوازیـی بیـر و بۆچوونـی لەنێـو حیزبەکەشـی قەبـووڵ نەدەکـرد، لێنیـن تەنـات لـە ئینتێرناسیۆناڵیسـتی سـێیەم کـە لـە سـاڵی ١٩١٩دا دامـەزرا بڕیـاری دا هەمـوو حیزبەکانـی ئەنـدام نـاوی خۆیـان لـە سوسـیال دێمۆکراسـی بـۆ حیزبـی کۆمۆنیسـت بگـۆڕن.

شۆڕشـی ڕووسـیە بـووە بـە سـەرچاوەی یەکێـک لـەو ڕێژیمـە دیکتاتـۆر و توتالیتەرانـەی دونیـا کـە کارەسـاتی بـە دوای خۆیـدا هێنـا، بـە تایبەتـی دوای مردنـی لێنیـن کـە ژوزێـف ویسـاریونویچ سـتالین (١٨٧٨-١٩٥٣) حکوومەتـی گرتـە دەسـت. «کۆمۆنیـزم (کـە بـە لێنینیـزم یـان مارکسـیزم-لێنینزم دەزانرێـت) لەژێـر چەتـری سـتالین کامـڵ بـوو، لایەنـە تیۆرییەکـەی زیادتـر لـە کتێبـی ‹چ دەبـێ بکەیـن؟› لـە نووسـینی لێنیـن وەرگـرت».[٢٤] سـتالین کـە بەتـەواوی بـە لابردنـی بێڕەحمانـەی هەمـوو ئەوانـەی کـە دژی بـوون یـان پوتانسـییەلی ئەوەیـان هەبـوو کـە دژی بـن، زیاتـر لـە سوسـیالیزم و باشـترکردنی دۆخـی چینـی کرێـکار، گەلانێکـی گـەورەی لـە چوارچێـوەی یەکێتیـی سـوڤییەت هـەژار و هەژارتـر کـرد.

ئەزموونەکانـی دیکـەی بـە کردەوەکردنـی سوسـیالیزم هەموویـان بـە جۆرێـک بـوون بـە ڕێژیمـی دیکتاتـۆری کـە بـە تونـدی بـە دژی

---

٢٤ گیگن وینسنت ، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

ئازادییـەکان بـوون و ئـەوەی بـۆ ئـەوان گرینگیـی هەبـوو بەردەوامیـی دەسـەڵاتی دیکتاتـۆری بـوو نـەک چینـی کرێـکار یـان خەڵـک، وەک ئـەوەی لـە چیـن لـە ڕێگـەی مائـو تسـە دون (١٨٩٣-١٩٧٦) یـان زۆربـەی وڵاتـە سوسیالیسـتییەکانی دیکـەدا ڕوویـدان.

دوای مردنـی سـتالین لـە دەیـەی ١٩٧٠ حیزبـە کۆمۆنیسـتەکانی ئیتالیـا، ئسـپانیا، بریتانیـا و فەڕانسـە پارلمانیـان قەبـووڵ کـرد. بـەڵام وێـڕای ڕووخانـی یـەک لـە دوای یەکـی ئـەو سیسـتەمە کۆمۆنیسـیتییانە، لەلایـەک زەقبوونـەوەی هەرچـی زۆرتـری ئـەو پرسـانەی کـە ئـەو ڕێژیمانـە بـۆ گەلەکانیـان دروسـت کردبـوو و لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو پێشـکەوتن و خۆشـگوزەرانییەی لـە وڵاتانـی لیبراڵیسـتی تەنانـەت بـە هاوکاریـی سوسـیال دێمۆکراتـەکان کـە سوسیالیسـتەکان بـە خیانەتـکار ناویـان دەبـرد، بـەدی هاتبـوو. دوای سـەد سـاڵ لـە مردنـی مارکـس، سوسـیالیزم زیاتـر لـە ئـەوەی کـە لـە بانگەشـەی سـەرەتایی خۆیـدا کـە دەیـوت جیهـان بـەرەو ڕزگاری دەبەیـن، ببـوو بـە غودەیەکـی سـەرەتانی کـە دەبـێ لا بردرابـا، تەنانـەت هەوڵەکانـی میخایـل گورباچـوف کـە ڕاسـتییەکانی دیتبـوو لـە چوارچێـوەی هـەر دوو پـرۆژەی خـۆی واتـە پێرسـتۆریکا (ڕێفۆرمـی ئابـووری) و گلاسنۆسـت (پەرەسـەندنی ئازادییـەکان) سـەری نەگـرت و لـە کۆتاییـدا لـە سـاڵی ١٩٩١ بـە هەڵوەشـانەوەی یەکێتیـی سـۆڤییەت، بەهێزتریـن دەوڵەتـی سوسیالیسـتی کـە دژایەتیـی دونیـای لیبراڵیسـتیی دەکـرد، ڕووخـا.

بـە ڕووخانـی سـۆڤییەت هـەر زوو بانگەشـەی کۆتایـی سوسـیالیزمیش بڵینـد بـوو، ئـەو کۆتاییـە لەوانەیـە کۆتایـی دەوڵـەت

و ئـەو شـێوازە لـە مارکسـییەت بێـت، بـەڵام ئـەوە بـە مانـای کۆتایـی ویسـتە ڕەواکانـی سوسیالیسـتی وەکـوو یەکسـانی و دادپـەروەری نایـەت، چونکـە دەبینیـن لـە هـەر شـوێنێک کـە مـەودای نێـوان چینـەکان زیـاد دەبێـت یـان لـە یەکسـانیی سیاسـی و ئابـووری و دادپـەروەری دوور دەکەونـەوە، هـاواری سوسـیالیزمیش بـە لاوازیـش بێـت هەڵدەسـتێت، ئێسـتا لـە زۆربـەی وڵاتـەکان بەهـۆی سوسـیال دێمۆکراتـەکان یـان سیاسـەتە کۆمەڵایەتییەکانـی سۆسـیال دێمۆکراتـەکان بەڕێـوە دەچـن، بـەڵام ئـەوە جێـگای ڕەزامەندیـی سوسیالیسـتەکان نییـە بەڵکـوو بـەردەوام ڕەخنـە لـە سوسـیال دێمۆکراتـەکان دەگـرن چونکـە پێیـان وایـە لـە بنەماکانـی سوسیالیسـتی دور دەکەونـەوە و دەبوونـە بەشـێکی تـەواو لـە سیسـتەمە لیبراڵـەکان، «سوسـیال دێمۆکراتـەکان سـەڕەرای سـەرکەوتن لـە هەڵبژاردنـەکان تـا ئێسـتاش ڕوانگەیەکـی سیاسـیی نـوێ و یەکپارچەیـان بـەدی نەهێنـاوە».[٢٥]

هـەر بۆیـەش دەنگـۆی دیتنـەوەی ڕێگایەکـی دیکـە وەک ڕێـگای سێیەم و تەنانـەت لـە هەندێـک شـوێن کـە بـە سوسـیالیزمی دێمۆکراتیـک دەناسرێـت بـەردەوام دەبیسـترێت. واتـە ئـەو سوسـیالیزمەی کـە دێمۆکراسـی و یەکسـانی و دادپـەروەری و ئازادییـەکان زیاتـر بەیـەک دەبەسـتێتەوە وەک پێداویسـتییەک خـۆی دەنوێنێـت، «سوسـیالیزمی دێمۆکراتیـک دەتوانرێـت بـە هەوڵێـک بـۆ دروسـتکردنی ڕێگەیەکـی سـێیەم لەنێـوان کۆمۆنیـزم و سوسـیال دێمۆکراسـی بزانرێـت،

٢٥ گیدنز انتونی، راه سوم بازسازی سوسیال دموکراسی، مترم موچهر شبوری کاشانی

هەوڵێـک بـۆ تێکەڵکردنـی باشـترین توخمەکانـی کۆمۆنیـزم و سوسـیال دێمۆکراسـی و لابردنـی کەموکوڕییەکانـی هـەردووولا».[٢٦] سـەرەڕای ویسـتێکی لـەو شـێوە بـەڵام هەوڵێکـی جیدیـی هـزری و فەلسـەفەیی و بەرنامـەی سیاسـی لـەو بـوارەدا نییـە، سوسـیال دێمۆکراتـەکان زیاتـر لـە لیبراڵـەکان بـەو سیسـتەمەوە وەنووسـاون، تەنانـەت هەندێـک جـار دەبینیـن کـە ئەوانیـش زیاتـر دەکەونـە سیاسـەتی پۆپۆلیسـتی و لـە سیاسـەتی ئایدیۆلۆژیـا دوورتـر دەکەونـەوە.

ئـەوەی کـە ئایدیۆلۆژیـای سوسـیالیزمی بـەرەو کارەسـات بـرد، سـەیرکردنی بـوو وەک کۆمەڵێـک ڕاسـتی کـە هیـچ کات هەڵـەی تێـدا نییـە؛ کەڵکوەرگرتـن لـە دوگماتیسـت بـە سـەرچاوەی بەشـێک لـە دیکتاتۆرییـەکان، بـە تایبەتـی لـە سـەدەی بیسـتەم، دادەنرێـت، هەرچەنـد کـەم نیـن ئەوانـەی کـە دەیانهەوێـی بـە جیـاوازی دانـان لەنێـوان مارکسـی لاو و مارکسـی پیـر یـان دەرهێنانـی هەندێـک دەق کـە شرۆڤەکەیـان بەکەڵـک دێـت، دەیانهەوێـت بڵێـن کـە مارکـس بەرپرسـیار نییـە لـەو هەڵانـەی کـە لـە کاتـی جێبەجێبوونـدا هاتنـە پێـش، بـەڵام کـەم نیـن ئـەو هەڵەیانـەی کـە مارکـس کردنـی، دواتـر بەشـێکی بەرچـاو لـە پێشـبینییەکانی مارکـس کـە ئایدیۆلۆژیاکـەی لەسـەر بنیـاد نابـوو بـە هەڵـە دەرچـوون. لەوانـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە بەربەرەکانێـی چینایەتـی بکەیـن کـە وا دەرنەچـوو، یـان پێـی وابـوو کـە سـەرمایەداری بـەرەو ڕووخـان دەڕوات کـە ئەمشـیان بـە

---

٢٦ گیگن وینسنت ، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

ڕاســت دەرنەچــوو، بــەڵام بــە گوێــرەی بێرترانــد ڕاســڵ «گەورەتریــن هەڵــەی مارکــس گرینگــی نــەدان بــە هێــزی ناســیۆنالیزم بــوو».[٢٧] ئــەو هێــزەی ئێســتاش لانیکــەم لای ئێمــە ســەرچاوەی زۆر گۆڕانکارییــە و لــە داهاتووشــدا دەبێــت.

سوســیالیزم بــە مێــژووی نزیکــەی دو ســەد ســاڵەی خــۆی گەلێــک قونــاغ و هەروەهــا لــق و پــۆی بــە خــۆی دیتــووە، هەمــووی ئــەو قوناغانــە بــە ئەرێنــی و نەرێنیبوونــی خــۆی هەڵگــری وانەگەلــی زۆرن بــۆ مرۆڤایەتــی، هەبوونــی دادپــەروەری و یەکســانی لەلایــەک، ئــازادی لەلایەکــی دیکــە، دەتوانێــت مــرۆڤ بــەرە پێشــکەوتن ببــات. «ڕەخنــەی سوسیالیســتەکان زۆرتــر لەســەر بنەمــای جۆرێــک یەکســانیخوازییە».[٢٨] هەبوونــی سوســیالیزم لــەو بــوارەدا هەنــگاوی جیدیــی هەڵێنــا، بــەڵام بــە هەمــان شــێوەی کــە سیســتەمە لیبراڵیســتە ســەرەتاییەکان بــە قورســایی خســتنە ســەر ئــازادی، کارەســاتی وەک دۆخــی چینــی کرێکاریــی دروســت کــرد، بــە قورســایی خســتنە ســەر دادپــەروەری و یەکســانی لــە سوســیالیزمیش دیتــمان کــە کارەســاتی قووڵــتر بــۆ مرۆڤایەتــی هاتــە پێشــەوە، بێگومــان گرینگتریــن وانەیــەک کــە لــەو مێــژووە وەردەگیرێــت کــە مرۆڤــەکان و کۆمەڵگــەکان یەکــەی کۆمەڵایەتیــن کــە گەلێــک فاکتــەری جیــاواز و دژ بەیــەک و هاوڕێــک لەخــۆ دەگــرن، دیتنــەوەی دەســتوورێکی دیاریکــراو بــۆ هەمــوو کۆمەڵگــەکان و بــۆ هەمــوو کاتــەکان بــۆ

٢٧ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمه علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

٢٨ گیگن وینسنت ، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

بەختــەوەری یــان پێشــکەوتنی مــرۆڤ نامومکینــە، دەکرێــت بــە لەبەرچاوگرتنــی دۆخــی مەوجــود و هەروەهــا پێداویســتییەکانی ســەردەم کــە توانــای چاکســازیی خــۆی لــە ڕێگــەی ڕەخنەگرتنــی ئــازاد هەبێــت، دەتوانێــت دەســتووری باشــتر لــە پێشــوو بداتــە دەســت، بــەڵام گریمانــەی هەبوونــی باشــتر و باشــتر یــان ئــەوەی کــە ئێســتا هەیــە خــراپ بێــت، هــەر هەیــە.

# لیبراڵیزم

*هـــەر کـــەس کـــە مرۆڤێکـــی بـــە تـــەواو تێگەیشـــتوو بێـــت، لیبراڵـــە.*

*جان مینارد کینز*

ئەگــەر ســەیری دونیــای ئەمڕۆمــان بکەیــن، لەنێــوان دونیــای پێشــکەوتوو (لــە بــوارە جیاوازەکانــی وەکــوو مافــی مــرۆڤ، ئــازادی، یەکســانی، دێمۆکراســی، زانســت، خۆشــگوزەرانی، بەختەوەریــی مــرۆڤ و دەوڵەتــی یاســا و...) و دونیــای دواکەوتــوو دیوارێــک بکێشــین، دونیــای پێشــکەوتوو ئــەو دونیایــە کــە دەوڵــەت و کۆمەڵگەکانیــان خاوەنــی ئایدیۆلۆژیــای سیاســیی لیبراڵیــن. «لیــبراڵ لــە زمانــی ڕۆژانــەدا واتایەکــی هەیــە کــە پەیوەندیــی بــە ڕابــردووەوە هەیــە، بــەڵام تــا ئەمــڕۆ لــە سیاســەتدا کارپێکــراوە، لیــبراڵ زۆرینــە بــە چۆنایەتــی وەک چوارچێــوەی مێشــکی لێبــووردە و کــراوە، ورەی بەخشــەندە، بەرفراوانیــی پــەروەردە، نەبوونــی دەمارگــرژی، توانــای پەســەندی مافــی ئەوانــی

دیکــە، قەبووڵکردنــی دژایەتــی و جیــاوازی و قەبووڵــی نوێبوونــەوە دەگەڕێننــەوە، ئەوانــە نموونــەی باشــییەکانی کۆمەڵگــەی لیــبراڵ هەژمــار دەکرێــن و هــەر کۆمەڵگەیەکــی لیــبراڵ کــە ڕاســتگۆ بێــت لەگــەڵ ئارمانەکانــی، دەبــێ ئــەو خســڵەتانەی هەبێــت».[1]

هــەر ئــەو ڕاســتییە بەســە بــۆ ئــەوەی ئــەو ئایدیۆلۆژیــا سیاســییە بــەردەوام تاوتــوێ بکرێــت و بــە دوای بنــج و بنەوانــی بگەڕێــت، هەروەهــا ڕەخنــەی لــێ بگیردرێــت. تەنانــەت ئەگــەر موریدانــی مارکــس و ئێنگێلــس و لێنیــن لەگــەڵ ئــەو دابەشــکارییەی ســەرەوەش نەبــن، بەهــۆی ئــەو کەموکوڕییانــەی بــە تایبەتــی لیبراڵــی ئابــووری لــە مێــژووی خۆیــدا دروســتی کردبــوون کــە تــا ڕادەیــەک ڕاستیشــن، بــەڵام لــە ئاکامــدا دەبینیــن ئەمــڕۆ یەکســانیی سیاســی تەنانــەت ئابــووری و لــە هەمــووی گرینگــتر دادپــەروەری کــە سوســیالیزم پێداگریــی لەســەر دەکــرد، زیاتــر لــە چوارچێــوەی ئــەو سیســتەمە لیبراڵانــە بــەدی هاتــوون، «بــە حەقێکــی زیاتــرەوە سوسیالیســتەکان دەتوانــن داوای ئــەوە بکــەن کــە میراتگــری لیبراڵیزمــن، ئــەوان وەک لیبراڵــەکان و بــە پێچەوانــەی پارێــزگاران، لــەو بــاوەڕەدان کــە دابەشــکردنی دادپەروەرانــەی ســامان بــۆ دابینکردنــی مافــی یەکســان و ئــازادی پێویســتە».[2] یــان لانیکــەم دەتوانیــن بڵێیــن کــە لــە ئەزموونــدا لیبڕاڵــەکان ســەرکەوتووتر بــوون. لــە هەمووشــی گرینگــتر ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە توانیویەتــی خــۆی لەگــەڵ ســەردەم بگونجێنێــت، ئــەو خۆگونجاندنــە بــەو گۆڕانکارییانــە کــە بەســەر

---

١ استار پل، قدرت ازادی نیروی راستین لیبرالیسم، ترجمه فریدون مجلسی، تهران ١٣٧٨

٢ رابرت اکلشال، مقدمه‌ای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمه‌ی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

لیبراڵیزمـدا هاتـووە، بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کەموکۆڕییەکانـی بـووە، بـۆ نموونـە لـە قوناغـی جیـاواز ڕوانگـەی لیبراڵیـزم سـەبارەت بـە سـنوورەکانی دەوڵـەت دەگۆڕدرێـت، لـەو گۆڕانانەشـدا لـە کۆتاییـدا ئـازادی، یەکسـانی و دادپـەروەری قازانـج دەکات. هـەر ئـەو توانایـەی کـە هەیەتـی بـۆ ئـەوەی کەموکۆڕییەکانـی چارەسـەر بـکات، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بنەمـای ڕاسـیۆناڵانەی لیبراڵیـزم، وای کـردووە هەندێـک لـە لێکۆڵـەران لیبراڵیـزم بـە ئایدیۆلۆژیـا نەزانـن و بەڵکـوو بـە زانسـتی بزانـن. ئەگـەر ئـەو گریمانەیـە ڕاسـتیش نەبێـت، لانیکـەم زۆر لـە سۆسـیالیزمی مارکـس کـە بـە تیۆریـی زانسـتی دەزانـی، زانسـتیترە چونکـە بـاوەڕی بـە ڕەخنـە و ڕای جیـاواز هەیـە.

«بـۆ شرۆڤـەی هـەر ئایدیۆلۆژیایەکـی سیاسـی دەبـێ لـە لیبراڵیزمـەوە دەسـت پـێ بکەیـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ڕاسـتیدا لیبراڵیـزم ئایدیۆلۆژیـای ڕۆژاوای پیشەسـازییە، هەروەهـا هەندێـک بـە شـێوەی سـەرتر لـە ئایدیۆلۆژیـا نیشـان دەدرێـت، چونکـە دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی بەربـڵاو نـرخ و بۆچوونەکانـی بەرانبـەر لـە ڕەقیـب لەخـۆ بگرێـت».[٣] دیتنـەوەی بنـج و بنەوانـی لیبراڵیـزم لەلایـەک زۆر ئەسـتەمە، چونکـە دەتوانرێـت هـەر هەوڵێکـی مـرۆڤ لـە چوارچێـوەی ئازادیخـوازی و پەیـڕەوەی لـە عەقـڵ و هەروەهـا ڕزگاریـی مـرۆڤ لـە ملهوڕیـی ئایینـی- سیاسـی بـە بکەرێکـی کاریگـەر لەسـەر لیبراڵیـزم بزانیـن، لەلایەکـی دیکـەوە ئاسـانە چونکـە بیرمەندێکـی گـەورەی وەک جـۆن لـۆک (١٦٣٢-١٧٠٤) بنەمـای

---

٣ هیود اندرو، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران ١٣٨٩

هــزری ئــەو ئایدیۆلۆژیایــەی دارِشــتووە، بیرمەندەکانــی دیکــە لەســەر ئــەو بنەمایــە ئــەو ئایدیۆلۆژیایەیــان شرۆڤــە یــان بەرفــراوان یــان کەمــتر کــردووە، هــەر بۆیــەش دەوترێــت «لیبراڵیــزم ئاڵۆزتریــن و وردترینــی ئایدیۆلۆژیاکانــە».[٤]

مێــژووی لیبراڵیــزم کــە بــە جۆرێــک لەگــەڵ مێــژووی پێشــکەوتنی مــرۆڤ لــە چەنــد ســەدەی ڕابــردوو بــە هەمــوو کەنــد و کۆســپەکانی تێکــەڵ بــووە، هەنــگاوی گرینگــی لــە پێنــاو ئــازادی، هەڵکــردن، جیایــی دیــن لــە دەوڵــەت، حکوومەتــی یاســا و یەکســانی و... هەڵگرتــووە. «حوسـێن بشـیریە» مێـژووی ئـەو سـێ سـەدەی لیبراڵیـزم بـەو شـێوەیە دابــەش دەکات: «بــە شــێوەیەکی گشــتی لــە ســێ ســەدەی بیــری لیــبراڵ- دێموٚکراتیــک، چــوار نــەوە دەناسرێنــەوە: یەکەمیــان، نــەوەی پێــش دێموٚکراتیــک، کــە لەســەر بنەمــای ئازادیــی نەرێنــی و پیرۆزیــی خاوەنداریەتیــی تاکەکەســی و دەوڵەتــی بچــووک و ئابووریــی ئــازاد جەخــت دەکەنــەوە؛ دووەمیــان، نــەوەی دێموٚکراتــەکان کــە لــە کۆتایــی ســەدەی نــۆزدە هەوڵــی تێکەڵکردنــی لیبراڵیزمــی کلاســیک لەگــەڵ بنەمـای دێموٚکراسـییان دا؛ سـێیەمیان نـەوەی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم کـە لیـبراڵ- دێموٚکراسـی لەگـەڵ هەندێـک بنەمـای سوسـیالیزم و ئابووریـی دەوڵەتـی (وەک بنەمـای دابینکردنـی ئارمانـە سـەرەکییەکانی لیبراڵیـزم) تێکـەڵ کـرد و لەسـەر ئازادیـی ئەرێنـی جەختیـان کـردەوە و چوارەمیـان نـەوەی نیئـۆ لیبراڵەکانـی نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم

---

٤ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

کــە هەوڵــی بووژاندنــەوەی بنەمــای لیبراڵیزمــی ســەرەتاییان دەدا».[٥]

بـــەڵام ئـــەوەی لێـــرەدا زیاتـــر ڕەچـــاو دەکەیـــن ئـــەو ڕێـــڕەوە مێژووییەیــە کــە لیبراڵیــزم پێیــدا تێپــەڕ بــووە. چونکــە «لــە ڕوانگــەی مێژووییــەوە دەتوانیــن لیبراڵیــزم وەکــوو زەنجیــرە ســتراتیژییەک بزانیــن بــۆ زیادکردنــی ئــەو ئازادییانــە کــە هەمــوو بــە شــێوەیەکی یەکســان شــایانی کەڵــک وەرگرتنیــن».[٦]

«وشــەی لیــبراڵ وەک وشــەی ئــازادی (liberty) لــە ڕیشــەی لاتینیــی liber بــە واتــای ئــازاد وەرگیــراوە».[٧] هــەر چەنــد هەندێــک جــار ئــەو وشــەیە وەک قســەیەکی نەشــیاو بــە دژی هەندێــک کــەس بــەکار هێنــراوە، چونکــە بــە مانــای نەرێنــی کەســێک کــە بــۆ خــۆی ئازادیــی کــردار بــە ڕەوا دەزانێــت، پەیــڕەوی نــاکات لــە نرخــەکان، بەکاریــان دەهێنــا. بــەڵام ئــەو بەکارهێنانــە زۆر ســنووردار و کــەم بــووە، چونکــە هــەر لــە کۆنــەوە بــە واتــای ئەرێنــی زۆر بــەو وشــەیەوە لکێنــراوە لــە ســەرەتادا وشــەی لیــبراڵ ئــەو مانــا سیاســییەی ئەمــڕۆی نەبــوو، بەڵکــوو بــە مانــای شــێوازێکی تایبەتــی پــەروەردە و ڕاهێنــان بــەکار دەهــات. لــە ســەدەکانی نێوەڕاســت ئــەو وشــەیە دوو بابەتــی لەخــۆ دەگــرت: یەکەمیــان پــەروەردە و ڕاهێنانێکــی بەربــڵاو و هەمەلایەنــە بــوو و دووەمیــان پــەروەردەی پیاوێکــی شــەریف و ئــازاد و شــارۆمەندێکی

---

٥ بشیریه حسین، تاریخ اندیشه‌های سیاسی در قرن بیستم (٢) لیبرالیسم و محافظه‌کاری، نشر نی ١٣٧٦-١٣٧٨

٦ رابرت اکلشال، مقدمه‌ای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمه‌ی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

٧ ویراستاران، بال ترنس، دگر ریچارد، ارمانها و ایدئولوژیها، مترجم احمد صبوری کاشانی، تهران ١٣٩٠

جێگـــەی شـــانازی بـــوو».[٨]

لیبراڵیـــزم لـــە چەنـــد بەســـتەری جیـــاواز دەتوانرێـــت لیکۆڵینـــەوەی لـــێ بکرێـــت، یـــان هـــەر بنەمایەکـــی لیبراڵیـــزم بـــۆ ســـەردەمێکی جیـــاواز بگەڕێندرێتـــەوە، بـــۆ نموونـــە یەکێـــک لـــەو بنەمایەنـــەی لیبراڵیـــزم سـێکۆلاریزمە، واتـە جیایـی دیـن لـە دەوڵـەت و سیاسـەت، ئـەو بنەمایـە لـــە ئێســـتاش بـــە جۆرێـــک وەک یەکێـــک لـــە ناســـنامەکانی لیبراڵـــەکان هەژمـــار دەکرێـــت، ســـەرچاوەکەی بـــۆ ئـــەو گۆڕانکارییانـــەی «مارتیـــن لوتێـــر» (١٤٨٣- ١٥٤٦) کـــە لـــە ئایینـــزای پروتســـتان لـــە مەســـیحییەت هێنایـــە ئـــاراوە دەگەڕێندرێتـــەوە، یـــان لـــە ڕووی سیاســـییەوە «یەکەمیـــن بەکارهێنانـی ئاشـکرای ئـەو وشـەیە لایەنگریـی سیاسـی نیشـان دەدا کـە لەنێـوان سـاڵەکانی ١٨١٠-١٨٢٠ لـە ئیسـپانیا بـەکار دەهـات، لیبراڵـەکان کەســانێک بــوون بــە شــێوەیەکی نەریتــی دژی پاشــایەتیخوازەکان (ئــەو گرووپـــەی ســـەر بـــە ئـــەوان بـــوون وەک ئـــەشراف و ئاخونـــدەکان و زەویـــداران) بـــوون».[٩]

بـــەڵام باشـــترین لێوردبوونـــەوە لـــە لیبراڵیـــزم بـــە خوێندنـــەوەی مێـــژووی نوێـــی بریتانیـــا وەدەســـت دەکەوێـــت. ســـەرەتای ئـــەو باســـەش بـــۆ «تۆمـــاس هابـــز» (١٥٨٨-١٦٧٩) دەگەڕێتـــەوە کـــە ویســـتی لەســـەر بنەمـــای مافـــی سروشـــتیی مـــرۆڤ ســـەرلەنوێ بنەماکانـــی حکوومـــەت دابڕێژێتـــەوە، «تۆمـــاس» هزرەکانـــی لـــە کتێبـــی لواتایانـــی خۆیـــدا بـــڵاو کـــردەوە. دواتـــر ئـــەوە جـــۆن لـــۆک بـــوو کـــە بنەمـــا ســـەرەکییەکانی

٨ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

٩ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

لیبراڵیزمـی داڕشـت. ئـەو بنەمایانـە لەسـەر بنەمـای دژایەتیـی حکوومەتـی پاشـایەتی و ئایینـی خـۆی دەدیتـەوە، لـۆک دەیـوت: «مافـی سروشـتیی هـەر کەسـێکە کـە ژیـان بـکات، ئـازاد بێـت و خاوەنـی دارایـی بێـت، هیـچ کـەس بەبـێ ڕەزامەندیـی ئێمـە دەسـەڵاتی بەسـەر ئێمـەدا نییـە، هـەر حکوومەتێـک کـە مافەکانـی ئێمـە پێشـێل بـکات، ئێمـە ئازادیـن کـە پەیڕەویـی لـێ نەکەیـن، لـە ڕاسـتیدا ڕێگەمـان پـێ دەدات کـە حکوومـەت بڕووخێنیـن و حکوومەتێکـی نـوێ دابمەزرێنیـن».[١٠]

بیرۆکەکانـی لـۆک و هەروەهـا بیرمەندەکانـی دیکـەی سـەرەدەمی ڕۆشـنگەری کاریگەریـی زۆری لەسـەر تـاک و کۆمەڵگـە و دامـەزراوەی حکوومـەت دانـا، دیارترینـی ئـەو شـوێندانەرییە دەتوانیـن ئامـاژە بـە دوو شۆڕشـی ئەمریـکا و فەڕانسـە بکەیـن، ئـەو دوو شۆڕشـە کـە لەلایـەن مێژوونووسـان و بیرمەنـدان بـە ڕووداوی گرینگـی هەمـوو ژیانـی مرۆڤایەتـی دەزانرێـن، بنەماکانـی لیبراڵیـزم بـە باشـی لـە یەکەمیـن ڕاگەیەندراوەکانیانـدا ڕەنگـی داوەتـەوە.

لـە ڕاگەیەنـدراوی سـەربەخۆیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکادا لـە سـاڵی ١٧٧٦هاتـووە: «ئێمـە ئـەو حەقیقەتـە حاشـاهەڵنەگرە دەزانیـن کـە هەمـوو مرۆڤـەکان یەکسـان لەدایـک بـوون کـە خـوا مافـی دیاریکـراوی کـە شـیاوی گواسـتنەوە نییـە، پێیـان داوە، مافـی ژیانکـردن، ئـازادی و بـە دوای بەختەوەریبـوون لـەو مافانـەن، دەوڵەتـەکان بـۆ دابینکردنـی ئـەو مافانـە لەنێـوان مرۆڤـەکان دامـەزراون و دەسـەڵاتی

---

١٠ ویراستاران، بال ترنس، دگر ریچارد، ارمانها و ایدئولوژیها، مترجم احمد صبوری کاشانی، تهران ١٣٩٠

خۆیـان لـە ڕەزامەندیـی خەڵـک وەردەگـرن».[١١]

ئـەو بابەتـە هـەر بـەو ڕوونییـەش لـە ڕاگەیەنـدراوی مافـی مـرۆڤ و شـارومەندان، پەسـندکراوی پارلمانـی نەتەوەیـی فەڕانسـە لـە سـاڵی ١٧٨٩ دەردەکەوێـت؛ لـە مـادەی یەکەمـی ئـەو ڕاگەیەنـدراوەدا هاتـووە: «مرۆڤـەکان لـە ڕوانگـەی مافەکانیانـەوە یەکسـان و ئـازاد لەدایـک دەبـن و بـەو شـێوەیە دەمێننـەوە».[١٢]

ئـەو تێڕوانینـە بـۆ حکوومـەت لـەو بابەتـە سـەرچاوەی دەگـرت کـە لیبراڵیـزم بـاوەڕی بـە تاکگەرایـی هەیـە و هـەر ئـەو بابەتـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە بـە پێچەوانـەی دونیـای سـەدەکانی نیوەڕاسـت، مـرۆڤ بـە تـەوەر و سـەنتەر بزانرێـت. «تاکگەرایـی (Individualism) یەکەمیـن جـار لـە ڕێگـەی ئالکسـی دوتوکویـل کۆمەڵناسـی فەڕانسـەوی سـەبارەت بـە کۆمەڵگـەی ئەمریکایـی بـەکار هێـنرا».[١٣] ئـەو تاکگەراییـە کـە وەک گەوهـەری لیبراڵیـزم دەناسرێـت بـەو شـێوەیە پێناسـە دەکرێـت: «تاکگەرایـی نێوەڕۆکـی مێتافیزیکـی و ئۆنتۆلۆژیـی بیـری لیبراڵـی و بنەمـای بوونـی ئەخلاقـی، سیاسـی، ئابـووری و کەلتوورییـە. دەڵێـت تـاک حەقیقیـتر و گرینگـترە لـە کۆمەڵگـە».[١٤]

هـەر وەک کـە لـە مانـای وشـەی لیبراڵـدا کـە بـە مانـای ئـازادی

---

١١ ویراستاران، بال ترنس، دگر ریچارد، ارمانها و ایدئولوژیها، مترجم احمد صبوری کاشانی، تهران ١٣٩٠

١٢ ویراستاران، بال ترنس، دگر ریچارد، ارمانها و ایدئولوژیها، مترجم احمد صبوری کاشانی، تهران ١٣٩٠

١٣ الهی تبار علی، درامدی بر لیبرالیسم بررسی و نقد مبانی، تهران ١٣٩١

١٤ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

دێــت، ئــازادی یەکێــک لــەو نرخــە هــەرە گرینگانەیــە کــە لیبراڵیــزم لەســەری دواوە، تەنانــەت ئەگــەر دژایەتیــی حکوومەتــی ملهــوڕی کــۆت و زەنجیــری کلیســای کــردووە، هــەر وەک لــە ڕاگەیەندراوەکانــی شــۆڕشــی ئەمریــکا و فەڕانسەشــدا بــە ڕوونــی هاتــووە، دابینکردنــی ئازادییــە، «ئازادیــی تاکەکەســی بــە ئاشــکرا یەکێــک لــە نرخەکانــی ســەرەتایی لیبراڵیزمــە».[١٥] ڕەوتــی میــژووی لیبراڵیــزم بــە درێــژای چەنــد ســەدەی ڕابــردوو بــەردەوام لەســەر ئــەو بابەتــە تاوتــوێ دەکات کــە دەبــێ ئازادیــی مــرۆڤ دەســتەبەر بێــت، «قوتابخانــەی لیبراڵیــزم بــە واتایەکــی بەرفــراوان واتــە بــاوەڕ بــە ئــەوەی کــە مــرۆڤ ئــازاد لەدایــک دەبێــت و خاوەنــی هەڵبــژاردن و ئیرادەیــە و دەبــێ مۆڵەتــی پــێ بدرێــت بــە هــەر ڕادەیــەک کــە مومکیــن بیــت خــۆی پــەروەردە بــکات، هــەر بۆیــە دەتوانیــن لیبراڵیــزم بــە مەکتــەب یــان فەلســفەی ئازادیخوازیــش نــاوی لــێ بنێیــن».[١٦]

لیبراڵیــزم کــە بــاس لــە حکوومــەت دەکات، مەبەســتیەتی کــە ســنووری دەســەڵاتی حکوومــەت بــۆ دەســتێوەردان یــان پاراســتنی ئــازادی دیــاری بــکات، ئــەو بابەتــەش وای کــردووە حکوومــەت لــە ســەردەمی جیــاوازی لیبراڵیــزم ڕۆڵــی جیــاوازی هەبێــت، ئەگــەر لــە ســەرەتادا «لیبراڵــە ســەرەتاییەکان لــە خەبــات بەرانبــەر دەســەڵاتی ملهــوڕ و ئــەو ئیمتیازاتــەی کــە چینــی ئــەشراف هەیبــوو، هەوڵیــان دا کــە ســنوورەکانی

---

١٥ رابرت اکلشال، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

١٦ پــازارگاد د. بهاءالدیــن، مکتبهــای سیاســی و فهنــگ مختــصر عقایــد و مــرام هــای سیاســی، انتشــارات اقبــال

دەسـەڵاتی دەوڵـەت بچووکـتر بکەنـەوە، بـە گوێـرەی بەڵگەکانـی لیبراڵـەکان، ئازادیـی تاکەکەسـی پێوسـتی بـە ئـەوە هەیـە کـە دەوڵـەت نەتوانێـت دەسـتێوەردان لـە بەشـێک لـە ئازادییـە مەدەنییـەکان بـکات، لەوانـە ئازادیـی کۆکردنـەوەی سـامان، هەروەهـا دەربڕینـی بۆچـوون و پەیڕەویکـردن لـە ویـژدان لـە بابەتـە ئایینییـەکان».[17]

ئـازادی گرینگتریـن نرخـی ئایدۆلۆژیـای لیبراڵیزمـە کـە لـە سـەرەتادا بـە مانـای نەبوونـی بەربەسـت دەهـات، تـی ئێـچ گریـن (١٨٨٢-١٨٣٦) ئازادیـی بـەو مانایـە بـە ئازادیـی نەرێنـی دەزانێـت، هەروەهـا «ئازادیـی ئەرێنـی بـە واتـای توانـای بـە ئـاکام گەیشـتن یـان گەیشـتن بـە ئارمـان یـان باشـتر دێـت». ئـەو پێناسـە جیاوازانـەی کـە لـە شرۆڤـەی چییەتـی و چۆنیەتیـی ئـازادی دروسـت بـوو، شـوێندانەریی لەسـەر ڕۆڵ و هەڵسـوکەوتی دەوڵـەت دانـا بـۆ ئـەوەی هـەوڵ بـدات ئازادیـی ئەرێنـی بـۆ کۆمەڵگـە دابیـن بـکات.

ئـەو تێڕوانینـە بـۆ دەسـەڵاتی حکوومـەت زۆری نەخایانـد کـە گۆڕانکاریـی بەسـەردا هـات، ئـەو گۆڕانکارییانـە لـەو ڕوانگەیـەوە سـەرچاوەیان دەگـرت کـە بـۆ دابینکردنـی ئـەو ئازادییـەی کـە لـە لیبراڵیزمـدا مەبەسـت بـوو دەبـا ڕۆڵـی دەوڵـەت زیاتـر بەرچـاو بـا، هـەر بۆیـەش لـە قوناغـی دواتـر بـاس لـە حکوومـەت وەک پێویسـتییەکی شـەڕ یـان خـەراپ بزانرێـت، هاتـە نێـو ئایدیۆلۆژیـای لیبراڵیزمـەوە؛ تامـس پیـن (١٨٠٩-١٧٣٦) گـەورە فەیلەسـوفی بریتانیایـی لەسـەر

---

١٧ رابرت اکلشال، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

حکوومـــەت دەڵێـــت: «حکوومـــەت لـــە باشـــترین دۆخـــدا شـــەڕێکی پێویســـتە و لـــە خراپتریـــن دۆخـــدا، شـــیاوی بەرگەگرتـــن نییـــە».[١٨]

بـــە ڕەچاوکردنـــی ئـــەوەی بـــە دەرکەوتنـــی لیبراڵیـــزم دەســـەڵاتی پاشـــایەتی و کلیســـا و نەجیبـــزادەکان کـــەم و کەمـــتر بـــووە، بـــەڵام توێژێکـــی دیکـــە توانییـــان ســـەر هـــەڵ بـــدەن، ئەویـــش توێـــژی بـــورژوا بـــوو کـــە بـــە کەڵکوەرگرتـــن لـــە ئازادیـــی ئابـــووری دەوڵەمەنـــد بـــوون، بـــە تایبەتـــی گەشـــەی لەڕادەبـــەری پیشەســـازی و دەوڵەمەندبوونـــی ژمارەیـــەک کـــەم و هەژاربوونـــی توێژێکـــی زۆرتـــر و زۆرتـــر، بـــاس لـــەوە کـــرا کـــە دەبـــێ دەوڵـــەت بـــە کەڵکوەرگرتـــن لـــە دەســـەڵاتەکەی هەوڵـــی باشـــترکردنی دۆخـــی ئـــەو چینـــە بـــدات کـــە ببێتـــە هـــۆی ئـــەوەی کـــە هەمـــووان دەرفەتـــی یەکســـانیان لـــە کۆمەڵگـــەدا هەبێـــت، هەروەهـــا ئـــەو وابەســـتەییەی کـــە بەهـــۆی هەژارییـــەوە دەهاتـــە ئـــاراوە، دەبـــووە هـــۆی پێشـــێلکردنی ئازادییەکـــەی. «لیبراڵیـــزم بەرهەمـــی ڕووخانـــی فێئۆدالیـــزم و گەشـــەی کۆمەڵگـــەی بـــازاڕ یـــان ســـەرمایەداری لـــە جیـــگای ئـــەو بـــوو»؛[١٩] لێـــردا بـــوو کـــە لیبراڵیـــزم و ســـەرمایەداری وەک دوانـــەی لێکدانەبـــڕاو پێکـــەوە بەســـتران.

بـــۆ باشـــتربوونی دۆخـــی هـــەژاران یـــان باشـــتر بڵێیـــن کرێـــکاران، بـــە مەرجێـــک کـــە گرینگیـــی نرخـــی ئـــازادی بـــە باشـــی لـــە لیبراڵیزمـــدا بمێنێتـــەوە، هەوڵـــی لیبراڵیســـتەکانی قوناغـــی پیشەســـازیی بریتانیـــا بـــوو، جـــان ســـتوارت میـــل (١٨٠٦-١٨٨٣) یەکێـــک لـــەو فەیلەســـوفانە بـــوو کـــە

---

١٨ پیم تامس، عقل سلیم، ترجمه رامین مستقیم، تهان ١٣٨١

١٩ هیود اندرو، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران ١٣٨٩

لــەو بــوارەدا ڕۆڵــی گرینگــی گیــڕا، «مەیلــی «جــان اســتوارت میــل» بــۆ کۆمەڵگەیەکــی کــراوە کــە چەندیــن هێــزی سیاســیی دروســت کردبێــت، تێگەیشــتنەکەی بــۆ دێمۆکراســی بــوو. ئــەو بەرگریــی لــە مافــی دەنگــدان بــۆ پیــاوان و (بــە پێچەوانــەی لیبراڵەکانــی ســەرەتایی) ژنانــی باڵــغ بــوو، لــە ســاڵی ١٨٦٩ بــۆ ئــەو بابەتــە چەندیــن پێشــنیاری بــۆ دابینکردنــی مافــی یەکســانی بــۆ ژنــان لــە دادوەری و سیاســەتیش پێشــکەش کــرد».[٢٠]

ئــەو خســڵەتەی لیبراڵیــزم کــە دەتوانێــت خــۆی لــە نێوخــۆی خۆیــدا بــۆ گرفتەکانــی چارەســەر بدۆزێتــەوە، تەنانــەت نرخەکانــی ئایدیۆلۆژیاکانــی دیکــە بــە جۆرێــک کــە لــە ڕەنگــی ئــازادی کــەم نەکاتــەوە، لەنێــو خۆیــدا بەرجەســتە بــکات، بــە دەوڵەمەندیــی لیبراڵیــزم هەژمــار دەکرێــت، هــەر ئــەوەش وای کــرد و بــە گوێــرەی ســەردەم خــۆی نــوێ بکاتــەوە، وڵامــی پێداویســتییەکانی گەشــەی کۆمەڵگــە بداتــەوە، هەروەهــا شــتێک بــە مانــای کۆتایــی لیبراڵیزمــمان گــوێ لــێ نەبێــت و بــەردەوام بەشــێکی بەرچــاوی بیرمەنــدان خۆیــان بــە بەشــێک لــە دونیــای ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە بزانــن.

ئەمــڕۆ «لیبراڵیزمــی ســەدەی بیســتەم لەســەر پێداویســتیی بەشــداریی سیاســیی هەمــوو گــرووپ و چینــە کۆمەڵایەتییــەکان، بەرەنــگاری لەگــەڵ هــەژاری و بێــکاری، پتەوکردنــی دامــەزراوەی پارلمــان، بەرپرســیاریەتیی کۆمەڵایەتیــی دەوڵــەت (دەوڵەتــی ئەرێنــی) و لــەو بابەتــە بــاس دەکات،

٢٠ رابرت اکلشال، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

بــەو شــێوەیە لیبراڵیــزم لــە ١٨٨٠ هەتــا ١٩١٤ ڕوانگەیەکــی ئەرێنــی و دێمۆکراتیکــی بەخــۆوە گــرت».[٢١]

فەیلەســوفی نــاودار کارێــل پوپــر (١٩٠٢-١٩٩٤) کــە لــە بــواری فەلســەفەی زانســتدا لــە فەیلەســوفە هــەرە ناودارەکانــی ســەدەی بیســتەمە، هێرشــبەری لێهاتــووی ســەر ئەفلاتــون و هگێــل و مارکــس بەهــۆی ئــەوەی کــە بنەمــای توتالیتەریســتیان داهێنــاوە، هەبوونــی ئــازادی بــە مەرجــی پێشــکەوتن دەزانێــت و ئــەو ئازادییــەش لــە هەمــوو شــوێنێک باشــتر لــە لیبراڵیزمــدا بــەدی هاتــووە، هــەر بۆیــەش ئامــاژە بــە کاریگەریــی ئــەو ئایدیۆلۆژیایــە لــە پێشــکەوتنی مرۆڤایەتــی و بەلاڕێــدا نەچوونێــک کــە تــا ســەر بــە زیــان بەســەر مرۆڤایەتــی هەژمــار بکــرێ،ت بــە گرینــگ دەزانێــت.  بــە چاوخشــاندنێک لــە مێــژوو و بنەماکانــی لیبراڵیــزم دەتوانیــن زۆر بــە باشــی تێبگەیــن کــە «ئامانجــی ســەرەکیی لیبراڵــەکان بەربەرەکانــێ لەگــەڵ زۆرداریــی چینایەتــی، خەڵکــی، ئایینــی و حیزبــی بــووە».[٢٢] بــەڵام ئــەوەی گرینگــتر لــەوەش دەکرێــت وەک وانەیەکــی مێژوویــی بــۆ داهاتــوو هەڵگریــن ئەوەیــە، دەکرێــت ئایدیۆلۆژیایــەک کــە دەتوانێــت زیاتــر لــە تیۆریــی زانســتی نزیــک بێــت، واتــە هەڵگــری ئازادیــی ڕەخنــە لەخۆگرتــن بێــت، هەبێــت، هــەر ئــەو بنەمایــە چ لــە چوارچێــوەی لیبراڵیــزم یــان لــە چوارچێــوەی هــەر

---

٢١ بشیریه حسین، تاریخ اندیشه‌های سیاسی در قرن بیستم (٢) لیبرالیسم و محافظه‌کاری، نشر نی ١٣٧٦-١٣٧٨

٢٢ بشیریه حسین، تاریخ اندیشه‌های سیاسی در قرن بیستم (٢) لیبرالیسم و محافظه‌کاری، نشر نی ١٣٧٦-١٣٧٨

ئایدیایەکـی دیکـە بێـت، دەتوانێـت ببێتـە هـۆی سـەرکەوتنی زیاتـری، ئەگـەر نیئۆلیبراڵیزمـەکان ئەمـڕۆ بانگەشـەی گەڕانـەوە بـۆ لیبراڵیزمـی سـەرەتایی دەکـەن، بـە مانـای گەڕانـەوەی ئـەوان بـۆ خاڵـی سـیفر نییـە، بەڵکـوو ئـەوە حکوومەتـە نوێیەکانـن بـە ئامـرازە نوێیەکانیـان دەگەڕێنـەوە بـۆ خاڵـی سـیفر، چونکـە خەمـی پێشـێلکرانی ئـازادی بـە شـێوەی نـوێ، خەمێکـی گەورەیـە. هـەر بۆیـەش ئـەو هەوڵدانـە بـۆ خۆگونجانـدن کـە خزمـەت بـکات بـە بنەمـا سـەرەکییەکانی وەک ئـازادی، پێویسـتە بـە وانەیەکـی گرینـگ بزانیـن. تەنانـەت ئەگـەر لێکچوونێکیـش نەبێـت ئـەم بابەتـە لەمـەڕ پرسـی کوردایەتیشـمان پێویسـتە، واتـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـازادی کـە گرنگتریـن نرخـە تـا بـە ئێسـتاش دەبـێ هێڵەکانـی خەباتـی کوردایەتـی لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی سـەردەم بگونجێـن.

لیبراڵیـزم لـەو خاڵـەوە دەسـتی پـێ کـرد کـە مرۆڤـی لـە سـەنتەری جیهـان دانـاوە، بـە داهێنانـی تاکگەرایـی بایەخـی پـێ دا و دواتـر لەسـەر ئـەوە جەختـی کـردەوە کـە ئـەو مرۆڤـەی کـە لـە سـەنتەری جیهانـە زۆر گرینگـە، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بەختـەوەر بێـت و پێـش بکەوێـت دەبـێ ئـازاد بێـت، تەنانـەت گرینگتریـن ئەرکـی دامـەزراوەکان و بـە تایبەتـی حکوومـەت بـە هەبـوون یـان نەبوونـی بـە بچـووک یـان کەمێـک گەورەتربوونـی، بـۆ پاراسـتن و دابینکردنـی ئـەو ئازادییـە زانـی، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو کەنـد و کۆسـپانەی لەسـەر ڕێـگای لیراڵیـزم بـە درێژایـی مێـژوو، هەمـوو شارسـتییەتی ڕۆژاوا و ئـەو نرخانـەی گەردوونـی کـە

بـەدی هاتـوون، دەکرێـت بـە هەبوونـی ئـەو ئایدیایـە و گرینگیـی دانەکـەی بـە مـرۆڤ و ڕاسـیونالیتەی مـرۆڤ و ئازادبوونـی بزانیـن. لـە هەمووشـی سەرنجڕاکێشـتر ئـەو پرۆسـەیە یەکێـک لـەو پرۆسـە سـەرکەوتووانەی دونیـای ئێسـتامانە کـە وەک هەمیشـە وێـڕای کەنـد و کۆسـپەکان بەردەوامـە.

# ناسیۆنالیزم

*ئەگەر داوای حاکمییەتی ئاشتی و داد لە سیستەمی جیهانی دەکەین، دەبێ نەتەوەکان ئازاد، سەربەخۆ و پارێزراو لە هەڕەشەی دەرەکی بن.*

*«اندرو وینسنت»*

یەکێـک لـەو ئایدیۆلۆژیـا سیاسـییەی کـە بـەردەوام لـە دوو سـەدەی ڕابـردوو باسـی لەسـەر کـراوە ناسـیۆنالیزمە، ئـەو ئایدیایـەی کـە بناغـەی سیاسـت و حکوومـەت و سیسـتەمی ئێسـتای جیهانـی، بـە هەمـوو کـەم و کـوڕی و لایەنـە باشـەکانی دەزانرێـت. سـەرەڕای هەمـوو هەوڵەکانـی بـە جیهانـی بـوون و تەنانـەت لێکنیزیکبوونـەوەی دانیشـتیووانی دونیـا، بەهـۆی شۆڕشـی پەیوەندییـەکان و زانیـاری، ئـەو هەمـوو گۆڕانکارییانـەی کـە دوای زیاتـر لـە دوو سـەدە هاتنـە ئـاراوە، هەسـتی نەتەوەیـی لەنێـوان تاکەکانـی کۆمەڵگـەی جیـاواز نـەک لەنێـو نەچـووە، بەڵکـوو لـە هەندێـک شـوێن زیاتریـش بـووە، لەوانەیـە جیابوونـەوەی وڵاتـی بریتانیـا لـە یەکێتیـی ئورووپـا و سـەرکەوتنی «دوناڵـد ترامـپ»

لــە هەڵبژاردنەکانــی ســەرۆککۆماری لــە ســاڵی ٢٠١٦ی ئەمریــکا بــە دروشــمی «America first» واتــە ســەرەتا ئەمریــکا، هەروەهــا زۆر بابەتــی دیکــە بــە تایبەتــی کــە لــە کاتــی پەتــای کۆرۆنــا هاتنــە پێــش، بەشــێکی بچووکــی ئــەو ڕاســتییانە بــن کــە شــایەدی دەدەن ئــەو ئایدیایــە بــە شــێواز و بیــری جیــاواز یــان هــەر وەک پێشــوو لــە ڕۆژەڤدایــە، هــەر دوور نەڕۆیــن وەک کوردێــک ئێســتاش ڕۆژانــە دەبــێ خەریکــی ســەلماندنی نەتەوەبوونــی کــورد بــۆ ئــەو ناسیۆنالیســتە شۆڤێنیســتانەی نەتەوەکانــی دەوروبــەر بیــن و خەباتــی نەتەوەییمان بــۆ ئــەوەی مافــە نەتەوەییەکانمــان دابیــن بکەیــن بەردەوامــە. هــەر بۆیــەش وردبوونــەوە لــەو ئایدیایــە و لێکدانــەوەی لایەنــە ئەرێنــی و نەرێنییەکانــی، بــە تایبــەت بــۆ ئێمــەی کــورد پێداویســتییەکی حاشــاهەڵنەگرە، لــە ڕێگــەی شــیکردنەوەی هەرچــی زۆرتــری ئــەو ئایدیایــە، دەتوانیــن لــە سیاســەتی ناسیۆنالیســتانەی نەتەوەکانــی دەوروبــەر تێبگەیــن، هەروەهــا وەک ئایدیایەکــی بەرچــاو ئــەوەی بــە کەڵکــمان دێــت بــۆ دۆخــی ئێســتای خەباتمــان کەڵکــی لــێ وەرگریــن. چونکــە بــە شــێوەیەکی گشــتی «ناســیۆنالیزم نــەک تەنیــا لەبــەر قەیرانــەکان و شــەڕی ئاشــکرا، بەڵکــوو بەهــۆی ئــەو گرینگییــە زۆرەی کــە بــە شوناســی کۆمــەڵ دەدات و لــە چاخــی مودێرنیــش لەبــەر شــێوەی تایبەتــی دەوڵــەت لــە دوو ســەدەی ئاخیــر کــە هەبــووە، جێــگای ســەرنجە».[١]

لەلایەکــی دیکــەوە ناســیۆنالیزم بەهــۆی ئــەوەی کــە پەیوەندییەکــی

---

١ کالهون کریگ ج، ناسیونالیسم، مترجم محمد رفیعی مهرابادی، تهران ١٣٩٢

قووڵـی بـە هەسـتی زۆربـەی تاکـەکان لـە بەرانبـەر نیشـتمان و نەتـەوە و هەروەهـا هاونیشـتمانییانی هەیـە، لـە ژیانـی مرۆڤایەتـی گرینگـی دەنوێنێـت، «ناسـیۆنالیزم لەبـەر ئـەوەی هاوکاریـمان دەکات هەتـا شوناسـی خۆمـان بناسـین، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی سـەرچاوەی ئیلهـام بـۆ هونەرمەنـدان و ئاوازدانەرانـە و ئێمـە بـە مێـژوو و بـەو شـێوەیە بـە هەرمـان دەبەسـتێتەوە، خـاوەن هێزێکـی سـۆزدارییە».[٢]

ئـەوەی لـە ناسـیۆنالیزمدا لەوانەیـە زیاتـر لـە ئایدیاکانـی دیکـەش بەرچـاو بێـت، کاریگەرییەکەیەتـی لەسـەر ئـەو دونیابینییـەی کـە مـرۆڤ بـۆ خـۆی و دەوروبـەری هەیەتـی، ئەگـەر بابەتـی ناسـنامە لـە ژیـان و هـزری مـرۆڤ بەشـێکی گرینگـی ئـەو تێڕوانینـە بـۆ خـۆی و دەوروبـەری بێـت، بـە واتەیەکـی دیکـە بـۆ پێناسـەی خـۆی کـە کێیـە و پەیوەندیـی ئـەو لەگـەڵ شـوێنی لەدایکبوونـی چـۆن ڕێـک دەخرێـت، ئـەوا پەنـا بـە بەرجەسـتەبوونی ئـەو ئایدیـا دەبـات، لێرەدایـە کـە «ناسـیۆنالیزم تەنیـا پرسـێکی سیاسـی نییـە، بەڵکـوو بابەتێکـی کەلتوورییـە و پەیوەندیـی بـە شوناسـی تاکەکەسیشـەوە هەیـە».[٣]

بـۆ ناسـینی ناسـیۆنالیزم دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ گەوهـەری ئـەو ئایدیایـە کـە نەتەوەیـە، چونکـە «ناسـیۆنالیزم، نەتـەوە وەک پێگـەی مافـی سیاسـی دیـاری دەکات»[٤]، ئـەو چەنـدە بەتایبەتـی لـە دوای دەرکەوتنـی ناسـیۆنالیزم لـە دوو سـەدەی ڕابـردوو وەک

٢ کالهون کریگ ج، ناسیونالیسم، مترجم محمد رفیعی مهرابادی، تهران ١٣٩٢

٣ کالهون کریگ ج، ناسیونالیسم، مترجم محمد رفیعی مهرابادی، تهران ١٣٩٢

٤ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

ڕاســتییەک خــۆی دەنوێنێــت کــە چــۆن نەخشــەی ئیمپراتۆریــی جیــاواز ســڕدراونەتەوە و بــە دەیــان وڵات لەســەر بنەمــای نەتــەوە دروســت بــوون، بــە تایبەتــی لــە دوای شــەڕی دووەمــی جیهانیــدا لــە ئاکامــی ئــەو بابەتــەدا سیســتەمی نەتەوە/دەوڵــەت لــە دونیــای نوێــدا ڕێکخراوێکــی وەک نەتــەوە یەکگرتــووەکان بەرهــەم دەهێنێــت کــە زیاتــر لــە ڕێکخــراوی نەتــەوەکان ڕێکخــراوی دەوڵەتانــە، بــەڵام ئەمــە بــە جۆرێــک ڕەنگدانــەوەی ئــەو بابەتەیــە کــە بــە شــێوەیەکی گشــتی دەوڵەتــەکان لەســەر بنەمــای ئایدیــای ناسیۆنالیســتی کــە نەتــەوە بــە تــەوەر وەردەگرێــت، دروســت بــوون.

وشــەی «نەتــەوە(nation) لــە وشــەی لاتینــی nasci واتــە لەدایکبــوون وەرگیــراوە»[٥]؛ یەکــەم دەرکەوتنــی نەتــەوە بــۆ زۆر کــۆن دەگەڕێتــەوە، تەنانــەت ئەگــەر لــە شــوێن و ســەردەم و چاخــی جیــاوازدا پێناســەی جیــاواز یــان مانەیەکــی جیاوازیشــی هەبێــت؛ «وشــەی نەتــەوە وشــەیەکی کۆنــە (بــەڵام وشــەی ناســیۆنالیزم هەتــا ڕادەیــەک نوێیــە)، بــەڵام پێــش لــە چاخــی نــوێ وشــەی نەتــەوە تەنیــا بــە مانــای خەڵکێــک بــوو کــە بەهــۆی شــوێنی لەدایکبوونیــان و کەلتــووری هاوبــەش لەگــەڵ یەکــتر پەیوەندییــان هەبــوو. ئــەو وشــەیە نیشــانەی بابەتێکــی وەکــوو شوناســی گرووپــە بچــووک و گــەورەکان نەبــوو، هەروەهــا واتــای سیاســیی ئاشکراشــی نەبــوو».[٦]

نەتــەوە بابەتێــک نییــە کــە لــە یــەک کات و لــە شــوێنێکی دونیــا

٥ هیود اندرو، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم تهران، نشر نی ١٣٨٩

٦ کالهون کریگ ج، ناسیونالیسم، مترجم محمد رفیعی مهرابادی، تهران ١٣٩٢

سەری هەڵ دابێت و بەرەو شوێنەکانی دیکەی دونیا بڵاو ببێتەوە، بۆ ئەوەی کە پێویستیمان بە پێناسەی بوو بگەڕێینەوە سەرچاوە و پێناسەیەکی تۆکمە و یەکسانمان دەست بکەوێت، وێڕای ئەوە بیرمەندان و نەتەوەکانی جیاواز، هەر کامیان و بە گوێرەی بیر و پێداویستییەکانی خۆیان و تێڕوانینی خۆیان بۆ نەتەوە پێناسەی نەتەوەیان کردووە، «گرفتی پێناسەی نەتەوە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆربەی نەتەوەکان تێکەڵەیەک لە تایبەتمەندیی بابەتی و زەینی و ئاکاری فەرهەنگی و سیاسی دروست دەبن».[7]

لەمەڕ پێناسەی نەتەوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی زیاتر لە هەموو تایبەتمەندییەک گرینگی بە بابەتی زمانی هاوبەش دەدەن و تەنانەت ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە زیاتر لەنێو بیرمەندانی ئاڵمانیی ئایدیای ناسیۆنالیستی دەبیندرێت کە هەردر و فیختە دوو ناوی دیاری ئەو هزرمەندانەن کە لەسەر ستراکتۆری فەرهەنگیی نەتەوە جەخت دەکەنەوە؛ «پێناسەی نەتەوە لە ڕوانگەی بابەتی یەکەی فەرهەنگی: گرووپێک کە بە یەک زمان دەدوێن، یەک ئایین و ئایینزایان هەیە، ڕابردوویەکی هاوبەش ئەوان پێکەوە دەبەستێتەوە و زۆر تایبەتمەندیی ئەوەها؛ بێگومان ئەو شێوازانە یان فاکتەرانە سیاسەتی ناسیۆنالیستی دروست دەکەن».[8]

فردریش مایندکە مێژوونووسی ئاڵمانی وێڕای جەختکردنەوە

---

٧ هیود اندرو، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم تهران، نشر نی ١٣٨٩

٨ هیود اندرو، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم تهران، نشر نی ١٣٨٩

لەسەر ئەو بابەتە، دابەشکارییەکی نوێیشی داهێنا و نەتەوەکان بەسەر دوو نەتەوەی فەرهەنگی و نەتەوەی سیاسی دابەش کرد و بە گوێرەی دابەشکاریی ماینکە یۆنانییەکان، ئاڵمانییەکان، ڕووسەکان، بریتانیاییەکان دەکەونە کاتاگوری نەتەوەی فەرهەنگی، هەروەها بە گوێرەی بۆچوونی ئەندرو هیود نووسەری کتێبی «سیاست» دەڵێت، پێناسەی فردریش ماینکە دەتوانێت لەسەر کوردەکان و تامیلی چێچنییەکانیش بە کار بهێنرێت.

بەڵام بە گوێرەی بۆچوونی بەشێکی دیکە لە بیرمەندان کە پێداگری لەسەر بنەمای سیاسی و بە تایبەتی حاکمییەتی سیاسی نەتەوە دەکەنەوە، «پێش هەموو شتێک، بانگکردنی خەڵکێک یان کۆمەڵێک بە نەتەوە تەنیا تاریفکردنی نییە، بەڵکوو بە ڕەسمیناسینی ڕەوایەتیی ئەو نەتەوەیە وەک بکەری خودموختاریی سیاسیشە».[٩]

ئەو تێڕوانینە بۆ نەتەوە زیاتر لە بیرمەندانی فەڕانسەوی بۆ چاخی ڕۆشنگەری و بە تایبەتی «ژان ژاک ڕۆسۆ» دەگەڕێتەوە، بە گوێرەی ئەو بۆچوونە «نەتەوە بە گرووپێک لە خەڵک دەوترێت کە پێش ئەوەی خاوەنی هەستی وەفاداری بە نرخە فەرهەنگی و ئێتنیکییەکانی هەبێت، خاوەنی هەستی هاوبەشیی شارۆمەندین و پێکەوە بەستراون».[١٠] شایەنی باسە تێڕوانینی بیرمەندانی فەڕانسەوەی بۆ نەتەوە و هەروەها دۆخی سیاسیی فەڕانسە دوای

٩ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

١٠ هیود اندرو، سیاست، ترجمە عبدالرحمن عالم تهران، نشر نی ١٣٨٩

شۆڕشــی مەزنــی فەڕانســە کاریگەریــی لەســەر ئورووپــا و دونیــا دانــا، بــە جۆرێــک کــە بیرکردنەوەکانــی دیکــە لەمــەڕ ئایدیــای ناســیۆنالیزم یــان دژەکــردەوەی شــێوازی فەڕانســەوییەکەی هەژمــار دەکرێــت یــان ئیلهامــی لــێ وەرگرتــووە.

برترانــد ڕاســل فەیلەســوفی بەناوبانگــی بریتانیایــی لــە کتێبــی «ڕێکخــراو و ئــازادی» کــە بــە جۆرێــک مێــژووی ڕووداوەکانــی سیاســی ســەد ســاڵی ١٨١٤- ١٩١٤ ئورووپایــە بــەم شــێوەیە پێناســەی نەتــەوە دەکات: «هــەر گرووپێکــی جوغرافیایــی کــە خوازیــاری دروســتکردنی یەکــەی حکوومــەت بێــت، مافــی هەیــە کــە وڵاتــی ســەربەخۆی هەبێــت... یەکێــک لــە بنەماکانــی ســنووردارِبوونی ئــەو بنەمایــە ئەوەیــە کــە هەرێمەکــە نابــێ زۆر بچــووک بێــت، ســنووردارِبوونێکی دیکــە ئــەوە بــوو کــە نابــێ ئــەو وڵاتــە لــە ئاســیا و ئەفریقــا بێــت، ئــەو بابەتــە بــۆ زۆربــەی خەڵــک کــە بــاش بیریــان دەکــردەوە وەک فاکتێــک بــوو تــا ئــەوەی ژاپۆنییــەکان ڕووســەکانیان شکســت دا. هەروەهــا ســنوورێکی دیکــە ئــەوە بــوو نابــێ هەرێمەکــە شــوێنکی گرینگــی نێونەتەوەیــی وەک کانالــی ســوئز بێــت».[١١] ئــەو پێناســەیەی راســل بــە جۆرێــک تانەلێدانــە لــە تێڕوانینــی سیاســەتی نێونەتەوەیــی ئــەوکات، چونکــە ئــەو پێناســەیە دەرکەوتــەی سیاســەتی کۆلۆنیالیســتیی ئەوکاتــی زلهێزەکانــی ئورووپاییــش بــوو.

لــە ئاکامــی لێوردبوونــەوە لــە ڕوانگــەی جیــاواز لەســەر پێناســەی

---

١١ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمه علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

نەتــەوە ئانــدرو هیــود بــەو ئاکامــە دەگات کــە «لــە شــیکردنەوەی کۆتایــی، نەتــەوە ســتراکتۆرێکی ســایکۆلۆژیک- سیاســییە. شــتێک کــە نەتــەوە لــە گــرووپ یــان هــەر کۆمەڵەیەکــی دیکــە جیــاواز دەکات ئەوەیــە کــە ئەندامەکانــی ئــەو نەتەوەیــە خۆیــان بــە یــەک نەتــەوە دەبینــن».[١٢]

دوای پێناســەی نەتــەوە وەک گەوهــەری ناســیۆنالیزم لــە ڕوانگــەی جیــاواز، باســی ئــەوەی کــە پێناســەی ناســیۆنالیزم چییــە و لــە کوێــوە هاتــووە، بــۆ تێگەیشــتن لــە چەمکــی ناســیۆنالیزم پێویســتیی خــۆی دەنوێنێــت، «ســەرەتاییترین لێدوانــەکان ســەبارەت بــە ناســیونالیزم دەڵێــن، ناســیونالیزم پەیوەندیــی بــە گرووپــەکان یــان عەشــیرەتی ئێتنیکیــی کۆنــەوە هەیــە، هــەر بۆیــەش نەتــەوە بــە چەمکێکــی کەونــار دەزانــن کــە بــە شــێوەیەکی پراکتیکــی و ژێنێتیکــی لەســەر بنەمــای غەریــزەی کۆمەڵایەتیــی بوونــەوەرەکان دروســت بــووە».[١٣] کــەس ناتوانێــت ئــەوە ڕەت بکاتــەوە کــە مــرۆڤ هەســتێکی تایبەتــی بــە نیســبەت ئــەو شــوێنەی کــە لێــی لەدایــک دەبێــت یــان ئــەو کەســانەی کــە لێــی نزیکــە هەیەتــی، جــا ئــەوە دەتوانێــت لــە ئاســتی بنەماڵــەوە دەســت پــێ بــکات تــا عەشــیرەت و گرووپــی گەورەتریــش. ئــەو هەســتە بــە جۆرێــک بزوێنــەری کــرداری ناسیۆنالیســتانەیە، تەنانــەت ئەگــەر وشــیاری لەســەر تێگەیشــتنی چەمکــی ناسیۆنالیســتیش نەبێــت، هــەر لــە کۆنــەوە هەبــووە، هــەر بۆیــەش ئــەو وتەیــەی کــە

١٢ هیود اندر، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم تهران، نشر نی ١٣٨٩

١٣ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

ناسـیۆنالیزم لاقێکـی لـە ڕابـردووە لاقێکیشـی لـە داهاتـووە، زۆر جـار دووپـات دەبیتـەوە، «شـتێک کـە زۆرجـار بـە چۆنیەتیـی دوو ڕووخسـاری ناسـیۆنالیزم دەناسرێـت، واتـە توانـای دیتنـی ڕابـردوو و داهاتـوو، لـە بنەڕەتـدا لـە سروشـتی ناسـیۆنالیزمدایە».[١٤] بـەڵام ئـەوەی بـە مانـای ئەوڕۆیـی لـە ناسـیۆنالیزمی ڕۆژاوایـی مەبەسـتە، داهێنانێکـی دیکـەی نوێیـە، بـە تایبەتـی لـە دوای سـەدەی پانـزدەوە دەسـتی پـێ کـردووە، ئەگـەر واتـای نیشـتمانپەروەری و ناسیۆنالیسـتی وەک یـەک بزانیـن، ئـەوا مێـژووی ئـەو چەمکـە لـە ڕۆژهـەڵات لەوانەیـە زۆر کۆنتریـش بێـت.

مێـژووی دەرکەوتنـی ئایدیـای ناسیۆنالیسـتی لـە وڵاتـەکان جیـاوازە، ناسیۆنالیسـتی بریتانیاییـەکان لـە چاخـی تئـودرەکان دەسـتی پـێ کـرد (سـەدەی پانـزدە و چـواردە)، ناسیۆنالیسـتی فەڕانسـە بـە لایەنگـری لـە شـۆڕش و دژایەتیکـردن لەگـەڵ یەکگرتنـی پاشـاکان دەسـتی پـێ کـرد و لـە سـاڵەکانی ١٧٨٩، ١٨٣٠ و ١٨٤٨ ڕێبەریـی لیبراڵەکانـی ئورووپـای دەکـرد. ناسیۆنالیسـتی ئاڵمانـی لـە ڕێگـەی ناپیلـۆن دوای شـەڕی ینـاو دەسـتی پـێ کـرد.[١٥]

هـەر وەک دەبینـن کـرداری ناسیۆنالیسـتانە لـە وڵاتـی جیـاواز لـە کاتـی جیـاواز بـووە و لەگـەڵ بۆچوونـی ئـەو لێکۆڵەرانـە یـەک ناگرێتـەوە کـە دەیانهەوێـت مێژوویەکـی دیاریکـراو بـۆ ناسـیۆنالیزم دیـاری بکـەن، بـەڵام بۆچوونـی ئانـدرو هیـود نووسـەری کتیبـی «سیاسـت»

١٤ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

١٥ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمە علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

لەسەر ئەو بابەتە بەو شێوەیە: «بۆچوونەکانی من زیاتر لەو لێکۆڵەرانە نزیکە کە ناسیۆنالیزم بە جووڵانەوەیەکی جیاواز کە لە شۆڕشی مەزنی فەڕانسەوە سەرچاوەی گرتووە، دەزانن. ئەوە بەو مانایە نییە کە شێوەی سەرەتای وەفاداری و وابەستەیی گرووپەکان هەبووە، بەڵام ئەوان بەو مانایەی کە ئێمە لە وشەی ناسیۆنالیزم لە سەدەی نوزدەیەم و بیستەم تێدەگەین، ناسیۆنالیست نەبوون».[١٦]

وێڕای هەبوونی ئەو جیاوازییانە، بنەمای جووڵێنەری هزر و بیری ناسیۆنالیستی تا ڕادەیەک لەو وڵاتانە هاوبەشە، «گرینگترین هێزی جووڵێنەری بیری ناسیۆنالیستی دەکرێت لە سێ بەشدا کۆ بکرێتەوە: بیری نەتەوە- دەوڵەت، بنەوانی دەسەڵاتی خەڵکی و تیۆرییەکانی ڕۆمانتیکی کەلتوور».[١٧]

وەک زۆر بابەتی دیکە ڕۆڵی فەڕانسەوییەکان لە ڕێڕەوی نەتەوەسازیشدا دیارە و شوێندارییەکەشی لەسەر زۆربەی نەتەوەکانی دیکە بەرچاوە، بە تایبەتی ڕووداوێکی گرینگی وەک شۆڕشی مەزنی فەڕانسە کە بەرهەمی چاخی ڕۆشنگەری و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی ئەو چاخە لە ژیانی مرۆڤایەتی وەک خاڵێکی وەرچەرخان هەژمار دەکرێت، وێڕای هەموو بابەتەکانی دیکە، «شۆڕشی فەڕانسە بە ئامادەکاریی خەڵک دژی دوژمنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، بڵاوکردنەوەی وتاری نیشتمانپەروەرانە، سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی، دامەزراندنی لەشکری

---

١٦ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه نرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

١٧ جی ریچارد، مقدمه‌ای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمه‌ی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

خەڵکــی و بەرنامەداڕێژیــی ئابــووری و کۆمەڵایەتیــی ســەرەتایی، پرۆســەی نەتەوەســازیی بــە شــێوەیەکی بەرچــاو خێــرا کــرد».[١٨]

ئــەوە تەنیــا بەرهەمــی ڕۆشــنبیران نەبــوو کــە شــوێنداریيان دادەنــا، بەڵکــوو هاتنەســەرکاری ناپیلــۆن و ئــەو دونیابینییــەی کــە ئــەو هەیبــوو بــۆ دروســتکردنی ئیمپراتۆرییــەک کــە هەمــوو ئورووپــا لەخــۆ بگرێــت، ئەگــەر لــە ئاســتی دژەکــردەوەش بێــت گۆڕانکاریــی لــە زۆربــەی وڵاتــان دروســت کــرد، چونکــە «شــەڕەکانی ناپیلونــی لەســەر وشــیاریی نەتەوەیــی لــە هەمــوو ئورووپــا کاریگەرییەکــی زۆری هەبــوو، ئــەو شــەڕانە وێــڕای ئــەوەی یەکگرتــن لەنێــوان گرووپــە جیــاوازەکان بــۆ دژایەتیــی فەڕانســەی لێکەوتــەوە، بــووە هــۆی گەشەســەندنی ئــەو مەیلــە و هەروەهــا دروســتکردنی دامــەزراوەی سیاســی و کەلتووریــی وڵاتــی جیــاواز لەســەر بنەمانــی مۆدێلــی نەتەوەیــی».[١٩] ناپیلــۆن تەنیــا بــە هێرشــکردن بــۆ ســەر ئورووپــا نەوەســتا، بەڵکــوو تــا وڵاتــی میــسر درێــژەی بــە هێرشــەکەی خــۆی دا؛ د. «جەمــاڵ نەبــەز» زانــای نــاوداری کــورد لەســەر کاریگەریــی هێرشــی ناپیلــۆن لــە دەرکەوتنــی بیــری ناسیۆنالیســتیی میــسر دەڵێــت: «ناپیلۆنــی یەکــەم پــاش هێرشــەکەی لــە ســاڵی ١٧٩٨دا بیــری ناسیۆنالیســتیی عەرەبیــی جیابوونەوەخوازانــەی تیــژ کــرد».[٢٠] وێــڕای ئــەوەی ئــەو بابەتــە جێــی تێڕامانــە کــە هێرشــەکانی

---

١٨ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

١٩ کالهون کریگ ج، ناسیونالیسم، مترجم محمد رفیعی مهرابادی، تهران ١٣٩٢

٢٠ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی رۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

ناپیلـۆن چـۆن بـوون کـە هێرشـی کردووەتـە سـەر هـەر شـوێنێک هەسـتی ناسیۆنالیسـتی و نەتەوەگەرایـی و هەبوونـی دەوڵـەت لـەو وڵاتـە ئـاوا گەشـەی کـردووە.

یەکێـک لـەو وڵاتانـەی کـە زیاتـر لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە هەسـتی خۆبەکەمزانینـی لـە بەرانبـەر فەڕانسـەی ڕۆشـنگەری و هەروەهـا فەڕانسـەی هێرشـبەری ناپیئلـۆن لـەلا دروسـت بـوو، ئاڵـمان بـوو، هـەر بۆیـەش لـە یەکـەم دەرکەوتنـی بیرمەندانـی ئاڵمانـی لـە دوای ئـەو ڕووداوانـە خوازیـاری ناسـیۆنالیزمێکی تایبـەت بـوون کـە ئاڵمانییـەکان بخاتـە سـەر پـێ. بێگومـان هەمـووی ئەوانـە لـە مەکتەبـی فەلسـەفەی ڕۆمانتیزمـدا بـە باشـی خۆیـان دەرخسـت، ئـەو شـوێنداریيە وای کـرد کـە «سـەرەتاییترین نـووسراوەی ناسـیۆنالیزمی ئاڵمانـی لـە وتارەکانـی ڕوو بـە نەتـەوەی ئاڵـمان لـە نووسـینی فیختـە دەرکـەوت کـە وەکـوو کـۆڕ لـە زسـتانی ١٨٠٧ و ١٨٠٨ لـە بێرلیـن بەڕێـوە چـوون».[٢١]

هـەر ئـەو دوو قوتابخانـە جیـاوازەی ناسـیۆنالیزم وای کـرد کـە دوو جـۆر ناسـیۆنالیزم بێتـە ئـاراوە، هـەر وەک ئـەو دوو ڕوانگـە جیـاوازەی کـە لەمـەڕ پێناسـەی نەتـەوەش هەبـوو، ئەویـش هاتنـە ئـارای ناسـیۆنالیزمی سیاسـی و ناسـیۆنالیزمی کەلتـووری بـوو. هـزری ناسـیونالیزمی کەلتـووری لـە وڵاتـی ئاڵـمان گەشـەی کـرد، باوکـی ئـەو هـزر و گۆڕانکارییـە یوهـان وتفریـد فـون هـردر (١٧٤٤-١٨٠٣) زۆر ڕقـی لـە کەڵکوەرگرتنـی زمانـی فەڕانسـەوەی و هەروەهـا هێژموونیـی کەلتـووری فەڕانسـەوی

٢١ راسل برتراند، ازادی و سازمان، ترجمە علی رامین چاپ اول ١٣٥٧

هەبــوو؛ چونکــە ئــەو پێــی وابــوو ئــەو هێژموونییــە کــە لــە چاخــی ڕۆشــــنگەریی فەڕانســــە ســــەرچاوەی گرتبــــوو، شــــوێنی فەلســــەفە و ئیلاهیــات و ئەدەبیاتــی لــە زمانــی ئاڵمانیــدا دەگرێتــەوە».[٢٢]

گەڕانــەوە بــۆ دەوڵەمەندییەکانــی نەتــەوە و ئــەو شــانازییانەی کــە هەیەتــی بەشــێکی دانەبــڕاوی ناســیۆنالیزم هەژمــار دەکرێــت، هەرچەنــد زێدەڕۆیــی لــەو بابەتــە ســەرەتای بــە لاڕێدابردنــی ناســیۆنالیزم بــۆ ڕەگەزپەرســتی هەژمــار دەکرێــت، بــەڵام ئەگــەر لــە ئاســتی دیاریکــراو ئـەو بابەتـە دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی فەرهەنـگ و کەلتـووری نەتەوەیـەک، «ناســیۆنالیزمی فەرهنگــی شــێوەیەک لــە ناســیۆنالیزمە کــە لــە قوناغــی یەکەمــدا، لەســەر بوژانــەوەی نەتــەوە وەک شارســتانییەتێکی جیــاواز جەخــت دەکەنــەوە، نــەک کۆمەڵگەیەکــی سیاســیی جیــاواز».[٢٣]

ســـەرەڕای ئـــەو جیاوازییانـــە لەســـەر دابەشـــکردنی ناســـیۆنالیزم بەســــەر ناســــیۆنالیزمی کەلتــــووری یــــان سیاســــی هەتــــا ڕادەیەکــــی زۆر ئـــەو دوو بابەتـــە پێکـــەوە بەســـتراون وەک دوو ڕووی یـــەک دراون بەبــێ یەکێکیــان ئــەوی دیکــە ئەســتەم وجــوودی دەبێــت. «بەشــێک لـــە نووســـەران لەنێـــوان ناســـیۆنالیزمی سیاســـی کـــە ئامانجـــی ئـــەو دابینکرنــی مافــی سیاســی و شــارۆمەندییە و ناســیۆنالیزمی کەلتــووری کــە بــاوەڕی بــە پاراســتن و بڵاوکردنــەوەی نیشــانەکان و ســەمبولەکان و نرخەکانــی کەلتوورییــە، جیــاوازی دادەنێــن. بــەڵام مــەودای دیاریکــراو لەنێوانانیانــدا نییــە، کەلتــوور نیشــاندەرێکە بــۆ شــوناش، ناســیۆنالیزم

٢٢ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

٢٣ هیود اندرو، سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم تهران، نشر نی ١٣٨٩

بــە تــەواوی خەڵکــەکان و کەلتــوورەکان و هەرێمــەکان، بەشــێک لــە گشــتێک دەزانــن. پێکدادانــە کەلتوورییــەکان بەهــۆی گۆڕانکارییــە سیاســی و ئابوورییــەکان و هەروەهــا گۆڕانــکاری لــە بیرکردنــەوە و زمــان و ئاگایــی دێنــە ئــاراوە».[٢٤]

«جــی ڕیچــارد» لــە کتێبــی ســەرەتایەک بــۆ ئایدیۆلۆژیــا سیاســییەکان بــە لێکۆڵینــەوە لەســەر پێناســەی جۆراوجــۆری ناســیۆنالیزم بــەو ئاکامــە دەگات کــە ناســیۆنالیزم بــە شــێوەی خــوارەوە پێناســە بــکات کــە دەکرێــت بڵێیــن هەمــوو ڕوانگەکانــی لەخــۆ گرتــووە، «لــەلای هەندێــک لــە ناسیۆنالیســتەکان ســنوورەکانی نەتــەوە هــەن؛ دەریــاکان، شــاخەکان، ڕووبــارەکان و دارســتانانەکانن کــە ســنوورەکانی نەتەوە-دەوڵەتــی خــاوەن پوتانســییەل دیــاری دەکــەن. هەندێکــی دیکــە بــە دوای پێــوەری بابەتــی کۆمەڵایەتــی دەگەڕێــن، هەبوونــی زمانــی هاوبــەش، ئەزموونــی مێژوویــی هاوبــەش، خودموختاریــی سیاســی لــە ســەردەمەکانی پێشــوو، ئاییــن، ڕەچەڵــەک و یەکگرتوویــی ئابــووری».[٢٥]

ناســیۆنالیزم جیاوازتــر لــە ئایدیاکانــی دیکــە، وەک ڕوەکێکــە کــە لــە هەمــوو خاکێــک دەڕوێــت و تەنانــەت تایبەتمەندییەکانــی ئــەو ژینگــەی کــە تێیــدا ڕوواوە وەردەگرێــت، چونکــە لــە وڵاتــی جیــاواز کــە سیســتەمی جیــاواز و بــە مەکتەبــی فەلســەفی و سیاســیی جیــاواز بەڕێــوە دبردرێــن دەتوانێــت دەرکەوێــت و تیکــەڵ بــەو مەکتەبــە سیاســی یــان هزرییــە بێــت، هــەر بۆیــەش «ئیمــە ناســیۆنالیزمی

٢٤ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

٢٥ جی ریچارد، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمەی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

لیـبراڵ، سوسیالیســتی، کونســێرڤاتیو، فاشیســتی، تەنانــەت ناســیۆنالیزمی ئانارشیســـتیمان هەیــە».[٢٦]

بیــری ناسیۆنالیســتی بــە تایبەتــی بــۆ وڵاتانــی جیهانــی ســێیەم کــە پێشــتر لەژێــر چەکمــەی وڵاتــە کۆلۆنیالیســتییەکان بــوون، وەک ئایدیایەکــی ڕزگاریــدەر ڕۆڵێکــی گرینگــی گێــڕاوە، ئــەو ناســیۆنالیزمە کــە بــە ناســیۆنالیزمی دژە کۆلۆنیالیســتی نــاسراوە، بــە جۆرێــک کاریگەریــی لەســەر نەخشــەی سیاســیی دونیــا دانــاوە کــە دەتوانیــن بڵێیــن بەشــێکی زۆری وڵاتانــی نوێــی ســەدەی بیســتەم بەرهەمــی کەڵکوەرگرتــن لــەو ناسیۆنالیزمەن، «دیارتریــن تایبەتمەندیــی ناســیۆنالیزمی دژە کۆلۆنیالیســتی پێکەوەبەســتنەوەی ئارمانــی نەتەوەیــی لەگــەڵ ئایدیۆلۆژیــای سوســیالیزم، مارکســیزم و کۆمۆنیزمــە، لــە ئورووپــا چەپــی سوسیالیســت و چەپــی ناسیۆنالیســت بــەردەوام لــە بەرانبــەر یەکــتر بــۆ وەدەســتهێنانی دەنگــی زیاتــر لــە کێبەڕکێــدا بــوون».[٢٧]

ناســیۆنالیزم بەهــۆی ئــەو بەربڵاوییــەی کــە لــە بەکارهێنانیــدا هەیــە هەمــوو جارێکیــش ئەرێنــی نەبــووە، بەڵکــوو هەندێــک جــار زۆر ماڵوێرانکــەر بــووە، توانیویەتــی ببێتــە بەســتەرێک کــە مــرۆڤ لــە ڕێگــەی کەڵکوەرگرتــن لــەو ئایدیایــە گەورەتریــن تــاوان دژی مرۆڤایەتــی ئەنجــام بــدات، نموونــەی بەرچــاوی ئــەو شــێوازە لــە ناســیۆنالیزم کــە شــوێندانەرییەکی زۆری لەســەر ئــەو ئایدیایــە دانــا لــە ئاڵــمان و ئیتالیــان؛ «فاشــیزمی ئیتالیــا و ناســیونال سوســیالیزمی ئاڵــمان

---

٢٦ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه نرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

٢٧ جی ریچارد، مقدمه‌ای بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمه‌ی محمد قائد، چاپ اول ١٣٧٥

تێگەیشتنێکی بەگژداچوونانە، شەڕکەر، دژە بێگانە و ناعەقلانی لە ناسیۆنالیزمیان بڵاو کردەوە کە دوژمنییەکی قووڵیان لەگەڵ هەردوو ئەنترناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستی لیبراڵ هەبوو».[٢٨]

ئەو بەلارێداچوونانەی ناسیۆنالیزم کە لەسەر بنەمای هەڵەی تەنانەت هەندێک تیۆریی زانستی بونیاد دەنرێن، وای کردووە بەشێکی زۆری لێکۆڵەران تەنانەت ئەو ئایدیایە بە زیانی ژیانی مرۆڤایەتی بزانن، بەڵام ئەوەی لە نموونەی ئێستای کوردیش زۆر بەرچاوە زیانی ئەو ئایدیایە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە، ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ئێران و فارس بە کاری دەهێنن دژی منی کورد تاوانە چونکە زیاتر لە پاراستنی وڵات و خاک و فەرهەنگی خۆی، هێرشێکە بۆ سەر وڵات و خاک و فەرهەنگی من، لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی ئەو ئایدیایە لەلایەن منی کوردەوە چونکە هێرش نییە بۆ سەر کەس و تەنیا پاراستنی خاک و فەرهەنگی منە، ڕزگاریدەرە. هەر وەکوو ئاندرو هیود دەڵێت: «ئەگەر داوای حاکمییەتی ئاشتی و داد لە سیستەمی جیهانی دەکەین، دەبێ نەتەوەکان ئازاد، سەربەخۆ و پارێزراو لە هەڕەشەی دەرەکی بن».[٢٩]

ناسیۆنالیستەکان پێکهاتەی نەتەوە وەک بنەمایەکی گرینگ بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەبینن و پاراستن و تەنانەت دیاریکردنی هەرێمی ژیانی ئەو پێکهاتەیە بە سەرەتایەک بۆ بەختەوەری

---

٢٨ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه نرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

٢٩ وینسنت اندرو، ایدولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمه نرتضی ثاقبفر، تهران ١٣٧٨

دەزانــن و پێیــان وایــە نەتــەوە دەتوانێــت بــە خۆبەڕێوەبەریــی باشـتر بـەرەو سـەرکەوتن هەنـگاو بهاوێـژن، هـەر ئـەوەش وا دەکات جیهـان لەسـەر بنەمـای سیسـتەمی هـاوکاری و خەباتـی نەتـەوەکان و سـنوورەکانی ئـەو نەتەوانـە ڕێـک بخرێـت، ئـەوە دەتوانێـت ئاسـایی بێـت و تەنانـەت دەبینیـن توانیویەتـی سـەرکەوتنیش بەدەسـت بێنێـت لـە خۆبەڕێوەبـەری و دونیـا بەڕێـوە بـەردن، بـە مەرجێـک ئـەوەی کـە بـۆ نەتـەوەی خـۆت بـە ڕەوا دەزانـی بـۆ نەتـەوە و ئەندامەکانـی نەتەوەکانـی دیکـە بـە ڕەوا بزانـی، پێشـگری لـە بەلاڕێداچوونـی دەگیرێـت.

# ناسیۆنالیزمی ئێرانی/ فارسی

*لەنێــو هەمــوو دوژمنەکانــی گەلــی کــورد، دوژمنــی عەجــەم (فــارس) لــە هەموویــان زاڵمــتر و مەلعونــتر و خوانەناســتر و بــێ بەزەییــترە، لــە هیــچ تاوانێــک بەرانبــەر گەلــی کــورد دەســت ناگێڕێتــەوە، هــەر بــە درێژایــی مێــژوو لەگــەڵ گەلــی کــورد غــەرەز و کینــەی ڕیشــەداری هەبــووە و هەیەتــی.*

*وەسیەتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد*[1]

---

١ گەوهەری حامید، قازی محەممەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، هەولێر ٢٠١٧

لەسـەر ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی کـە بـە جۆرێـک بـە نۆسـتالۆژیا و شـانازی بـە ڕابـردووی دوورەوە گرێـدراوە، دەتوانیـن بگەڕێینـەوە بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی هەخامنشـی کـە لەسـەر میراتـی دەوڵەتـی مـاد و بـە ڕووخاندنـی ئیمپراتۆریەتـی مـاد دروسـت بـووە، بـەڵام ئەگـەر ئـەو بابەتـە وەک بناغـە هەژمـار بکەیـن پێویستیشـە ئـەو ڕاسـتییەش ئامـاژە پـێ بکەیـن کـە ئـەو ناسـیۆنالیزمە هـەر لـە سـەرەتاوە بـە نەبوونـی ئـەوی دیکـە کـە بـە درێـژای مێـژوو کـوردەکان بـوون دروسـت بـووە، ئـەو شـێوازە هەڵسـوکەوتکردنە لەگـەڵ کوردسـتان کـە تەنانـەت بـە ئاسـانی لەگـەڵ سیاسـەتی کۆلۆنیالیسـتیی وڵاتانـی کۆلۆنیالـی سـەدەی نـۆزدە و بیسـت یـەک دەگرێتـەوە، لـە هەمـوو ئـەو شـوێنەوار و

بەڵگانــە دەســت دەکەوێــت کــە دەوڵەتــی هەخامنشــی کــە لــە دوای ڕووخاندنــی ئیمپراتۆرییەتــی میدیــا بەرانبــەر بــە مــاد و خاکــی میدیــا واتــە کوردســتانی ئێســتا گرتیــە بــەر.

بەبــێ جیــاوازی لــە هەمــوو ســەردەمەکان هەبوونــی نەتــەوە/ دەوڵەتــی فارســی کــە لــە بەرانبــەر دانیشــتووانی نافــارس هەمیشــە کەمینــە بــووە دەگەڕێتــەوە بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەو سیاســەتەی دژە ئــەوی دیکــە کــە هەبوونــی خــۆی گــرێ دەدات بــە نەبوونــی ئــەوی دیکــە، تەنانــەت دوای هاتنــی ئیســلام و بــە تایبەتریــش ئاییــنزای شــیعە دەبینیــن هیــچ کات لــەو سیاســەتە دەســتی هەڵنەگرتــووە و تەنانــەت ســەرچاوەی ئیلهــام بــۆ دەوڵەتەکانــی دوای خۆشــی بــووە، تەنانــەت لــە ئاییــن کەڵکــی هەرەباشــیان وەرگرتــووە بــۆ ئــەوەی ڕۆح وەبــەر ناســیۆنالیزمی فــارس بــدات و بــۆ درێــژەدان بــە داگیــرکاری و دژایەتــی و بەربەرەکانــێ لەگــەڵ وڵاتانــی دیکــە کەڵکــی لــێ وەرگرێــت، نموونــەی هەرەبەرچــاوی ئــەو بابەتــە ســەفەوییەکانن. بــەڵام ئــەوەی بــە مانــای ناســیۆنالیزمی ئێرانــی لــە ســەردەمی نوێــدا دێــت دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاڵەکانی دوای دەوڵەتــی قاجــار و دەســتپێکی دەوڵەتــی پەهلــەوی و لــە بونیادنانــی وڵاتێکــی ســاختەی وەک ئێــران خــۆی بەرجەســتە دەکات و تــا بــە ئەمــڕۆش بەردەوامــە. دوکتــور «ئەحمــەد محەمەدپــوور» ناســیۆنالیزمی ئێرانــی بــە ناســیۆنالیزمی فارســی- شــیعی دەناســێنێت و دەڵێــت: «ڕۆحــی ئایینیــی ئــەو ناســیونالیزمە بــۆ فەرهەنگــی سیاســیی ســەفەوی کــە تاقەتــی ئەویــتری نییــە وەرگرتــووە. ئــەو ڕۆحــە لــە ســەردەمی مەشروتییــەت کــەم کــەم ڕســکا و لــە ســەردەمی شۆڕشــی

١٣٥٧ تەواوکــراو ســەپێندرا».[١]

ئــەو ناســیونالیزمە کــە لەلایــەن دەوڵەتــی ناوەنــدی بــە مەبەســتی ســەرکوتی ئەویــتر کــە لەلایــەن بەشــێک لــە ئێلیتــی کۆمەڵگــەی فــارس کەســانی وەک ئاخونــدزادە و کرمانــی دارێــژرا و دواتــر بــەردەوام وەک بەشــێک لــە سیاســتی دانەبــڕاوی دەســەڵات و ڕوشــنبیر و تەنانــەت زانایانــی ئایینیــی کۆمەڵگــەی فــارس هەوڵــی پەرەپێــدان و بڵاوکرانــەوەی درا.

هەرچەنــد ئەگــەر بــە گوێــرەی بیرۆکــەی ئێلیــت یــا پانئێرانیســتەکان بێــت، ناســیونالیزمی ئێرانــی بــۆ پێــش لــە زاییــن و لــە قووڵایــی مێــژوو دەگێڕێنــەوە کــە زۆر جــار بــۆ ڕاســتیی قســەکانیان پەنــا دەبەنــە بــەر ئەفســانە و چەواشــەکاری، بــەڵام «ضیــا ئیبراهیمــی» ئــەو بابەتــە بــۆ ســەردەمی مۆدێــڕن دەگەڕێنێتــەوە و جۆرێــک لــە لاســاییکردنەوەی هەڵــەی تێــدا بــووە، بــەڵام وەک سیاســەتی ڕەســمیی دەوڵەتیــش بــە تایبــەت لــە بەرانبــەر نەتەوەکانــی دیکــە وەک ئامــرازی ســەرکوت بــەکار هێــنراوە، ژینۆســاید و ســڕینەوەی تــەواوی نەتەوەکانــی دیکــە بەشــێکی دانەبــڕاوی ئــەو ســەرکوتەیە. «ڕەزا میرپەنــج» هێشــتا نەبــوو بــە ڕەزا شــا کــە لــە ســاڵی ١٩٢٤دا بزووتنــەوەی خەڵکــی خووزســتانی بــە ســەرۆکایەتی «شــێخ خەزعــەل» دڕندانــە ســەرکوت کــرد. جــا لەبــەر ئــەوەی بزووتنــەوەی کوردایەتیــی بــە ســەرۆکایەتیی ســمکۆ زۆر بەهێزتــر بــوو لــەوەی بــە ڕەزا پەهلــەوی لەنێــو ببرێــت، ڕەزا پەهلــەوی بــە فێــڵ

---

١ محمدپور د.احمد، ناسیونالیسم فارسی – شیعی: از حلقه برلین تا مطالعات پارس، گۆڤاری تیشک، ژماره ٥٩-٦٠ ساڵی بیست و سێهەم.

و تەلەکـە سـمکۆی لـە ١٩٣٠/٦/٢١دا لەنێـو بـرد. جـا هـەر چەنـدە ڕەزا شـا، وشـەی ئێرانـی لـە سـاڵی ١٩٢٤ـەوە بـە ڕەسـمی لـە جیاتـی وشـەی فـارس Persia یـان دەوڵەتـی پەهلـەوی بـەکار هێنـا، بـەڵام ئـەوە هـەر بـە خەڵەتاندنـی گەلـە نافارسـەکان بـوو، چونکـە هەمـوو هەوڵدانێکـی ڕەزا پەهلـەوی هـەر بـۆ ئـەوە بـوو کـە ئێـران بکاتـە دەوڵەتێکـی سەنترالیسـتی تۆتالیتێرانـەی ناسـیۆنال بـۆ فارسـەکان، بـەوەی هەمـوو شـوێنەوارێکی کەلتووریـی کـورد و هەمـوو ئـەو گەلانـەی کـە فـارس نەبـوون، وەک زمـان و ئەدەبیـات و فۆلکلـۆر و جلوبـەرگ لەنێـو ببـات».[2]

ئـەوەی ڕەزا شـا لـە حکوومەتـی پەهلەویـدا دەیـکات جیاوازییەکـی ئەوتـۆی لەگـەڵ ئەوانـەی پێـش خـۆی و دوای خـۆی نییـە، ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت کـە داگیرکردنـی کوردسـتان و نەهێشـتنی شۆڕشـی کوردسـتان و زەوتکردنـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بناغـەی مانـەوە و بەردەوامیـی دەوڵەتـی ناوەنـدی هەژمـار دەکرێـت، هـەر بۆیـەش حەمـە ڕەزا شـای کـوڕی ڕەزا شـا لەسـەر ئـەو سیاسـەتە نـەک وەک تەنیـا میراتگـری باوکـی بەڵکـوو بـە حـەق لـەو بـوارەدا میراتگـری سیاسـتێکی ٢٥٠٠ سـاڵەی شـاکانی ئێـران بـوون، هـەر وەکـوو د. «جەمـال نەبـەز» دەڵێـت: «ڕەزا شـا لـە سیاسـەتی نێوخۆییشـدا، وەک کـوڕی باوکـی خـۆی مایـەوە و ڕێژیمـی سـەنترالیزمی فارسـیزمی شـۆڤێنیانەی بەهێزتـر کـرد».[3]

٢ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی ڕۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

٣ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی ڕۆژاوای

دوای شۆڕشـــی گەلانـــی ئێـــران بـــە هاتنـــە ســـەر کاری کۆمـــاری ئیسـلامی ئـەو ناسـیۆنالیزمە بـە ڕۆحـی ئایینییەکـەی بەهێـز کرایـەوە و جارێکـی دیکـە بـە هێرشـکردنە سـەر کوردسـتان قوناغـی بەهێزکردنـی خـۆی گرتـە بـەر، فتـوای جیهـادی خومەینـی بـە دژی نەتـەوەی کـورد و خەباتەکـەی ڕەنگدانـەوەی ئـەو سیاسـەتە بەردەوامـەی ناسـیۆنالیزمی فارسـی بـوو، جێـگای تێڕامانـە کۆمـاری ئیسـلامی کـە تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە قەبـری ڕەزا شـا بڕووخێنێـت، دژایەتیـی سیسـتەمی پێشـووی دەکـرد، بـەڵام بەنیسـبەت کـورد نـەک جیـاوازی نەبـوو بەڵکـوو لەسـەر هەمـان سیاسـەت بـەردەوام بـوون، نموونـەی تیـرۆری ڕێبەرانـی کـورد تەنیـا یـەک لـەو لێکچوونانەیـە.

بـۆ مـن وەک کـورد کـە ڕۆژانـە ڕەنگدانـەوەی ئـەو ناسـیونالیزمە لـە چوارچێـوەی سیاسـەتەکانی ڕێژیمـی ناوەنـدی دەبینـم، زیاتـر لـە لێکۆڵینەوەیەکـی ئاکادێمـی گێڕانـەوەی ئـازار و نەهامەتییەکـە کـە بەسـەر نەتەوەکەمـدا هاتـووە و لـە هەمـوو بیرەوەرییەکانـی بـاب و باپیرانمانـدا هەبـووە تـا بـە ئێسـتاش بەردەوامـە، ئـەوەی شـایەنی باسـە ئـەو ناسـیونالیزمە بەرچاوتەنگـە یـان باشـترە بڵێیـن ئـەو فاشـیزمە، تەنیـا بیرکردنـەوەی دەسـەڵات نییـە، بەڵکـوو ڕیشـەی لـە بیـری زۆربـەی ئێلیـت و ئۆپۆزیسـیۆنی بەنـاو دێمۆکراتخـواز، تەنانـەت تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو لـە کۆمەڵگەشـدا جێگیـر بـووە، ئەگـەر سـەیری دیمەنـی هەمـوو ئـەو بۆچوونـە سیاسـییانە یـان تەنانـەت ئـەو میدیایانـە کـە لـە

---

یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

دونیـای دێموکراتیکـدا دەژیـن بکەیـن، چونیەتیـی هەڵسـوکەوتیان لەمـەڕ پرسـی بڕیـاردان لەمـەڕ مافـی چارەنووسـی نەتـەوەکان دەبینیـن، ئـەو ڕاسـتییە کـە ناسـیۆنالیزمی فـارس شـوێندانەریی زۆری بەسـەر هەمـوو چیـن و توێـژی کۆمەڵگـە هەیـە، وەک فاکتێکـی حاشـاهەڵنەگر دێتـە بەرچـاو. هـەر وەکـوو دوکتـور «ئەحمـەد محەممەدپـوور» لـە ئاکامـی لێکۆڵینەوەیەکـی خـۆی لەسـەر ناسـیونالیزمی شـیعی- فارسـی دەڵێـت: «پێویسـتە بـەردەوام ئـەو خاڵـە ڕەچـاو بکەیـن، کـە ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی/ فارسـی هەبوونێکـی تاقانـە و یەکپارچـەی هەیـە، وتارێکـی دەگمەنـی هەیـە کـە لـە ڕوانگـەی ڕۆشـنبیرییەوە ڕەگـی لـە ئایدیاکانـی ڕەگەزپەرسـتیدا هەیـە، لـە ڕوانگـەی سیاسـی ئەجێندایەکـی سـەپێندراوە کـە بـۆ مـاوەی سـەد سـاڵ بـە یارمەتیـی هێـزی لەشـکری و دەوڵـەت و دامـەزراوە فەرهەنگـی و ڕۆشـنبیری، لـە هەوڵـی لەنێوبردنـی جیاوازییـە فەرهەنگـی و ئێتنیکیدایـە، بـەڵام سـەرەڕای زیاتـر لـە سـەد سـاڵ ژینۆسـاید و ئتنوسـاید، بـەردەوام شکسـتی خـواردووە».[٤]

شـانازیکردنی فـارس بـە نەتـەوە، ئاییـن و زمـان و تەنانـەت ڕابردووشـی پرسـی ئێمـەی کـورد نییـە، دەتوانێـت ڕەواش بێـت، بـەڵام گرفتـی سـەرەکی لێـرەدا دەسـت پـێ دەکات ئـەوەی فـارس کـە بـۆ خـۆی بـە ڕەوا دەزانێـت، بـەڵام بـۆ نەتەوەیەکـی دیکـەی وەک کـورد نـەک بـە ڕەوا نازانێـت، بەڵکـوو بـە درێژایـی مێـژوو هەوڵـی داوە هـەر چـۆن کـە کـورد و کوردسـتان بـە هەمـوو

---

٤ محمدپور د.احمد، ناسیونالیسم فارسی – شیعی: از حلقه برلین تا مطالعات پارس، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٩-٦٠ ساڵی بیست و سێهەم.

تایبەتمەندییەکانیــەوە بــە شــێوەی فیزیکــی و تەنانــەت لــە مێشــکی خۆیــدا ســڕییەوەتەوە و بــۆ کوردیــش بســڕێتەوە. ئــەو ســڕینەوە بگاتــە ئاســتێک کــە هەبوونــی خــۆی و وڵاتــی بــە نەبوونــی ئــەوی دیکــە کــە زۆر جــار ئێمــەی کــورد بوویــن، ببینێتــەوە، لێرەدایــە ئــەو ناســیۆنالیزمە/ فاشــیزمە ئیــتر زیاتــر لــە پاراســتنی نەتــەوە و زمــان و وڵاتــی فــارس، نەهێشــتنی ئــەوی دیکەیــە کــە ئێمــەی کوردیــن.

# ناسیۆنالیزمی کوردی

*گــەر دێ هەبــوا مــە ئیتیفاقــەک*
*ڤێگــرا بکــرا مــە ئینقیــادەک*
*روم و عــەرەب و عەجــەم تەمامــی*
*هەمیــا ژ مــە را دکــر غولامــی*
*تەکمیـل دکـر مـە دیـن و دەولـەت*
*تحصیـل دکـر مـە عیلـم و حیکمـەت*

*ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧)*

ناسیۆنالیزمی کوردی یەکێک لەو ناسیۆنالیزمە ڕزگاریخواز و ئاشتیخوازانەیە کە دەیهەوێت وێڕای پاراستنی نەتەوەکەی لە هێرشی بەردەوام کە دەکرێتە سەری، زمان و فەرهەنگی خۆی بپارێزێت و لە خاکەکەی بە ئازادی بژیت، لە هەمووشی گرینگتر ژێردەستە نەبێت. بیری ناسیۆنالیستیی کوردی ئەگەر لە چوارچێوەی هەبوونی خۆبەڕێوەبەری بە شێوەی جیاواز لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، دەکرێت سەرچاوەکەی بۆ ئیمپراتۆری ماد، یان دواتر لە شۆڕشەکانی دوای ڕووخانی ماد، لەو سەربەخۆییەی کە لە چوارچێوەی ساتراپی دەوڵەتی ساسانی هەیبوو، یان لە سەردەمی ئیسلامی دەوڵەتەکانی وەک حەسنەوی و مەروانی و هتد، لە

دوای سـەدەی شـانزدەوە لـە چوارچێـوەی میرنیشـنەکان و لـە سـەد و پەنجـا سـاڵی ڕابردووشـدا لـە هەمـوو ئـەو شۆڕشـانەی کـە داوای ڕزگاریـی خاکیـان کـردووە، ببینیـن. تەنانـەت لـە ڕۆژی ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتان وەک یەکێـک لـە گرینگتریـن ڕووداوەکانـی بیـری ناسیۆنالیسـتیی کـورد لـە سـەدەی بیسـتەمدا، لـە وتـاری سـەرۆککۆماری کوردسـتان پێشـەوای نەمـر و زانـا «قـازی محەممـەد»دا ئـەو ڕاسـتییە بـە باشـی دەردەکەوێـت کـە کۆمـاری کوردسـتانی بـە درێژایـی هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی پێشـووی کـورد بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی زانـی. کتێبـی شـەرەفنامەی «شـەرەفخانی بتلیسـی» هەوڵێکـە بـۆ ئـەوەی ئـەو خۆبەڕێوەبەرییـەی کـە هەبـووە وەک تایبەتمەندییەکـی کوردسـتان بەرجەسـتە بـکات.

لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر بیـری ناسیۆنالیسـتیی کـورد بـۆ ویسـتی نەتـەوەی کـورد وەک نەتـەوە بگەڕێنینـەوە، ئـەوا پێویسـتییە لەسـەر نەتەوەبوونـی کـورد وەک فاکتێـک جەخـت بکەینـەوە، ئـەو جەختکردنـەوە لـە ئاکامـی هەوڵـی شـۆڤێنییانەی ناسیۆنالیسـتیی نەتەوەکانـی دەوروبـەر بـۆ سـڕینەوەی تایبەتمەندییەکانـی نەتـەوەی کـورد و ژینۆسـایدکردنی نەتـەوەی کـورد دەگەڕێتـەوە. چونکـە سـەرەتای دژایەتیـان بـەوە دەسـت پـێ دەکات، «کـە کـورد نەتـەوە (ملـت) نییـە و هەرچەندێکیـش لەنێـو خۆیانـدا ناکۆکییـان هەبێـت، لـە پرسـی کـورددا وەک یـەک بیـر دەکەنـەوە، بـۆ بەربەرەکانێـی کوردایەتـی

هەوڵــی لەیــەک نێزیکبوونــەوە دەدەن».[١]

ســەلماندنی نەتــەوەی کــورد ئەســتەم نییــە و ئاســانترین ڕێگــە لەوانەیــە هــەر ئــەو ڕێگەیــە بێــت کــە هــەر تاکێکــی کــورد خــۆی بــە کــورد دەزانێــت و جیــاواز لــە نەتەوەکانــی دەوروبــەر هەســتی بەرانبــەر بــە نەتەوەکــەی خــۆی هەیــە و ســەرەڕای هەمــوو ئــەو هەوڵانــەی کــە دروان بــۆ ئــەوەی نیشــتمانەکەی پارچــە پارچــە بکرێــت و بــۆ ئــەوەی لــە ئاکامــدا کوردبــوون نەهێڵێــت، بــەڵام ئێســتاش ئەگــەر ملیۆنهــا مــرۆڤ پشــتیوانی خەباتــی کوردایەتــی بــن، ئــەوا ناکرێــت لــە نەتەوەبوونــی کــورد گومانێــک بــۆ ئەوانــەی کــە ئــاوەز ســەرچاوەی بڕیاردانیانــە بەجــێ بهێڵێــت. د. جەمــال نەبــەز زانــای لێهاتــووی کــورد وێــڕای ئاماژەکــردن بــە هەمــوو ئــەو تایبەتکارییانــەی کــە کــورد وەک نەتــەوە هەیەتــی وەکــوو زمــان، بنەچــە و ڕەچەڵــەک، نیشــتمان، ئاییــن، کەلتــوور، هەســتی وەکیەکــی کوردبــوون، لەســەر نەتەوەبوونــی کــورد بــەو شــێوەیە وڵامــی هەمــوو ئــەو شۆڤێنیســتانە دەداتــەوە کــە دەڵێــن کــورد نەتــەوە نییــە: «گەلێــک یــان کۆمەڵگەگەلێکــی ئێتنیکــی، یــان بــا بێژیــن هــەر کۆمەڵگەگەلێکــی گــەورە کــە بــە لایەنــی کەمــەوە دوو هــەزار ســاڵێک بێــت لەلایــەن خــۆ و لەلایــەن بێگانــەوە بــە نــاوی کــوردەوە ناسرابێــت و لەســەر زەوییــەک بــژی کــە نێزیکــەی هــەزار ساڵێک بێــت بــە کوردســتان بەناوبانــگ بێــت و خاوەنــی زمانێــک بێــت

١ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی رۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

کـە بـە لانیکەمـەوە ٧٠٠-٦٠٠ سـاڵێک بێـت پێـی بنووسرێـت، ئەوجـا ئـەم کۆمەڵگەلـە گەورەیـە کـە نێزیکـەی ٢٥ ملویـن دەبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بەسـەر پێنـج دەوڵەتـی بێگانـەی سیسـتەم جیـاوازدا بـەش کرابێـت، و هێندێکیشـی پەڕیبێتـە ئەمپـەڕ و ئەوپـەڕی جیهـان و هـەر بەشـێک لێـی جنسـییەی دەوڵەتێکـی بێگانـەی دیکـەی هەبێـت، کەچـی ئەمانـە هەمـوو خۆیـان هـەر بـە پێوەنـداری یـەک کۆمەڵگـە و یـەک زمـان و یـەک سـەرزەوی و یـەک کەلتـوور بزانـن کـە لێیـان بپرسـیت تـۆ چیـت، بـەر لـە هەمـوو شـتێک بێـژن کـوردم».[٢]

ئێمـە ئێسـتاش خەریکـی سـەلماندی ئەوەیـن کـە بـە فارسـێک کـە بڕیـاری خـۆی داوە هـەر بـە مـن بڵێـت نەتـەوە نییـە بسـەلمێنم کـە کـورد نەتەوەیـە، لەلایەکـی دیکـەوە سـەرەڕای هەمـووی ئـەو ڕاسـتییە، کوردێـک لـە سـەر چ بنەمایـەک ئامادەیـە ژێردەسـتەیی قەبـووڵ بـکات و ئامـادە بێـت بەسـیجییەک لـە کرمـان و یـەزد و ئیسـفەهان بێـت و حوکمـی بـکات، ئایـا هیـچ بێڕێزییـەک تەنانـەت لـە هەمـوو ئـەو سـتەمانەی کـە بەسـەر نەتـەوەی کوردیـش دەکرێـت زیاتـر هەیـە؟

هەبوونـی هەسـتی هاوبـەش لەنێـو نەتەوەیـەک گرینگییەکـی یەکجـار زۆری هەیـە، شـایانی باسـە وێـڕای هەمـوو هەوڵەکانـی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی و دەوڵەتەکانـی پێشـووی ئێـران، بـە بەکارهێنانـی جیاوازیـی ئایینزایـی کـە هەیـە بـۆ ئـەوەی درز لەنێـو کوردەکانـی شـیعە و سـوننە بـە تایبەتـی بـۆ دابڕاندنـی ناوچـەی

---

٢ نەبەز جەمال، ناسنامە و کێشەی ناسیۆناڵی کورد، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٧

باشـووری زاگـرۆس لـە کوردسـتان کـردووە، لـە کارەسـاتی بومەلـەرزەی پارێـزگای کرماشـان دەرکـەوت کـە ئـەو سیاسـەتە شکسـتی خـواردوە، چونکـە لـە باکووریتریـن خاڵـی کوردسـتانەوە بـە هانـای لێقەومـاوان چـوون، ئـەوە هەسـتی نەتەوەیـی وەک یەکبوونـی کـورد بـوو، کـە ئـەو هاوکارییـە و بەهاناچوونـەی کـە بـە یەکێـک لـە ڕووداوە گرینگەکانـی سـەردەمی نـوێ دەزانرێـت، ئافرانـد.

هـەر چـۆن لـە زۆربـەی لێکۆڵینـەوەکان بـاس لـە شـوێندانەریی نووسـینەکانی «ژان ژاک ڕۆسـۆ» لـە ناسـیۆنالیزمی فەڕانسـەوی، یـان نووسـینەکانی هـردر و فیختـە لەسـەر ناسـیۆنالیزمی ئاڵـمان، یـان نووسـینەکانی ماتسـینی لەسـەر ناسـیۆنالیزمی ئیتالیـا دەکرێـت، لێکۆڵەرانـی ناسـیۆنالیزمی کوردیـش مـەم و زینـی ئەحمـەدی خانـی بـە سـەرەتای ئـەو هەوڵانـە دەزانـن کـە ڕۆشـنبیری کـورد بـۆ گەیشـتن بـە دەوڵەتـی کوردیـی داوە، «بیرکـەرەوەی کـورد ئەحمـەدی خانـی (١٦٥٠/١٦٥١-١٧٠٦) کـە مـەم و زینەکـەی لـە ١٦٩٤ یـان ١٦٩٥دا نووسـیوەتەوە، کـوردی بانـگ کـردووە بـۆ یەکگرتـن و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کوردیـی سـەربەخۆ و خۆڕزگارکـردن لـە ژێردەسـتەیی تـورک و فـارس و پەیداکردنـی شـایەکی کـوردی و تاجێکـی کـوردی و دراوێکـی کـوردی و ڕازەی کەلتووریـی کـوردی و... هتـد».[٣]

بـەڵام ئەگـەر لـە چوارچیـوەی کـرداری سیاسـی و شـۆڕش هەوڵـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـۆ ڕزگاری ببینیـن ئـەوە «هەوڵـدان بـۆ

٣ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی رۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی ناســـیونال لای کـــورد بـــە کـــردەوە لـــە ســـەدەی هـەژدەوە دەسـتی پـێ کـردووە و لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەدا گەیشـــتووەتە پلـــەی خەباتـــی چەکدارانـــەی ڕێکخـــراو».[٤]

هــەر لــەو ڕوانگەیەوەیــە کــە هەندێــک لــە لێکۆڵــەران شۆڕشــەکەی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری لـە سـاڵی ١٨٨١دا بـە بناغـەی ناسـیۆنالیزمی کوردیــی چاخــی نــوێ دیــار دەکــەن. «بەهەشــتی شــێخ عوبەیدوڵــڵای نەهــری، کــە شــێخی دەروێشــەکانی تەریقەتــی نەقشــبەندی بــوو لــە ژووروی کوردســتاندا، دەیویســت کوردســتان بــە جارێــک لــە هەمــوو دەســەڵاتێکی تــورک و فــارس ڕزگار بــکات و دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کـــوردی دروســـت بـــکات و بـــۆ ئەمـــەش نوێنەرەکانـــی دەوڵەتـــە ڕۆژاواییەکانــی ئــاگادار کردبــوو، لــە ســاڵی ١٨٨١/١٨٨٠دا بــە کــردەوە لەشـــکری کێشـــابووە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانەوە».[٥]

لـــە لێکۆڵینـــەوە بـــۆ دیتنـــەوەی ئاخێزگـــەی ناســـیۆنالیزمی کوردیـــدا ڕوانگــەی جیــاواز هەیــە، بــە تایبەتــی پرۆفیســۆر د. «عەبــاس وەلــی» لەســـەر ئاخێزگـــەی ناســـیۆنالیزمی کـــوردی بـــۆ زۆر نزیکـــتر واتـــە لـــە ســـەدەی بیســـتەم و دامەزراندنـــی کۆمەڵـــەی ژێـــکاف دەگەڕێنتـــەوە و دەڵێــت: «دامەزرانــی کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کوردســتان لــە ســاڵی ١٩٤٢ ئاماژەیــە بــۆ دەرکەوتنــی هــزر و کــرداری ناسیۆنالیســتیی مۆدێــڕن لــە

٤ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی رۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

٥ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەییی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی رۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

کوردســتانی ئێــران».[٦]

ئــەو بۆچوونــە تەنانــەت لەگــەڵ ئــەو بەشــە لــە نووســینی خۆشــی پاردۆکســی هەیــە کــە دەڵێــت: «بەرگریــی کــوردەکان لــە بەرانبــەر ئــەو شوناســە زۆرەملێیــە و پێداگریکــردن لەســەر دەربڕینــی جیاوازییەکانیــان بناغــە و بنەمــای ناســیۆنالیزمی کوردیــی بــەدی هێنــا»[٧]؛ چونکــە بەرگریکردنــی کــوردەکان ئەگــەر بــۆ زۆر کۆنیــش نەگەڕێنــەوە لانیکــەم هــەوڵ و شــوێندانەریی هــەر دوو شۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵــڵای نەهــری و شۆڕشــی ســمکۆی شــکاک لــە کوردســتانی خۆمــان و شۆڕشــەکانی پارچەکانــی دیکــە و شــوێندانەرییان نابــێ وەلا بنرێــت. بەڕێــز «وەلــی» کــە بــە نیشــانەی پرســیارەوە لــە شۆڕشــی ســمکۆ کــە ئایــا هەوڵێــک بــووە بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان یــان بەرهەڵســتکارانەیەکی عەشــیرەتی بــووە دەڕوانێــت، بــە کورتکردنــی تەمەنــی ناســیۆنالیزمی کــوردی دەیهەوێــت چ ئامانجێــک بپێکێــت، دیــار نییــە، بــەڵام ئــەو بۆچوونــەی د. «جەمــاڵ نەبــەز» لــەو بــوارەدا ژیربێژانەتــر دێتــە بەرچــاو کــە دەڵێــت: «بیــری دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی کوردیــی ناســیۆناڵ کــە هەمــوو نەتــەوەی کــورد بگرێتــەوە لــە کوردســتانێکی ســەربەخۆدا و بــە ســەرکردایەتیی شــایەکی کــورد، هــەر لــە کوردســتان خۆیــدا هەڵقــوولاوە و لــە بێگانــەوە وەرنەگیــراوە و ئــەم بیــرەش بــە لایەنــی کەمــەوە لــە

٦ ولــی عبــاس، شــکلگیری هویــت ملــی کــوردی در ایــران، ترجمــەی ســحر باقــری جمیــل رحمانــی، شــهریور ١٣٩٩

٧ ولی عباس، شکلگیری هویت ملی کوردی در ایران، ترجمەی سحر باقری جمیل رحمانی، شهریور ١٣٩٩

سـەرەتای سـەدەی شـازدەیەمدا بـووە، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە گەلانـی فـارس و عـەرەب و تـورک، بـە وێنـەی گەلـە ئورووپاییـەکان لـە سـەدەکانی نێوەڕاسـتدا هەوڵـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی تێریتۆریـاڵ territorial state داوە».[٨]

لـە هـەر حاڵێکـدا ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە بـە پێچەوانـەی بەشـێکی بەرچـاوی ناسـیۆنالیزمی نەتەوەکانـی دیکـە کـە ئامانجـی خۆیـان پێـکاوە، ناسـیۆنالیزمی کـوردی نـەک نەیتوانیـوە بـە ئامانجەکانـی بـگات بەڵکـوو ڕووبـەڕووی سـەدان پیلانـە بـۆ ئـەوەی بـە ئامانـج نـەگات و گەلـی کـورد بـە ژێردەسـتەیی بمێنێتـەوە و نەتەوەبوونـی خـۆی فەرامـۆش بـکات. لـە وڵامـی پرسـیاری ئـەوەی بـۆ ناسـیۆنالیزمی نەتەوەکانـی دەوروبـەر بـە هەمـوو باکگراوندێکـی دونیابینییـەوە کـە هەیانـە، لـە ڕاسـتی ڕاسـت تـا دەگاتـە چەپـی چـەپ بـە دژی سـەرەتاییترین مافەکانـی نەتـەوەی کـوردە و سیاسـەتی ناسیۆنالیسـتیی نەتەوەیـی خۆیـان لەسـەر بنەمـای بەردەوامـی بـە داگیرکردنـی خاکـی کوردسـتان بـەردەوام دەکـەن و تەنانـەت ئـەو سیاسەتەشـیان نـەک لـە ڕێگـەی دەوڵـەت و ئامرازەکانـی بەڵکـوو بـە گشـتی لـە ڕێگـەی هەمـوو کۆمەڵگـەوە لـە میدیـا بگـرە هەتـا سیسـتەمی پـەروەردە، لـە مـەلا و ڕۆشـنبیر بگـرە هەتـا دەگاتـە دووکاندارێکـی ئاسـایی لـە شـاری تـاران جێبەجـێ دەکـەن؟ تەنیـا دەتوانـم ئـەوە بڵێـم کـە هەبوونـی کوردسـتان و کـوردی ئـازاد بـە نەمانـی خۆیـان دەزانـن و بەردەوامیـی ژیانیـان لـە داگیرکردنـی

٨ نەبەز جەمال، بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات ونەبیری نایۆنالیزمی رۆژاوای یە، چاپی دووەم ٢٠٠٢ لەندەن

کوردستاندا دەبینن، ئەوەش وێڕای چارەنووسی جوغرافیا و سیاسەت و پیلانی زلهێزانی دونیا، بۆ ڕەگەزپەرستیی ناسیۆنالیستی/ فاشیستیی نەتەوەکانی دەوروبەرو بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی ئێران/ فارسی دەگەڕێتەوە. بەڵام لە وڵامی پرسیاری ئایا بەو دۆخەوە هیوا بۆ ڕزگاریی کورد نییە، بێگومان هەیە، ئەو هیوایە سەرەتا بە قامکدانان لەسەر ڕاستیی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دەوروبەر بە دژی کورد سەرچاوە دەگرێت، کە ژیانی خۆی لە مەرگی کورددا دەبینێتەوە، دواتر بە دارشتنی سیاسەتی بەرگری و دژایەتیی ئەو سیاسەتانە لە چوارچێوەی ئایدیای کوردایەتی، بە کەڵکوەرگرتن لە بیری ناسیۆنالسیتیی کوردی و هەر تێزێک کە لە هەر ئایدیایەکی دیکە (بە مەرجێک نەکەوێتە خانەی هەوڵی شۆڤینیستانە) هەبێت، لە کۆتاییشدا هەوڵی پاراستنی ئەو ئەزموونەی کە توانیویەتی چوارچێوەیەک بۆ ئازادیی کورد دابین بکات، لە ڕێگای ئایدیای جیاواز بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە خاڵی سیفر.

بەدڵنیاییەوە هەر بەو ئەندازەی کە لەنێوبردنی کورد شکستی خواردووە و مومکین نییە، ئەوا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری لە ڕێگەی ئاوەز و ئەزموونوەرگرتن لە مێژوو مسۆگەرە.

# ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی

*ئاشـــکرایە کـــە کـــورد کێشـــەی نەتەوایەتیـــی هەیـــە و هەتـــا ئـــەو کێشـــەیە چارەســـەر نەبێـــت، هیـــچ پرۆژەیەکـــی سیاســـیی دیکـــە ناتوانێـــت خـــۆی دەر بخـــات.[1]*

*ئەیووب کەریمی*

١ کەریمی ئەییوب، کورد وەک قوربانی سێ ئیدیۆلۆژی، گوتارنامە، مانگنامەی کۆمەڵایەتی، کولتوری ساڵی یەکەم ژمارەی ١ پووشپەرری ١٣٨٧ی هەتاوی

لـە یەکەمیـن سـەرنجدا ئـەو مانشـێتەی سـەرەوە بابەتێـک نییـە کـە شـایانی باسـکردن بێـت، چونکـە بـۆ هەمـوو لایـەک دیـارە کـە کوردایەتـی چییـە و ئایدیۆلۆژیـای کوردایەتیـش پەیوەندیـی بـە کوردایەتییـەوە هەیـە، کەواتـە باسـکردن لەسـەر بابەتێـک کـە بـۆ هەمـوو لایـەک ڕوونـە بەفیڕۆدانـی کات هەژمـار دەکرێـت. بـەڵام دوای تاوتـوێ کردنـی ئـەو باسـە ئەگـەر پرسـیار بکەیـن ئەگـەر بابەتەکـە ئەوەنـدە ڕوونـە، دەکرێـت ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە وەک هەمـوو ئایدیۆلۆژیاکانـی دیکـە پێناسـە و چوارچێوەیەکـی ڕوونـی نیشـان بدریـت یـان پێناسـە بکرێـت. بێگومـان لـە وڵامـدا، وێـڕای نەبوونـی وڵامـی ڕوون، تەنانـەت لەوانەیـە لەلایـەن هێـزی سیاسـی و ڕوانگـەی

جیاواز وڵامی جیاواز لەو بوارەدا هەبێت. تەنانەت هەموو هێز و لایەنەکان بە ئەوانەی کە کوردایەتی دەکەن و ئەوانەی کە نایکەن، یان تەنانەت ئەوانەی کە لەلایەن ڕێژیمیشەوە پیلانیان بۆ دانراوە بانگەشەی کوردایەتی بکەن لە ڕوانگەی خۆیانەوە بۆ ئەو باسە دەڕوانن.

بە تایبەتی بە هەبوونی ئەو دوژمنانەی کە هەبوونی خۆیان لە نەبوونی گەلەکەی ئێمە دەبیننەوە، بە تێچوویەکی یەکجار زۆر لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت شەڕی نەرم بەردەوام هەوڵ دەدەن کە گوتاری کوردایەتی بەلاڕێدا ببەن، بەو بە لاڕێبردنەش ئەو گوتارە لاواز و بێ نێوەڕۆک بکەن کە لە نێوبردنی ئاسان و ئاسانتر ببێت. لێرەدایە کە پێویستی هێنانە بەر باسی ئەو بابەتە لە چوارچێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کە لانیکەم لەنێوان ئەوانەی کە کوردایەتی دەکەن و ئەوانەی زیانی پێ دەگەیەنن، سنوورێکی ڕوون دابنرێت، دەردەکەوێت.

بێگومان مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە ئەو بابەتە بکەمە باسێک هەتا درزێک لەنێوان ئەو لایەنە سیاسییەی کە خۆم بە شانازییەوە ئەندامێتیی دەکەم و لایەنەکانی دیکە کە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرم، دروست بکەم، لە دۆخی ئێستادا دەبێ هەموو هەوڵێکمان دژایەتیی درز دروستکردن بێت، چونکە بەو شێوەیە دەتوانین بە پێچەوانەی ویستی دوژمن هەنگاو هەڵێنین، بەڵکوو ئەوەی زیاتر مەبەستی منە وڵامدانەوەیەکی ژووری ئۆپەراسیۆنی شەڕی نەرمی دوژمنە کە دەیهەوێت کوردایەتی وەک

خـۆی پێناسـه بـکات و بیکاتـه ویسـتی زۆرینـەی کـوردی ڕۆژهـەڵات. بـه تایبەتـی ئـەو ڕێژیمـەی لـه ئێرانـدا ئێمـه بـەردەوام بـه درێـژای مێـژوو بـه دژی خەباتمـان کـردووه، بـه پێچەوانـەی ڕێژیمەکانـی دیکـه کـه یەکسـەر ئینـکار لـه بوونـی کـورد دەکـەن، یـان ئەگـەر دان بـه هەبوونیشـیدا بنێـن، دان بـه مافەکانـی وەک نەتـەوەدا نانێـن، وێـڕای نیشـان نەدانـی دوژمنایەتـی لەگـەڵ نـاوی کـورد و کوردسـتان، بـەڵام بـەو نێوەڕۆکـەی کـه خـۆی دەیهەوێـت و پێناسـەی بـۆ دەکات، ئـەو کارەش بـه چەواشـەکاری و ڕێگریکـردن لـه پەرەسـەندنی گوتـاری کوردایەتیـی ڕاسـتەقینه بـۆ ئـەوەی پێگـەی کوردایەتیـی ڕاسـتەقینه لـه کەمینـەدا بێـت، هـەر بۆیـەش هەوڵەکانـی ڕێژیمـه یـەک لـه دوای یەکەکانـی ئێـران زیاتـر لـه هـەر دەوڵەتێکـی دیکـه زیـان بـه ناسـنامه و هەبوونـی کـورد دەگەیەنـن.

لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـه ئایدیۆلۆژیـاکان لـه سـەرەتادا شـیکردنەوەیەک لـه دۆخـی ئێسـتا، بـه مەبەسـتی دیتنـەوەی ئـەو کـەم و کوڕیانـەی کـه هەیـه و هەروەهـا ڕەخنەکردنیـان، دەتوانـن دەسـت لەسـەر پرسـەکان دابنێـن، دواتـر چۆنیەتیـی نەهێشـتنی ئـەو کـەم و کوڕیانـه لـه چوارچێـوەی بەرنامەیـەک دیـاری دەکرێـت، کەواتـه سـەرەتاییترین ڕۆڵـی ئایدیۆلۆژیـا ئەگـەر شـیکردنەوەی دۆخـی ئێسـتایه، تـا ڕاسـتییەکانی ئـەو دۆخـه دەربکەوێـت بـۆ ئـەوەی ڕەخنـه بکرێـت بـۆ هەبوونـی دۆخێکـی باشـتر، لـه ئایدیۆلۆژیـای کوردایەتیشـدا ئەگـەر شـیکردنەوەیەکی کورتمـان هەبێـت بـۆ ئێسـتای دۆخـی کـورد دەبینیـن کـه کـورد لـه مێـژووی هاوچەرخـی خـۆی کـه

بــە شــۆڕش بــە دژی دەســەڵاتەکانی ناوەندیــی وڵاتــەکان و ئازادکردنــی خاکــی کوردســتان بــۆ ئــەوەی کــە قەوارەیەکــی ئازادکــراوی کــوردی هەبێــت، کــە کــورد تێیــدا خــۆی بەڕێــوە ببــات، دەســتی پــێ کــرد. بــە دوای شۆڕشــی بەدرخانییــەکان، گەورەتریــن شــۆڕش لــەو بــوارەدا شۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵــڵای نەهــری بــوو، بنەمــا یــان گەوهــەری بیــری شۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵــڵا لــەو بەڵگانــەی کــە بەردەســتن، ڕزگارکردنــی وڵات لــە دەســتی تــورک و فارســە بــۆ ئــەوەی کوردیــش وەک ئــەوان خــاوەن ســەروەری و وڵات بــن. هەروەهــا ســەرەتای ئــەو هێرشــەش لــە کوردســتانی ڕۆژهــەڵات دەســتی پــێ کــرد، هــەر چەنــد ئــەو شۆڕشــە شکســتی خــوارد، بــەڵام بــە ســەرچاوەی بەهێزبوونــی بیــری ناسیۆنالیســتیی کــورد بــۆ ڕزگارکردنــی وڵات هەژمــار دەکرێــت، لەنێــوان شۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵــڵا و دامەزراندنــی کۆمەڵــەی ژێــکاف هەمــوو شۆڕشــەکانی کــورد هەڵگــری ئــەو بیــرە بــوون کــە کوردســتان ڕزگار بکــەن، لــەو نێــوەدا شۆڕشــی ســمکۆی شــکاک لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان کــە هــاوکات لەگــەڵ بەهێزبوونــی پەهلەوییەکانــە، یــان باشــتر بڵێــم دوای نەمانــی شۆڕشــی ســمکۆ، پەهلــەوی زیاتــر توانــی بەرنامەکانــی خــۆی لــە پێنــاو بەهێزکردنــی ناســیۆنالیزمی فــارس پــەرە پــێ بــدات، بــە هەمــان شــێوە کــە شۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵــڵا هەڵگــری بیــری ناسیۆنالیســتی بــوو و تەنانــەت بەهــۆی بەهێــزی توانــی شــوێندانەریی زیاتــر لەســەر نەوەکانــی داهاتــوو دابنێــت.

ئــەوەی لــە شۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵــڵای نەهــری زۆر بەرچــاو بــوو، ڕەهەنــدی کوردســتانی گــەورە بــوو، چونکــە سیســتەمی نوێــی

دونیـا بـە دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی نەهاتبـووە ئـاراوە و سـنوورە نوێییەکانــی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت نەکێشرابــوون. بــەڵام شۆڕشــەکانی دواتــر سـنووری خەباتیـان لـە چوارچێـوەی سیسـتەمی نوێـدا بـە دوای شــەڕی یەکەمــی جیهانــی دیــاری دەکــرد، جیــا لــە ســمکۆی شــکاک کــە شۆڕشــەکەی هــاوکات و دوای شــەڕی یەکەمــی جیهانــی بــوو، هەوڵەکانــی بــۆ دروســتکردنی پەیوەنــدی لەگــەڵ پارچەکانــی دیکــە و تەنانــەت ســەردانکردنی بــۆ لای شــێخ «مەحمــوودی بەرزنجــی» نیشــان دەدات ئەگــەر بــە لاوازیــش بێــت دواییــن هەوڵــی کــورد بــۆ ســڕینەوەی ســنوورە دەســتکردەکان بــووە.

پێویســـتە ئامــاژەش بــەوە بکەیــن کــە کــورد لەنێــوان شۆڕشــە گەورەکانیشــدا بــەردەوام تەنانــەت ئەگــەر لــە ئاســتی لۆکاڵــی و عەشـیرەتیش بێـت هـەر لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەنـدی گرفتـی هەبـووە، بــۆ نموونــە لــە یەکێــک لــەو گرفتانــەی کــە لــە ناوچــەی ورمــێ بــەر لــە کۆمــاری کوردســتان دێتــە ئــاراوە، عەشــیرەتەکان چەنــد داخــوازی ئاراســـتەی کاربەدەســتان دەکــەن، لەوانــە کــە مافــی هەڵگرتنــی ئازادانــەی چەکیــان هەبێــت، یــان دامــودەزگای حکوومەتــی لــە ڕێگــەی کەســانی ناوچــەوە بەڕێــوە ببردرێــن، هــەر وەکــوو لــەو داخوازییانــە دیـارە هەبوونـی هەسـتی جیـاواز و ویسـتی جیـاواز لـە خەڵکـی دیکـە، لەســەر ئــەو بنەمایــەی کــە ناســنامەی ســەپێندراو پەســند ناکرێــت، هــەر هەبــووە، کەواتــە بچووکیــی بەرەبەرەکانــێ دژی دەســەڵاتی ناوەنـدی بـەو مانایـە نایـەت کـە سیاسـی نەبـوون یـان پەیوەندیـی بـە کوردایەتییـەوە نەبـووە، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو پەیوەندییـە زۆر لاواز

بێــت.

کۆمەڵــەی ژێــکاف کــە بــە قوناغێکــی نــوێ دادەنرێــت، لــە ســەرەتادا وێــڕای هەمــوو ئــەو جیاوازییانــەی کــە لەگــەڵ شۆڕشــەکانی پێشــوویدا هەیبــوو، بــەڵام لــە نەناســینی ســنووره دەســتکردەکاندا هەتــا ڕادەیەکــی زۆر پەیڕەویــی لــە شۆڕشــەکانی پێشــوو دەکــرد، هەبوونــی پەیوەنــدی لەگــەڵ باشــوور یــان هەوڵەکانــی پەیماننامــەی ســێ ســنوور، دەکرێــت لــەو چوارچێوەیــە ببینیــن، بــەڵام ئــەو بابەتــە بــە تایبەتــی دوای کۆمــاری کوردســتان بــە تــەواوی گــرێ درا بــە هــەوڵ تێکۆشــان لــە چوارچێــوەی ســنووری ئــەو وڵاتانــەی کــە کوردیــان بەســەردا دابــەش کرابــوو. پێــم وایــە لــە دوای یەکەمیــن دابەشــکردنی کوردســتان لــە دوای شــەڕی «چاڵــدران» تــا دوای کۆمــاری کوردســتان ئــەو ئامانجــەی کــە دوژمنــان کــە کوردســتانیان پــێ دابــەش کردبــوو بــەدی هاتبــوو، بــە تایبەتــی لــە دوای شــەڕی جیهانیــی یەکــەم کــە دەســتی زلهێزانیشــی لەگــەڵ بــوو. ئامانجــی دوژمنــان لــەو دابەشــکردنانە لاوازکردنــی کــورد بــوو بــۆ ئــەوەی هێــزی یەکگرتــووی نەبێــت، بــۆ ئــەوەی نەتوانێــت هێــزی خــۆی لــە دەوری یــەک ئامانــج کــە ئەویــش کوردســتان و ڕزگارکردنــی بــووە، یــەک بخــات.

لــە قوناغــی دووەمــی هەوڵــی دوژمنــان بــە تایبەتــی ئــەو چــوار دەوڵەتــەی کــە کــوردی بەســەردا دابــەش کــراوە، وێــڕای تواندنــەوە و نەهێشــتنی کــورد، ئــەوە بــوو هــەوڵ بــدەن ئەگــەر ئامــاژە بــە پرســێکیش بــە نــاوی پرســی کــورد بکــەن، بــە پرســی نێوخۆیــی لەقەڵــەم بدرێــت. ئــەو بابەتــە زیاتــر لــە هەوڵــی ئــەو وڵاتانــە یــان لاوازبوونــی کــورد لــە

بەرانبــەر سیاســەتەکانی ســەرکوت و ئاســمیلەکردنی کــورد، بەرهەمــی سیســتەمی نوێــی دونیــا واتــە سیســتەمی نەتــەوە دەوڵــەت بــوو، چونکــە بــە گوێــرەی سیســتەمی نــوێ، دەوڵــەت پێگــەی مافــی سیاســیی هەیــە، تەنانــەت نەتــەوەی جیــاواز لەنێــو وڵاتێــک دەبــێ لەنێــو ئــەو دەوڵەتــە گرفتەکانیــان چارەســەر بکــەن، ئــەو دەوڵەتانــەش بەرپرســن لــە پرســی نێوخۆیــی و تەنانــەت ناکرێــت بــە هیــچ شــێوەیەک دەســتێوەردان لــەو بــوارەدا بکرێــت. ئەگــەر لــە شــوێنێکیش بــاس کرابێــت یــان کــورد بــۆ خــۆی هەوڵــی دابێــت کــە پرســەکەی بــە نێونەتەوەیــی بــکات، لــە چوارچێــوەی پرســی کەمینــەکان بــووە، ئــەو دەوڵەتانــەی کــە کوردســتانیان بەســەردا دابــەش کــراوە، نــەک بــە پیــل داخوازییەکانــی نەتــەوەی کــورد نەهاتــوون، بەڵکــوو هەمــوو داخوزییەکانــی کوردیــان بــە پێشــێلکردنی تەواوییەتــی ســنوور و یەکپارچەیــی ئــەو وڵاتانەیــان هەژمــار کــردووە و ســەرکوتیان کــردوون، تەواویەتــی خاکــی ئــەو وڵاتانــەش لەلایــەن ئــەو دەوڵەتانــە و کۆمەڵگەکانیــان بــە بابەتێکــی پیــرۆز دادەنرێــت و نابــێ پێشــێل بکرێــت، دەزانرێــت.

ئــەوەش وای کــردووە کــە لــە دوای زیاتــر لــە ســێ چارەکــە ســەدە لــە دامەزراندنــی کۆمەڵــەی ژێــکاف تــا ئەمــڕۆ کــە زۆربــەی هێــز و لایەنــە سیاســییەکان خوازیــاری چارەســەرکردنی پرســی کــورد لــە چوارچێــوەی ئــەو ســنوورانەدا بــن، هەروەهــا لــەوەش گرینگــتر تەنانــەت هەندیــک هێــز و لایــەن داوای زۆر کەمتریــش کــە هەندێــک داوای گشــتی وەک دێموٚکراســی و هەندێــک ئــازادی کــە لەوانەیــە خەمــی هــەر شــارۆمەندێکی غەیــری کوردیــش بێــت وەک بەرنامــەی سیاســیی خۆیــان

دەزانــن. ئـەوە دووەمیــن قوناغــی بــە ئامانــج گەیشــتنی دوژمنــە کــە پرسی کـورد لـە پرسـی نەتەوەیـەک بـۆ پرسـێکی نێوخۆیـی کـە زۆرجـار خۆشـی بـە نەبوونـی ئاوەدانـی و هتـد دەبەسـتێتەوە کـەم بکاتـەوە. لەژێـر سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامی هەندێـک جـار ئـەو هەستەسـۆزەی کـە بـۆ کوردایەتـی هەیـە، لـە چوارچێـوەی هەڵبژاردنـەکان و ناردنـی مۆرەیەکـی سـپای پاسـداران بـۆ بەنـاو مەجلیسـی ئیـران، خـۆی دەبینێتـەوە، کـە نیشـان دەدات کـە هەوڵەکانـی ڕێژیـم هەتـا چ ڕادەیـەک لـەو بـوارەدا کاریـان کـردووە، بگـرە سـەرکەوتووش بـوون.

ئەگـەر دوو بابـەت هەبێـت کـە ڕێژیمـی سیاسـی لـە ئێـران لـە قوناغـی دووەمـدا سـەرکەوتنی تـەواوی بەدەسـت نەهێنابێـت، یەکەمیـان وێـڕای سـەرکوتی بەردەوامـی زۆر دڕندانـە، هەبوونـی پێگـەی شۆڕشـێکی بەهێـزە واتـە هەبوونـی هێـزی سیاسـیی بەرهەڵسـتکارە (بـە هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانەوە)، تەنانـەت ئەگـەر لـە هەندێـک قوناغـدا لاوازیـش بێـت، بـەڵام بـەردەوام هەوڵـی بوژانـەوە و بەهێزبوونـی خـۆی داوە، دووەم هەبوونـی هەسـتی کوردایەتـی لـە ڕۆژهـەڵات لـە زۆر ئاسـتی کەلتـووری و ئەدەبـی و سیاسـی و هەندێـک چەمکـی نـوێ وەک ژینگەپارێـزی و بەرزکردنـەوەی هەسـتی وەکیەکـی هاوبـەش بـە پێچەوانـەی هەمـوو هەوڵەکانـی ڕێژیـم بـە ڕادەیـەک خـۆی بـە گەوهـەری کوردایەتـی دەوڵەمەنـد کـردووە، کـە هەمـوو بەرنامەکانـی ڕێژیمـی پووچـەڵ کردووەتـەوە، ئـەو هەسـتە لـە شـەقامی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پوتانسـییەلێکی گەورەشـیان هەیـە، هـەر ئـەو پوتانسـییەلە گەورەیـە وا دەکات کـە بەرپرسـیاریەتیی هێـزی شـۆڕش زۆر قـورس

بێت بۆ ئەوەی ئەو هێزە بەرەو ئاراستەیەک کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی کوردایەتی بێت ببات، لێرەدایە پێویستیی هەبوونی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی بۆ شیکردنەوە و ڕەخنەی ئەو پیلانانەی کە کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت کوردایەتی هەیەتی، خۆی دەردەخات.

ئەگەر لە چوارچێوەی حیزبی دێمۆکراتدا باسی ئەو بابەتە بکەم پێوستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە حیزبی دێمۆکرات، ئەگەر لە داخوازیی خۆیدا زیادتر جەختی لە سەر دێمۆکراسی کردبێتەوەو، زۆر بابەتی پەیوەندیدار بە دێموکراسی خوازیشی هێنابێتە بەر باس، هیچ کات ڕۆحی کوردایەتی لە ناخی ئەو حیزبە نەهاتووەتە دەر، ئەو ڕۆحەی کە دوایی شۆڕشەکانی مێژووی هاوچەرخ لە کۆمەڵەی ژێکاف دوبارە بە شێوەیەکی دیکە دامەزراوە و لە کۆماری کوردستان خۆی دەرخست، هەر ئەو ڕۆحە وا دەکات کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە مافی نەتەوەییەکانی کورد دابین نابێت، بەرگری لە کوردستان بکات، هەر ئەو ڕۆحە وا دەکات کە ڕێژیم لە هیچ ڕێگایەک، تەنانەت تیرۆرکردنی ڕێبەرانی شوێندانەری ئەو حیزبە بە هەبوونی نرخێکی نێونەتەوەیی، بۆ کۆتاییهێنان بە خەباتی ئەو حیزبە سڵ نەکاتەوە، هەر ئەو ڕۆحەش بوو کە توانی هەوڵەکانی خۆی لە چوارچێوەی ڕاساندا کە ترسی سەرانی ڕێژیم لە ئاستی هەرەسەرەوە بە دەر بخات و هەموو هەوڵێک بدەن کە ئەو هەوڵە شکست بخوات، بەڵام لە قوناغی ئێستادا پێویستە هەمووی ئەو هەوڵانەی هەن بە سەرنجدان بە کەم و کوڕییەکانیان و باشترکردنیان و دەوڵەمەندکردنی بە شیکردنەوەکانی

ئایدیۆلۆژیــای کوردایەتــی هەوڵــی زیاتــری بــۆ بدرێــت، کــە ئــەو هەوڵــە دەبــێ ببێتــە هەوێنــی هەرچــی زیاتــری یەکخســتنی نێــوان ئــەو پوتانســییەلەی کوردایەتییــەی کــە لــە نێوخــۆی ڕۆژهەڵاتــدا هەیــەو هێــزی شــۆڕش بدرێــت.

شــایانی باســە نابێــت ئــەو گۆڕانکارییانــە کــە لــە ئاســتی وڵاتەکانــی دیکــەی کــە کوردســتانیان بەســەردا دابــەش کــراوە بــە هێنــد وەرنەگریــن، چونکــە دەبینیــن تەنانــەت بــە نەمانــی سیســتەمی دیکتاتــۆری و پەرەســەندی دێمۆکراســی، بــەڵام لــە ئاســتی دۆخــی کــورد و کوردســتان گۆڕانکارییەکــی ئەوتــۆ کــە مەترســی ســەرکوتی نەتــەوەی کــوردی نەهێشــتبێ بــەدی نەهاتــووە، بەڵکــوو لــە هــەر دەرفەتێــک کــە بۆیــان بلــوێ هێرشــی یاســای ئابــووری تەنانــەت لەشــکریش بــۆ ســەر کوردســتان سـڵ ناکەنــەوە، ئــەو بەڵگەیەکــی بەهێــزە کــە پرســی کــورد زیادتــر لــە پرســی دێموکراســی پرســی نەتەوەییــە، بۆیــە پێوســیتە وەک پرســی نەتــەوەش ببیندرێــت، بــە پێچەوانــەی ئــەوە بەهــۆی هەبوونــی ڕوانگــەی داگیرکــەری بەنیســبەت کوردســتان، سیســتەمەکان ئەگــەر دێمۆکراتیــش بــن، بەرانبــەر کــورد لــە چوارچێــوەی وڵاتێکــی داگیرکــەر هەڵسوکەوت دەکــەن. تەنانــەت ئۆپۆزیسیۆنی ناکوردیــی ئــەو وڵاتانــەش کــە لافــی دێمۆکراســیخوازی لــێ دەدەن، ئەگــەر پرســیاری ئەوەیــان لــێ بکرێــت ئێــوە لەنێــوان مانــەوەی ئــەو ڕێژیمانــە و هەبوونــی ڕێژیمێــک کــە دان بــە مافــی نەتەوەیــی کــوردی دابنێــت و ڕێــز لــە خواســتی کــوردان بگرێــت، کامیــان هەڵدەبژێریــت؟ بێگومــان ئەوانــەی کــە چاویــان بــە مافــی نەتــەوەی کــورد هەڵنایــەت و لــە وڵامــدا دەڵێــن کــە

ئـەو ڕێژیمانـە بمێننـەوە، بێگومـان ڕێـژەی ئەوانـەی کـە ئـەو وڵامـەش دەدەنـەوە زۆرینـەن، ئەگـەر ئامارێکـی زانسـتیش بـۆ ئـەو بابەتـەش بەردەسـت نەبێـت، ویژدانـی خوێنـەر بـا لـەو بـوارەدا داوەری بـکات.

بـە کورتـی لـە چوارچێـوەی شـیکردنەوە و هەڵسـانگاندنی دۆخـی ئێسـتا بـۆ هەبوونـی ئایدیۆلۆژیـای کوردایەتـی بـەو ئاکامـە دەگەیـن کـە ڕێژیمـە ناوەندییـەکان بـۆ نەهێشـتنی کوردایەتـی بـە درێژایـی میـژووی هاوچـەرخ لـە سـەرەتادا کوردیـان دابـەش کـردووە بـۆ ئـەوەی لاواز بێـت، لـە دابەشـکردنی سـنوورەکانیش زیاتـر هەوڵیـان داوە کـە داخوازیـی شـۆڕش لـە چوارچێـوەی پرسـی کـورد نەمێنێـت و ئەوەنـدە کـەم و کەمـتر بێـت، بگاتـە ئاسـتی داخوازییەکانـی شـارۆمەندێکی تـاران. بـەڵام پرسـی کـورد پرسـی نەتەوەیەکـە لەسـەر خاکـی خـۆی واتـە کوردسـتان کـە ئـازاد نییـە و دەبـێ ئـازاد بێـت، ئـازاد بێـت بـۆ ئـەوەی بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدات، بـۆ ئـەوەی خـۆی بڕیـار بـدات چـۆن بژیـت، دان دانـان بـەو ڕاسـتییە دەتوانێـت سـنووری ئەوانـەی کـە کوردایەتـی دەکـەن و یـان ناکـەن، دیـاری بـکات. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا بەرجەسـتەکردنی داواکانـی کـورد وەک پرسـی نەتەوەیـی کـورد، لـە ئاسـتی نێونەتەوەییـش زیاتـر پرسـی کـورد لـە پرسـی نێوخۆیـی وڵاتـەکان بـەرەو پرسـی نەتەوەیـی کـورد و وڵاتـی کوردسـتان ببردرێـت، پێوسـتە بـۆ ئـەو مەبەسـتە دروشـمە سیاسـییەکان زیاتـر لـە دێموکراسـیخوازی و هەبوونـی سیسـتەمێکی دەوڵەتیـی ناناوەندگـەرا بـەرەو ئازادیـی کوردسـتان و ڕێزگرتنـی مافـی بڕیـاردان لـە چارەنووسـی خـۆی وەک کـورد بگۆڕدرێـن، ئـەو کات نەتـەوەی کـورد بـە گوێـرەی

هـــەل ومـــەرج هـــەر سیســـتمێکی پێـــی بـــاش بـــوو هەڵدەبژێرێـــت و چونکـــە بـــە ئـــازادی بڕیـــاری لـــە چارەنووســـی خۆیـــداوە.

لـــە دوای شـــیکردنەوەی دۆخـــی هەنووکـــەی ڕۆڵەکانـــی دیکـــەی ئایدیۆلۆژیـــا، دانانـــی بەرنامەیەکـــە بـــۆ ئـــەوەی چوارچێـــوەی ئـــەو دونیابینینـــە دیـــاری بـــکات، لـــە ئاســـتی کوردایەتیـــش بەهـــۆی هەبوونـــی هێـــزی شـــۆڕش ئـــەو ئەرکـــە دەکەوێتـــە ســـەر شـــانی ئـــەو هێـــزە یـــان هێزانـــە کـــە بانگەشـــەی کوردایەتـــی دەکـــەن، چونکـــە ئـــەوان خـــاوەن هێـــزی ڕێکخســـتنن کـــە پێداویســـتیی ســـەرەکی بـــۆ سەرخســـتنی پرسـێکی وەک پرســـی نەتەوەییـــن.

لێـــرەدا یـــەک بابـــەت دێتـــە پێـــش ئەویـــش ئەوەیـــە ئایـــا ئـــەو بەرنامـــەی ئێســـتا لـــە چوارچێـــوەی خەبـــات هەیـــە کوردایەتـــی نییـــە؟ بێگومـــان کوردایەتییـــە، بـــەڵام ئەگـــەر چوارچێـــوەی ئـــەو خەباتـــە و بەرنامەیـــە بـــۆ کۆمەڵانـــی خەڵـــک ڕوون نەبێـــت یـــا ئەگـــەر ڕوونیـــش بێـــت بـــەڵام شـــیکردنەوەی نوێـــی بـــۆ نەکرێـــت، بـــەردەوام بـــە بیانـــووی ئـــەوەی کـــە ئـــەوە حیزبایەتییـــە دەکەوێتـــە بـــەر هێرشـــی بـــە بەرنامـــەی ڕێژیـــم بـــۆ ئـــەوەی بـــە حیزبـــی نـــاو بهێنرێـــت، نـــەک کوردایەتـــی. پێویســـتە دان بـــەو ڕاســـتییەدا بنێیـــن کـــە بەهـــۆی هێرشـــی نەرمـــی ڕێژیـــم و هەروەهـــا ئـــەو کـــەم و کورییـــەی کـــە لەنێـــو هێـــزی شـــۆڕش یـــان حیزبەکانـــدا هەیـــە، تەنانـــەت هەندێـــک جـــار بەهـــۆی هەبوونـــی ئـــەو هەڵەگەلـــەی کـــە دەکرێـــت، لـــە مێشـــکی بەشـــێکی کۆمەڵـــگا ئـــەو بەرنامانـــە لەگـــەڵ چەمکـــی کوردایەتـــی یەکســـان نییـــە، تەنانـــەت ئەگـــەر لـــەو بـــوارەدا لـــە هەڵەشـــدا بـــم، پێویســـتی هەبوونـــی هەوڵێـــک کـــە کار بـــکات

بەرنامـەی حیـزب وەک کوردایەتـی وێنـا بـکات هەیـە، ئـەو پێویسـتیە بـۆ کۆمەڵـگای گەنجـی کوردسـتان و هەروەهـا بەرپەرچدانـەوەی شـەڕی نەرمـی ڕێژیـم لـە دونیـای ئێسـتا کـە دونیـای زانیـاری و تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـە زۆر بـەدی دەکرێـت، ئـەو وێناکردنـە بـە هەبوونـی ئـەو ڕاسـتییانە کـە لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پـێ دا، هەروەهـا کار بـۆ ئـەوەی لەنێـو ڕای گشـتی کـە لـە دونیـای ئێسـتادا بەهـۆی هەبوونـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکان شـکڵ دەگرێـت، کاری جیدیـی بـۆ بکرێـت. هەروەهـا لـە هەمـووی گرینگـتر بـۆ بەرپەرچدانـەوەی هێرشـی نەرمـی ڕێژیمـی داگیرکـەر هەوڵـی یەکخسـتنی ئـەو پوتانسـییەلەی نێوخـۆ لەگـەڵ شـۆڕش، دواتـر ئاراسـتەکردنی بـەرەو چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد واتـە ئازادیـی کـورد و کوردسـتان ڕێـک بخرێـت.

لـە بەرنامـەی سیاسـیی ئایدیۆلۆژیـای کوردایەتـی وێـڕای دان دانـان بـە هەندێـک ڕاسـتیی دۆخـی ئێسـتا، نابـێ ڕێگـە بـە دژایەتیـی کـورد و کـورد بدرێـت، بـۆ ئـەوەی دابەشـکاریی نـوێ دروسـت نەبێـت. تەنانـەت بـۆ سـڕینەوەی هەمـوو ئـەو دابەشـکارییانەی کـە دروسـت کـراون، بـۆ ئـەوەی کـورد لاواز بێـت، هەنـگاوی سـەرەتایی دژایەتـی نەکردنـی کـورد لەگـەڵ کـوردە. بـۆ ئـەوەی دژایەتیـی یەکتریـش نەکەیـن پێویسـتە خاڵـە هاوبەشـەکان بەرجەسـتە بکەیـن، هەرەوەهـا بـۆ چارەسـەرکردنی خاڵـە ناکۆکـەکان، ڕێزگرتنـە لـەو جیاوازییانـەی کـە لەسـەریان ڕێـک نەکەوتوویـن. ئەمـە کۆتایـی بابەتەکـە یـان هەمـووی ئایدیۆلۆژیـای کوردایەتـی هەژمـار ناکرێـت، بەڵکـوو سـەرەتایەکە کـە پێوسـیتە دەسـتی پـێ بکەیـن.

بـە سـەیرکردنی دۆخـی ئێسـتای کـورد لەوانەیـە بەشـێک لـەو خاڵانـەی سـەرەوە وەکـوو یۆتوپیـای تامـس مـۆر بێنـە بەرچـاو، بـەڵام ئەگـەر دوای ئـەو هەمـووە دابەشـکارییە و پیلانەکانـی دوژمـن بـۆ لەنێوبرنـی کـورد و ویسـتی کوردبـوون، ئێسـتا بـە ملیـۆن کـورد خاوەنـی هەسـتی کوردایەتـی بـن، بـە هـەزاران مامۆسـتا خۆبەخشـانە منـداڵان فێـری زمانـی کـوردی بکـەن، بـە هـەزاران زانـا و لێهاتـووی کـورد لـە چوارچێـوەی زانسـتی و ئاکادمـی بـاس لـە سیاسـەتە داگیرکارییەکانـی ڕێژیمـە ناوەندییـەکان بکـەن و بـە هـەزاران لاوی وڵات پێشـمەرگە بـن و ئامـادەی ڕاسـانەوە دژی دوژمـن و فیـداکاری لـە پێنـاوی کوردایەتـی بـە ئەرکـی خۆیـان بزانـن. بـەو مەرجـەی ئەگـەر ئێمـەی سیاسـەتوانیش بـە ئەرکـی خۆمـان هەڵسـتین، ئەوانـە نـەک لـە یۆتۆپیـادا نیـن بەڵکـوو لـە ئاسـۆی نزیکیشـدا جێیـان گرتـووە کـە گەیشـتن پێیـان مسـۆگەرە.

# لیستی سەرچاوەکان


_ ایدوئولوژیهـای مـدرن سیاسـی، انـدرو وینسـنت، ترجمـه مرتضـی ثاقبفـر، تهـران ققنـوس، ٨٧٣١

_ عینیـت ایدئولـوژی، اسـلاوی ژیـژک ، مترجـم علـی بهـروزی تهـران طـرح نـو، ٩٨٣١

_ بازخوانـی ڕابطـه حقـوق ق ایدئولـوژی در پرتـو مطالعـات میـان رشـتەای، فصلنامـه مطالعـات میـان رشـتەای در علـوم انسـانی، فائـزه دانشـور، دوره هشـتم، شـماره ٤، پاییـز ٥٩٣١

_ سیاسـت، انـدرو هیـود، ترجمـه عبدالرحمـن عـالم، تهـران نـشر نـی چـاپ دوم ٩٨٣١

_ ایدئولوژیهـای المانـی، کارێـل مارکـس و فردریـک انگلـس، ترجمـه زوبیـن قهرمـان

_ ایدئدولوژیهـای سیاسـی و ارمـان دمکراتیـک، ترنـس بـال - ریچـارد دگـر، مترجـم احمـد صبـوری، کتابخانـه تخصصـی وزارت امـور خارجـه تهران-زمسـتان ٦٨٣١

_ جهانبینـی و ایدئولـوژی، عـلی شریعتـی، مجموعـه آثـار ٢٣ ،چـاپ آذر،١٦٣١

_ ایدئولـوژی چیسـت؟ نقـدی بـر ایدئولوژیهـای غربـی، ژان بشـلر ، مترجـم علـی اسـدی، شرکـت سـهامی انتشـار، بهـار ٠٧٣١

_ فربـه تـر از ایدئولـوژی، عبدالکریـم سروش ٢٧٣١، مجلـه کیـان، شـامره ٤١

_ ازادی و سـازمان، بێرتراند ڕاسـڵ ، ترجمـه علـی رامیـن چـاپ اول ٧٥٣١
_ ارمانشـهر (یوتوپیـا)، تامـس مـور ، ترجمـه داریـوش اشـوری نـادر افشـاری، تهـران خوارزمـی ٣٧٣١
_ وضـع طبقـه کارگـر در انگلسـتان- بـر اسـاس مشـاهدات شخشـی و منابـع معتـبر، فردریـک انگلـس ، مترجـم نویـد قیـداری
_ مقدمـــه‌ای بـــر ایدئولوژی‌هـــای سیاســـی، وینســـنت گیگـــن، ترجمـــه‌ی محمـــد قائـــد، چـــاپ اول ٥٧٣١
_ ارمانهــا و ایدئولوژیهــا، ویراســتاران ترنــس بــال، ریچــارد دگــر ، مترجــم احمــد صبــوری کاشــانی، تهــران ٠٩٣١
_ مانیفســت حــزب کمونیســت، کارێــل مارکــس فردریــش انگلــس ، مترجــم محمــد پورهرمــزان، ٥٨٣١
_ چــه بایــد کــرد؟ لێنیــن منتخــب اثــار لێنیــن، بازنویســس یاشــار اذری، نــشر سوسیالیســتی کارگــر ٤٨٣١
_ راه ســوم بازســازی سوســیال دموکراســی، انتونــی گیدنــز ، مــترم موچهــر شــبوری کاشــانی
_ قــدرت ازادی نیــروی راســتین لیبراڵیــزم، پــل اســتار، ترجمــه فریــدون مجلســی، تهــران ٨٧٣١
_ مقدمـه‌ای بـر ایدئولوژی‌هـای سیاسـی، رابـرت اکلشـال، ترجمـه‌ی محمـد قائـد، چـاپ اول ٥٧٣١
_ تاریــخ اندیشــه‌های سیاســی در قــرن بیســتم (٢) لیبراڵیــزم و محافظــه‌کاری، حســین بشــیریه، نــشر نــی ٦٧٣١-٨٧٣١

_ درامـدی بـر لیبرالّیـزم بررسـی و نقـد مبانـی، علـی الهـی تبـار ، تهـران ١٩٣١
_ مکتبهـای سیاسـی و فرهنـگ مختـصر عقایـد و مـرام هـای سیاسـی،پازارگاد د. بهاءالدیـن، انتشـارات اقبـال
_ عقل سلیم، تامس پیم، ترجمه رامین مستقیم، تهان ١٨٣١
_ ناسیونالیسـم، کریـگ ج کالهـون، مترجـم محمـد رفیعـی مهرابـادی، تهـران ٢٩٣١
_ مقدمـەای بـر ایدئولوژیهـای سیاسـی، ریچـارد جـی ، ترجمـەی محمـد قائـد، چـاپ اول ٥٧٣١
_ بیـری نەتەوەیـی کـوردی، نـە بیـری قەومیەتـی ڕۆژهـەڵات و نـە بیـری ناسـیۆنالیزمی ڕۆژاوای یـە، جەمـاڵ نەبـەز، چاپـی دووەم ٢٠٠٢ لەنـدەن
_ قـازی محەمـەد پێشـەوای کـورد و سـەرۆککۆماری کوردسـتان، حامیـد گەوهـەری، هەولێـر ٧١٠٢
_ ناسـیۆنالیزم فارسـی - شـیعی: از حلقـە برلیـن تـا مطالعـات پـارس، د.احمـد محمدپـور ، گۆڤـاری تیشـک، ژمـارە ٩٥-٠٦ سـاڵی بیسـت و سـێهەم.
_ ناسـنامە و کێشـەی ناسـیۆناڵی کـورد، جەمـال نەبـەز، چاپـی دووەم، هەولێـر ٧٠٠٢
_ شـکلگیری هویـت ملـی کـوردی در ایـران، عبـاس ولـی ، ترجمـەی سـحر باقـری جمیـل رحمانـی، شـهریور ٩٩٣١
_ کـورد وەک قوربانـی سـێ ئیدیۆلـۆژی، ئەییـوب کەریمـی،

وتارنامــە، مانگنامــەی کۆمەڵایەتــی، کولتــوری ســاڵی یەکـەم ژمـارەی ١ پووشـــپەڕی ٧٨٣١ی هەتـــاوی



نابێت ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ئاستی وڵاتەکانی دیکەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بە هێند وەرنەگرین، چونکە دەبینین تەنانەت بە نەمانی سیستەمی دیکتاتۆری و پەرەسەندی دێمۆکراسی، بەڵام لە ئاستی دۆخی کورد و کوردستان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کە مەترسی سەرکوتی نەتەوەی کوردی نەهێشتبێ بەدی نەهاتووە، بەڵکوو لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان بلوێ هێرشی یاسای ئابووری تەنانەت لەشکریش بۆ سەر کوردستان سڵ ناکەنەوە، ئەو بەڵگەیەکی بەهێزە کە پرسی کورد زیادتر لە پرسی دێموکراسی پرسی نەتەوەییە